
CIHAN UNIVERSITY / SULAIMANIYA
زانكۆی جیهان ● جامعة جيهان
کۆڕی زمانەوانیی کوردی
Kurdish Linguistics Organization

وەرزنامەی

# زمانەوانی

ژمارە ( ٧ ) ساڵی دووەم، زستانی ٢٠٢٥




- وەرگێڕان وەکو ئامرازی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.
- مێزگردی تایبەت بە (زمان و وەرگێڕان)، بەبەشداری بەڕێزان:
  موحسین ئەحمەد عومەر، ئاوات ئەحمەد سوڵتان، هێما ئەحمەد هەمزە.
- ڕێکخستنەوەی وەرگێڕان وەک پیشە لە هەرێمی کوردستان.
- بەشداری وەرگێڕان لە بەهێزکردنی زمانی کوردیدا.
- ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد لە داڕشتنی ئایندەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان.

وەرزنامەی

# زمانەوانی

ژمارە -٧-
زستانی
٢٠٢٥

گۆڤارێكی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی كوردی ـ زانكۆی جیهان دەریدەكات



خاوەنی ئیمتیاز:
د. نەوزاد یحیی باجگر
سەرپەرشتی زانستی:
پ. د. وریا عومەر ئەمین

سەرنووسەر:
د.مؤمن یاسین محمدامین

بەڕێوەبەری نووسین:
عەزیز ڕەؤوف عەبدولعەزیز

بۆردی ڕاوێژكاران:

پ. د. هۆشەنگ فاروق جواد — پ. د. ئومێد بەرزان برزۆ
پ.ی.د. سەعید محەمەد عەبدوڵا — پ.ی. بێستون عارف عەزیز

كارگێڕی و پەیوەندییەكان: هاوار نەسرەدین
دیزاین: شاهۆ عبدالرحمن



Web Site: www.sulicihan.edu.krd
Facebook: Cihan university-Sulaimaniya
Instagram: cihan_university_sulaimanyia
Email: Ling.mag@sulicihan.edu.krd
Mobile: +964 770121 0789 - +964 750121 0789

ناونیشان: زانكۆی جیهان – سلێمانی، **46001**، پشت شوققەكانی صائب سیتی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان

# گۆڤاری زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی، رۆشنبیری و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە، هەوڵدانە بۆ داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە پرسی زماننامی و سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەمانەوێت هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بین، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە بیانییەکان لە پەروەردە و میدیا لە کۆمەڵگەی کوردییدا. گۆڤاری زمانەوانی ئامانجییەتی کۆمەڵگە لە ئەرکی تاک و کۆمەڵ بەرامبەر بە پارێزگاری لە زمانی کوردی هۆشیار بکاتەوە، هاوکات جەخت لەوە دەکەینەوە کە خوێندن بە زمانی دایک/زگماک و وەک شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە و کاردەکەین بۆ چەسپاندنی ئەم بنەما نێودەوڵەتییە.

گۆڤاری زمانەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە کۆمەڵگە بە پێکهاتەی زمانی کوردی، شێوەزار و زار و بن-زارەکانی زمانی کوردی ئاشنا بکات و ڕای پسپۆڕان و زماننامان سەبارەت بە پرسی زمان لە هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە و هەوڵی فراوانکردنی گەنجینەی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان بدات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت زۆرترین وشەی کوردی بخرێتەوە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و میدیا و ڕەوتی رۆشنبیرییەوە. گۆڤاری زمانەوانی وەک وەرزنامەیەکی ئەکادیمی و زمانەوانیی، گێڕانەوەی شکۆمەندی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە ئەرکی بنەڕەتی خۆی و هەوڵی فراوانتر دەدات بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی زمان؛ مافی زمانەوانی، ئەلفبێی کوردی، زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی و نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

گۆڤارەکە دەبێتە سەکۆی بابەت و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان و هەوڵی دروستکرنی هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە زمانەوانییە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەدات سەبارەت بە سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

# پێڕست

## سەروتار


٥ **وەرگێڕان وەکو ئامرازی گۆڕانی کۆمەڵایەتی**......................................پ.د.ئومێد رفیق فتاح


## مێزگرد


٩ **زمانی کوردی بە وەرگێڕان دەوڵەمەند دەبێت و خۆی نوێدەکاتەوە**.........................موحسین ئەحمەد عومەر

١٥ **وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی دەتوانێت ئاستی زمان بەرزبکاتەوە** ............................... هێما ئەحمەد هەمزە

٢١ **وەرگێڕان دەتوانێت زەمینەی یەکخستنی وشە و زاراوە کوردییەکان خۆش بکات**........ئاوات ئەحمەد سوڵتان


## وتار


٣٧ **بواری وەرگێڕان** ......................................................................................پ. د. وریا عومەر ئەمین

٤١ **پێشەکییەك لە بارەی مێژوو و گەشەسەندن و جۆرەکانی وەرگێڕانەوە** .................لاڤین یوسف حەمەڕەئوف

٥١ **ڕەوشی وەرگێڕان لە لای ئێمە**......................................................................شەفیقی حاجی خدر

٥٧ **ڕێکخستنەوەی وەرگێڕان وەکو پیشە لە هەرێمی کوردستاندا**............................................. د.سیروان عەلی

٥٩ **وەرگێڕان و تەنگژەی گڵۆباڵ – لۆکاڵ** ..........................................................وەلید عومەر

٦٥ **بەشداریی وەرگێڕان لە بەهێزکردنی زمانی کوردییدا**........................................................ هیمالایا کامەران

٧٣ **ئاستەنگ و دەرفەتەکان لە وەرگێڕانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بۆ زمانە جیهانییەکان** .....سیما ڕەمزی عەبدولقادر


## توێژینەوە


٧٩ **کێشە و بەرەنگارییەکانی وەرگێڕانی (ئیدیۆم)** ................................................... پ.د. ئازاد حەمەشەریف

٩١ **ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد لە داڕشتنی ئایندەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا**.. وەفا ئیدریس عومەر

٩٧ **وەرگێڕان وەك دەستڕاگەیشتن بە واتا** ................................................................... هاوار نەسرەدین


## گەوهەری زمانەوانی


١٠٧ **شاکر فەتاح** ...........................................................................................ئا. گۆڤاری زمانەوانی


## فەرهەنگی زمانەوانی


١١١ **مافی زمانیی**............................................................................................م.ی.عەزیز ڕەووف

## سەروتار

# وەرگێڕان وەکو ئامرازی گۆڕانی کۆمەڵایەتی



پ.د. ئومێد رفیق فتاح
سەرۆکی زانکۆی جیهان-سلێمانی

وەرگێڕان تەنها پرۆسەی گواستنەوەی تێکست نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ڕەهەندێک و بوارێک لەخۆدەگرێت. وەرگێڕان لە بنەڕەتدا دەکرێت وەکو شۆڕشێک پێناسەبکرێت، کە لە ڕێگەیەوە گۆڕانکاریی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی و ئابووری دروستدەکات. لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبییەکان لە کولتوورێکەوە ڕۆدەچێتەناو کولتوورێکی نوێ، لە ڕێگەی ڕۆمانێک کە وەردەگێڕێتەسەر زمانێکی میللەتێک تا ڕێگەی لە سەر چیرۆک و ڕێبازی ئەدەبی و بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەک دروستدەبێت. لە ڕێگەی وەرگێڕانی شاکارێکی فەلسەفییەوە ڕێبازە فەلسەفییەکان دەناسرێن و ڕەخنەی فەلسەفی سەرهەڵدەدات، پرسیاری کۆمەڵگەکان بە تەواوی ئاڕاستەکانیان دەگۆڕێن.

بۆئەوەی بە ئاسانی لە سەر گرنگیی وەرگێڕان قسەبکەین لە جیهانی ئیسلامیدا سەردەمی عەباسی، سەردەمی کرانەوە بوو بە ڕووی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەدەبیاتی فەلسەفەی یۆنانی، بۆیە ئەگەر بڕوانینە ئەو سەردەمە زۆرترین گفتۆگۆی فەلسەفی و ڕەوتی فیکریی جیاواز لە فیکری ئیسلامیدا دروستدەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانیدا. مێژووی ئەدەبیاتی کوردی ئەگەر دابەشبکرێت بە سەر زەمەنی مێژووییدا، لە هەر سەردەمێکدا لە ژێر کاریگەریی گەورەی ئەدەبیاتی جیهانیدا گەشەیکردووە، چونکە گەشەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا ڕوویداوە. لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ئەدەبیاتی کوردی لە سەردەمێکدا لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و ڕێبازە ئەدەبییە ڕەخنەییەکاندا توانیویەتی گەشەبکات.

وەرگێڕان تەنها لە فۆڕمی نوسراودا کاریگەری نییە، بەڵکو ئەدەبیاتی بینراو و بیستراو زیاتر کاریگەری لە سەر ڕەوتی کۆمەڵگە و گەشەی کۆمەڵایەتی دادەنێت، سەردەمانێک کۆمەڵگەی کوردی لە ژێر کاریگەریی زنجیرە دراماکانی ئەمریکای لاتینی، ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە بە تەواوی لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینی بوو، تەنانەت بەشێک لە خێزانەکان ناوی منداڵەکانیان وەکو ناوی کارەکتەری ناو دراماکان دەنا. لە سەردەمی ئێستادا درامای کۆری و تورکی بە تەواوی شاشەکانی داگیرکردووە و تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان لە سەر لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە، بۆیە وەرگێڕان فەرمانەکەی تەنها گواستنەوەی تێکست نییە، بەڵکو تێگەیشتنی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت.

دۆسیەی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری زمانەوانی جارێکی تر گۆشەیەکی تری بەسەرکردووەتەوە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانێت لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی وەرگێڕان بخاتەڕوو. وەرگێڕان جگە لەوەی دەتوانێت ڕۆڵە گشتگیرەکەی بگێڕێت، دەتوانێت لە ڕێگەی پشکنینی وشە و تەنانەت داتاشینەوە، سەرچاوەیەکی گرنگ بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی. لە ئێستادا لە کوردستان جگە لەوەی خانەی وەرگێڕان و هەوڵە کەسییەکان زۆرن، بەڵام هێشتا پێویستی بە پشتگیرییە، بۆیە لە ڕێگەی ئەم سەروتارەوە ڕایدەگەیەنین، لە زانکۆی جیهان-سلێمانی، کار بۆ ئەوە دەکەین، ساڵانە لە بۆنەیەکدا باشترین وەرگێڕی کورد لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە خەڵات بکەین و ڕێز لە قەڵەمەکەی بگرین.

# مێزگرد

موحسین ئەحمەد عومەر:

# زمانی کوردی بە وەرگێڕان دەوڵەمەند دەبێت و خۆی نوێدەکاتەوە



* پسپۆڕی ئەدەبی گشتیی و بەراوردکاری، بەشی کوردی و بەشی فرانسی، کۆلیژی زمان، زاکۆی سەڵاحەدین
* بەکالۆریۆس لە بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردە، لە زانکۆی بەغدا خوێندووە.
* دیپلۆمی (DEA) (ماستەر) لە بەشی ئەدەبی گشتی و بەراوردکاری زانکۆی سۆربۆن بە دەست دەهێنێ. نامەی ماستەرەکەی بریتییە لە (وێنەی کورد لای گەریدە فرانسییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم).
* پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی گشتی و بەراوردکاری، لە بەشی ئەدەبی گشتی و بەراوردکاری زانکۆی سۆربۆن (سۆربۆنی نوێ پاریسی سێ) بەدەست دەهێنێ. تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (گەریدە فرانسییەکان لە کوردستان لە سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە)یە.

**سەبارەت بە پرسی پەرەسەندنی پرۆسەی وەرگێڕان لە کوردستان و داخۆ چۆن کاریگەریی لەسەر بەهێز_هێشتنەوەی زمانی کوردیی هەبووە، بە تایبەتیی لە ڕووی پەروەردە و ڕاگەیاندن و فەرمیبوونی زمانەوە؟ موحسین ئەحمەد عومەر پێی وایە** بێگومان وەرگێڕان لە زمانەکانی دی بۆ کوردی، سەرچاوەیەکە بۆ دەوڵەمەندی و دەوڵەمەندبوون و پێشکەوتن و گۆڕان لە زمانی وەرگر. لەبەرئەوەی وەرگێڕان یەکەمین هۆکار یان یەکەمین و کۆنترین ڕێگەی پەیوەندی نێوان فەرهەنگەکان و ئەدەبەکان و شارستانییەکانە. وەرگێڕان لە زۆر زووەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی، ئەو لایەنە بووە بەشداری لە بنیاتنانی فەرهەنگەکان و دەوڵەمەندکردنیان هەبووە.

سەبارەت تا چەند وەرگێڕان ڕۆڵی هەبووە لە بەهێزکردن و بەهێزهێشتنەوەی زمانی کوردی، من پێموایە زمانی کوردی بە وەرگێڕان دەوڵەمەند دەبێ و خۆی نوێ دەکاتەوە و زیاتر بەرەو ئایندە دەچێ و دەتوانێ زیاتریش پێداویستی مرۆڤی کوردی

دابین بکا، هەروەها ڕێگەیەکیشە بۆ ناسینی ئەویتر، ئەویتری فەرهەنگی جیاواز لە کورد، ئەویتری شارستانی و کەسایەتی و بیری جیاواز لە هی کورد. ئەم هەنگاوانەش لە ناو کورد، ئەوەندە زۆر نیە دەستی پێکردووە، وەرگێڕان لە ناو فەرهەنگی کوردی، ئەوپەڕەکەی مێژووەکەی سەد بۆ سەد و پەنجا ساڵێکە، ئەم ماوەیەش سەرەتا و گەشەسەندن و بووژانەوەشی تێدایە. بەڵام وەرگێڕان لەناو کورد تەنیا لە سەردەمی بووژانەوە کاریگەرییەکەی بەربڵاوبووە، واتە لەم پەنجا ساڵەی دوایی بە هۆی زۆربوونی وەرگێڕان، ئەم نوێبوونەوەیە هەستی پێکراوە. بێگومان وەرگێڕان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەروەردە و بە فەرمیبوونی یان بە فەرمیکردنی زمان، بە تایبەتی لەسەر یەکەمییان، چۆن، خوێنەری ئێمە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دنیا جیاوازەکان لەخۆی دەناسێ، بیری جیاواز و شێوازی جیاواز و هەتا ژیانی جیاوازیش دەناسێ. وەرگێڕان واتە هێنانی جیهانێکی جیاواز بۆ ناو فەرهەنگی خۆت، بێگومان، لەم پەیوەندییە تێکەڵاوی و موتوربە و خۆناسینی زۆرتر لەناو زمانی وەرگرەوە دروست دەبێ. بەڵام سەبارەت بە فەرمیبوونی زمان بە کاریگەری وەرگێڕان، پێموایە هێشتا ئەم قورساییە، بێگومان هەیە، بەڵام هێشتا زۆر هەستی پێناکرێ.

**هەروەها لەمەڕ ئاستەنگ و دەرفەتەکان لە وەرگێڕانی شێوەزارەکانی زمانی کوردیی بۆ زمانە جیهانییەکانی وەک ئینگلیزیی، عەرەبیی، تورکیی و فارسیی چین؟ هەروەها ئەم پرۆسەیە چۆن کاریگەریی لەسەر پاراستنی زمانی کوردیی هەیە؟** **موحسین ئەحمەد عومەر** ئاماژەی بەوەدا کە بێگومان ئاستەنگ و دەرفەتەکان زۆرن، ئەمەش بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە زمانی کوردی و هەڵکەوتی زمانی کوردییەوە هەیە لە کوردستان و لەناو جیهان. هەڵکەوتی زمانی کوردی وەک هیچ زمانێک نیە لە دنیا، بە تایبەتی لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگی و ژیانی کۆمەڵایەتی. هێشتا کورد زمانێکی یەکگرتووی کوردی نیە هەموو لەسەری کۆک بن و وەک زمانی یەکگرتووی خۆیان بە کاری بهێنن، هەڵبەت لە پاڵ بەکارهێنانی زارەکان خۆیان، چۆن لە ڕوانگەی منەوە، ئەگەر کورد لەسەر یەک زمان ڕێککەون ئەمە مانای ئەوە نادا زارەکانی دی دەبێ پشتگوێ بخرێ، نەخێر ئەوانیش هەر زمانی کوردین، ئەوانیش پێویستییان بە پشتگیری و خزمەتە. هەر ئەم هەڵکەوتەش وایکردووە، بۆ نموونە یەک دوو زار لە ڕووی وەرگێڕانەوە خزمەتی کراوە، هەندێکی دی بە پێچەوانەوە، ئەو فرسەتەی بۆ نەلواوە، وەک بۆ نموونە هەورامی، زارەکانی خوارووی کوردستان وەک لەک و کەڵهوڕ و گۆران و هی دی.

بەڵام بە گشتی وەرگێڕانی پێچەوانە، لە زارەکانی کوردی بۆ زمانە بێگانەکان، لەناو کورد زۆر سستە، هۆکاری ئەمەش کۆمەڵێک هۆیە، وەک ئەو کێشە و هەڵکەوتە

سیاسییەی کورد خۆی تێیدا دەژین، کە تواناکان و هەوڵەکانی سنووردار کردوون، بێگومان هەندێ وەرگێڕان هەیە لە زارەکانی کوردی ناوەند و کوردی باکوور، بەڵام دیسان بەو ئاست و ڕێژەیە نیە. ئەم بوارە پێویستی بە پشتگیری حکومەت هەیە، دەبێ ببێتە پرۆژەی حکومەت، وەک چۆن لەناو میللەتانی دنیا، بە تایبەتی لە جیهانی ئازاد، وەک بۆ نموونە لە فرەنسا و ئەڵمانیا، ژاپۆن، ڕووسیا و ئەمریکا و زۆر شوێنی دی، دەوڵەت خۆی لە پشت پرۆسەی وەرگێڕانی پێچەوانەیە، واتە لە وڵاتان خۆیان لە چوارچێوەی پەیوەندی دیپلۆماسی و فەرهەنگی لەگەڵ دنیا، فەرهەنگ و ئەدەب و سەرچاوەکانی بیر و زانستی خۆیان دەناسێنن، وەریدەگێڕن بۆ زمانە بیگانەکان، لەناو کورد، لەوانەیە لەسەر ئاستێکی زۆر سادە ئەمە هەبێ. بەڵام نەمزانیوە بووبێتە پڕۆژەیەکی بە پلان و نەخشە.

**”وەرگێڕان لە زمانەکانی تر بۆ کوردی، سەرچاوەیەکە بۆ دەوڵەمەندیی و دەوڵەمەندبوون و پێشکەوتن و گۆڕان لە زمانی وەرگر“**

**لەمەڕپرسیاری داخۆ هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت سیاسەتی زمانیی دابڕێژێت، کە پاڵپشتیی پڕۆسەی وەرگێڕان بکات، بە تایبەتیی بۆ پاراستنی شێوەزارەکان و بەهێزکردنی دۆخی فرەزمانیی؟ موحسین ئەحمەد عومەر** تیشکی خستەسەر ئەو ڕاستییەی لەناو کورد بایەخدان بە وەرگێڕان و گرنگیدان بە زمان، نابێ هەر تەنیا لە سەر ئاستی کەسیی و توێژی ڕۆشنبیران و وەرگێڕان و ئەدیبان بێ، بەڵکو دەبێ، ئەم بوارە ببێتە پڕۆژەی حکومەت، دەبێ دامەزراوە فەرمییە کوردییەکان بایەخ بەم بابەتە بدەن. بۆ نموونە هەر هیچ نەبێ وەرگێڕان و لە نێوان زارە کوردییەکان خۆیان بە شێوەیەکی بەردەوام هەبێ، بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەکانی تر، هەموو پشگیری لەم بوارە بکەن و سەرمایەیەکی تایبەتی بۆ ئەم بابەتانە دیاری بکەن، نەک وەک ئێستە هەوڵەکان لە ئاستی تاکەکەسیی و چەند کەسێکەوە قەتیس بی و درێژە بە خۆیان بدەن. بۆ نموونە، لە بیستەکان و سییەکان، کەسایەتییەکی مەزنی وەک پیرەمێردی شاعیر ئەدەبی هەورامی بۆ کوردی ناوەند وەرگێڕاوە، پاشان نووسەران و شاعیرانی پێشەنگی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم ئەم کارەیان زۆر کردووە، ئێستەش ئەم پڕۆژەیە لەناو کورد بە بەردەوامی هەیە، بەڵام نەبۆتە پرۆژەی حکومەت و دامەزراوەکانی.

**لەمەڕ پرسی چۆنیەتی ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد لە داڕشتنی ئایندەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها چ کاریگەرییەکی لەسەر بەهێزکردنی زمان و ئاڵوگۆڕی کولتووریی دەبێت؟ موحسین ئەحمەد عومەر دەڵێت** من زیرەکی دەستکرد وەک پرۆژەیەکی ڕوو لە ئایندە بۆ زمانی کوردی زۆر بە پێویست دەزانم، نەک هەر تەنیا بۆ زیرەکی دەستکرد (ژیری دەستکرد) بەڵکو تەکنۆلۆژیای نوێ یارمەتیدەرێکی زۆر گرنگە بۆ ئایندەی زمانی کوردی، ئەم تەکنۆلۆژیا نوێیە دەتوانێ لە بواری وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی، وەرگێڕانی دەنگیی بە کوردی بۆ زمانەکانی دی و بە پێچەوانەشەوە، هەڵەچنی، دروستکردنی بانکی زمانەوانی، وەک چۆن ئێستا لە زمانە پێشکەوتوەکانی وەک فرەنسی و ئینگلیزی و ئەلمانی و ژاپۆنی و هی دی هەیە، دەبێ لە زمانی کوردیش هەبێ، ئەم بوارەش هەر تەنیا نابێ لە ئاستی کەسەکان بێ، بەڵکو دەبێ زیاتر دامەزراوە گرنگەکانی کوردی وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری، پەروەردە، تەندروستی، دامەزراوەکانی دی، بایەخ بەم بوارە بدەن. بێگومان ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیا زۆر یارمەتیدەرە لە وەرگێڕان، بەڵام ئەم وەرگێڕانە تەنیا وەک تەکنیکە و لەوانەیە بۆ بواری تایبەتی سوودی سەرەتایی هەبێ و پێویستیش بێ، بەڵام لە بواری ئەدەب و داهێنان لە وەرگێڕانی ئەدەبی، لەوانەیە زۆر سوودی نەبێ، چۆن وەرگێڕانی ئەدەبی هەمووی لەسەر بنچینە و زەمینەی جوانیناسی و شێوازی ئەدەبی زمان خۆیەتی، واتە هەموو جیهانی ئەدەب پشت بە زمان و شێوازی هونەری دەبەستێ، ڕەنگ زیرەکی دەستکرد، یان وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی بۆ ئەم بوارە سوودی نەبێ، چونکە ئەمە پەیوەندی بە هونەر و داڕشتن و بیرەوە هەیە نەک تەکنیکێکی ڕاستەوخۆ، **بۆیە ئەم بوارە دەشێ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دی زۆر پێویست بێ.**

> **”وەرگێڕان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەروەردە و بەفەرمییبوونی یان بەفەرمییکردنی زمان“**

**هاوکات سەبارەت بەوەی داخۆ پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا چۆن دەکرێت ببێتە هۆی بەهێزکردنی ناسنامەی فەرهەنگیی و کولتووریی کوردستان؟ موحسین ئەحمەد عومەروتی** هەروەکو لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو باسی ئەم دیاردەیەم کرد، بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی فەرهەنگی کورد و کوردستان، ئێمە پێویستیمان بەوەیە وەرگێڕان هەر تەنیا لە سەر ئاستی توێژی وەرگێڕ و ئەدیبان و

نووسەران نەمێنێتەوە، بەڵکو دەبێ حکومەت و دامەزراوە حکومییەکان لەم بارەیەوە پڕۆژە و نەخشەیان هەبی، دەبێ وەرگێڕانی پێچەوانە لە کوردی بۆ زمانانی بێگانە ببێتە پرۆژەیەکی درێژخایەن و بە بەردەوامی ئەم بوارە بە پێی توانای ئابووری وڵات بایەخی پێ بدرێ، وەک چۆن بۆ نموونە لە فەرەنسا هەیە، خەڵکی فەرەنسی، یان دەتوانین بڵێین لە فەرەنسا دوو بواری وەرگێڕان هەیە، یەکێکیان ئەو بوارەیە کە خەڵک بۆ خۆی ئەدەبیاتی دنیا بۆ زمانەکەیان وەردەگێڕن، پێداویستی بازاڕ و بەرهەمهێنانی فەرهەنگی ناوەوە دابین دەکەن، ئەمەیان دەسەڵاتی حکومەتی تێدا نیە، بەڵکو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و دامەزراوە فەرهەنگییە سەربەخۆیەکان ئەم کارە دەکەن، بەڵام حکومەتی فەرەنسی لە ڕێگای دەزگایەکی تر کە سەر بە وەزارەتی دەرەوەیە، لە ڕیگەی وەرگێڕە بیانییەکان خۆیان، بە پشتگیری دارایی ئەدەبی فەرەنسی بۆ زمانە بیگانەکان وەردەگێڕدرێ، ئەم بوارەش، زۆر بە 'هێزە و ساڵانە لەوانەیە ملیۆنان دۆلار لم بوارەوە خەرج بکرێ. لەوانەیە حکومەتی کوردی وەک حکومەتی فەرەنسی ئەو توانایەی نەبێ، بەڵام دەکرێ حکومەتی کوردستان و دامەزراوەکانی بە پێی توانای خۆیان پرۆژەی لەم جۆرەیان هەبی، ئەمەش ڕێگەیەکی خۆناساندنی فەرهەنگییە لە نێو کۆمەڵێک ڕێگەی دی.

---

<u>تێبینی:</u>

بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنوسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە، نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە.

گۆڤاری زمانەوانیی

## هێما ئەحمەد هەمزە:

# وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی دەتوانێت ئاستی زمان بەرزبکاتەوە




* ماموٚستای یاریدەدەر لە بەشی ئینگلیزی-کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی ڕاپەڕین.
* بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزیی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی کۆیە.
* خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی کوردستان-هەولیر لە بواری ڕۆمانی مۆدیرن.
* کاندیدی دکتۆرا لە بواری رەخنەی ئەدەبییدا لە زانکۆی سەڵاحەدین لە کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی ئینگلیزیی
* خاوەنی چوار کتیبی وەڕگێردراو بۆ زمانی کوردیی و چەندین توێژینەوەیشی نووسیوە.


هێما ئەحمەد هەمزە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی ڕاپەڕین بەشی ئینگلیزیی پێی وایە پەرەسەندنی پرۆسەی وەرگێڕان لە کوردستان کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر بەهێزکردنەوەی زمانی کوردیی هەبووە، بە تایبەتی لە ڕووی پەروەردە، ڕاگەیاندن، فێربوونی زمانەوانیی و دووبارە ناساندنەوەی وشەی کوردییەکان بە خوێنەرانەوە، وەرگێڕانی کتێب و توێژینەوەکان بۆ زمانی کوردیی بووە بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ دابینکردنی ڕێگەی زیاتر بۆ دەستخستنی زانیاریی، بە تایبەتی بۆ قوتابیان و خوێندکاران. هەروەها وەرگێڕان دەتوانێت یارمەتیی پەرەپێدانی پەروەردەی زمان بدات، بە تایبەتیی لە قوتابخانەکان و زانکۆکان، لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا، کە کۆمەڵێک وشەی جیا جیا لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە هەتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، لە ڕیگەی وەرگێڕانەوە دەکرێت خوێندکاران ئاشنابکرێن بە جێگرەوەی ئەو وشە بیانییانە بە وشەی کوردیی.

دەکرێت بڵێین وەرگێڕانی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بۆ زمانی کوردیی دەتوانێت ئاستی ڕاگەیاندن بەرزبکاتەوە و ببێتە ڕێگەیەک بۆ بەردەوامیی بەکارهێنانی زمان لە میدیاکاندا. هەرچەندە بە داخەوە بەشێک لە میدیاکان لە ڕووی وەرگێڕانەوە کەمێک لاوازن، ئەوەیش -بە ڕای من- لەبەرئەوەیە هەوڵنادەن وشەی گونجاوی کوردیی

وەک جێگرەوەیەک بۆ وشە بیانییەکان بەکاربهێنن. وەرگێڕانی بەرهەمە کولتووریی و ئەدەبییەکانی کوردیی بۆ زمانەکانی دیکە دەتوانێت کولتووری کوردیی بە جیهان بناسێنێت. ئەوەیش لە ڕێگەی میدیاوە دەکرێت، بۆیە پێشنیازم ئەوەیە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە وەرگێڕانەکە تەنها لە زمانی بیانیی بۆ زمانی کوردیی نەبێت، بەڵکو ئەو بەرنامە و دراما کوردییانەی هەیە وەربگێردرێنەسەر زمانی دیکە. وەرگێڕان دەتوانێت یارمەتیی پاراستنی شێوەزارە جیاوازەکانی کوردیی بدات، بە تایبەتیی ئەوانەی کە مەترسیی لەناوچوونیان لە سەرە. ئەوەیش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ناسنامەی فەرهەنگیی و کولتووریی کوردستان.

هەروەها سەبارەت بە پرسی ئەو ئاستەنگ و دەرەفەتانەی لە وەرگێڕانی شێوەزارەکانی زمانی کوردیی بۆ زمانە جیهانییەکانی وەک ئینگلیزیی، عەرەبیی، تورکیی، فارسیی چین و ئەم پرۆسە چۆن کاریگەریی لە سەر پاراستنی زمانی کوردیی هەیە؟ هێما ئەحمەد هەمزە ئاماژە بەوە دەدات کە لە کاتی وەرگێڕانی شێوەزارەکانی زمانی کوردیی بۆ زمانە جیهانییەکان وەک ئینگلیزیی، عەرەبیی، تورکیی و فارسیی وەرگێڕ ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبیتەوە، ئەم ئاستەنگانەیش دەکرێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر پاراستنی زمانی کوردیی هەبێت. یەکێک لەو ئاستەنگانەی وەک وەرگێڕێک ڕووبەڕوویبوومەتەوە، کەمیی سەرچاوە و پسپۆڕانی بواری وەرگێڕان بووە. کەمیی کەسانی پسپۆڕ لە بواری وەرگێڕانی زمانی کوردیی بۆ زمانەکانی دیکە و بە پێچەوانەوە بوو بە هۆی ئەوەی نەتوانم لە لایەن کەسێکی شارەزاوە ئاڕاستە و ڕێنوێنییبکرێم. ئەوەیش وایکرد کاتێکی زۆرم بڕوات و تەنها لە ڕێگەی هەڵەکانی خۆمەوە ئەزموون وەربگرم. کەمن ئەوانەی بە ئەکادیمیی لە لایەن پسپۆڕانی وەرگێڕانەوە فێردەکرێن. هۆکارێکی دیکە کەمیی سەرچاوەکانە، چ سەرچاوەی دارایی بۆ پرۆژەکان بێت، یان سەرچاوەی ئەکادیمیی بێت. جیاوازیی شێوەزارەکان لە زمانی کوردییدا و نەبوونی شێوەزارێکی جێگیر یەکێکی دیکەیە لە ئاستەگەکان. نەبوونی ڕێزمان و خاڵبەندیی یەکگرتوو یەکێکی دیکەیە لە ئاستەنگەکان. ئەو کەموکوورییانە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی بەرهەمە وەرگێردراوەکان، ئەوەیش ئاستەنگ بۆ بەرەوپێشبردنی زمانی کوردیی دروستدەکات. بە کەمبوونەوەی وەرگێڕان ئاڵوگۆری کولتووریی و فەرهەنگیی نێوان ئەو نەتەوانەیش کەمدەبێتەوە. وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی وشەکان نییە، بەڵکو گواستنەوەی مەبەست، ناوەڕۆک و کولتووره لە نێوان دوو زماندا. بە هەبوونی ئاستەنگ ئەو ئاڵوگۆڕەیش کۆتاییدێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی داخۆ هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت سیاسەتی زمانیی دابڕێژێت، کە پاڵپشتیی پرۆسەی وەرگێڕان بکات، بە تایبەتیی بۆ پاراستنی شێوەزارەکان و بەهێزکردنی دۆخی فرەزمانیی؟ هێما ئەحمەد هەمزە، باسی لەوە کرد هەرێمی کوردستان دەتوانێت سیاسەتی زمانێکی کاریگەر دابڕێژێت، کە پاڵپشتیی لە پرۆسەی وەرگێڕان و بەهێزکردنی دۆخی فرەزمانیی و پاراستنی شێوەزارەکان بکات.

**„وەرگێڕانی کتێب و توێژینەوەکان بۆ زمانی کوردی بووە بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ دابینکردنی ڕێگەی زیاتر بۆ دەستخستنی زانیاری“**

ئەمەیش دەتوانێت بە چەند ڕێگایەک ئەنجامبدرێت. یەکێک لە ڕێگاکان بریتییە لە دامەزراندنی دامودەستگای تایبەت بە وەرگێڕان و ڕێکخستنەوەی یاساکانی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان. نەوەک وەکو ئێستای کوردستان کە پێناچێت یاسایەکی یەکگرتوو هەبێت بۆ دەستگاکانی وەرگێڕان بە تایبەتیش بۆ وەرگێڕانی کتێب، هەواڵی میدیاکان و بەرهەمە کولتوورییەکان بۆ زمانەکانی دیکە و بە پێچەوانەوە. دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکانی وەرگێڕان، بە تایبەتیی بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە کولتووریی و ئەدەبییەکانی کوردیی بۆ زمانەکانی دیکە و بە پێچەوانەوە دەکرێت یەکیک بێت لە هۆکارەکان. سەرچاوەی داراییی وەرگێڕان و دەستگاکان دەستکراوە دەکات لەوەی بەرهەمی کوالێتیی باش بەرهەمبهێنن. زیادکردنی وانەی زمان و شێوەزارە جیاوازەکان لە قوتابخانەکان و زانکۆکان، بە تایبەتیی شێوەزارە ناوخۆیییەکان وەک سۆرانیی، کورمانجیی، زازاکیی. هەروەها زمانەکانی دیکەی وەک عەرەبیی، تورکیی و ئینگلیزیی. ئەوە خوێندکاران و وەرگێڕانی داهاتوو لە تەمەنێکی زووەوە ئاشنادەکات بەو فرەجۆرییەی لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیی و زمانەکانی دیکەدا هەیە. دابینکردنی کۆرسی تایبەت بۆ ڕاهێنانی وەرگێڕان بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەم بوارەدا کاربکەن دوبارە یارمەتیی داڕشتنی سیستمێکی یەکگرتووی زمانی کوردیی بدات. دەتوانرێت پرۆژەیەک دابمەزرێت بۆ دیکۆمێنتکردن و پاراستنی شێوەزارە جیاوازەکانی کوردیی، بە تایبەتیی ئەوانەی کە مەترسیی لەناوچوونیان لە سەرە، ئەوەیش لە ڕێگەی ئەو کۆرسانەوە دەکرێت، کە بۆ وەرگێڕان دابیندەکرێت. بەکارهێنانی شێوەزارە جیاوازەکان لە میدیادا هاوکاردەبێت لەو بەرەوپێشچوونە و ئاسانکارییدەکات لە ئاڵوگۆڕی زانیاریی لە نێوان

شێوەزارەکان و بەیەکبەستنەوەی کوردستانی گەورە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە دارشتنی سیاسەتێکی کاریگەری زمان و پشتگیرییکردنی پرۆسەی وەرگێڕان، بە شێوەیەکی گەورە شێوەزارەکان و دەپارێزێت و فرەزمانیی بەرەوپێشدەبات.

سەبارەت بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد لە دارشتنی ئایندەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا، داخۆ چ کاریگەرییەکی لە سەر بەهێزکردنی زمان و ئاڵوگۆڕی کولتووریی دەبێت؟ هێما ئەحمەد هەمزە تیشکی خستەسەر ئەوەی کە تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد (AI) دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە پەرەپێدانی پیشەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا بگێڕن، بە تایبەتیی لە بەهێزکردنی زمان و ئاڵوگۆڕی کولتووریی. ئامرازەکانی وەرگێڕان پێویستی بە پەرەپێدان هەیە. ئەو پەرەپێدانەی ئامرازە ئەلکترۆنییەکانی وەرگێڕان دەتوانێت یارمەتیی خەڵک بدات، کە بە شێوەیەکی خێرا و کارامە نوسینەکان وەربگێڕن. دابینکردنی سەرچاوەی سەرهێڵ بۆ وەرگێڕانی زمانی کوردیی دەتوانێت یارمەتیی خەڵک بدات، کە بە شێوەیەکی خێرا و کارامە نوسینەکان وەربگێڕن و کاتێکی زۆریان بۆ بگەڕێتەوە. زیرەکیی دەستکرد، کە پەرەپێدانێکی نوێیە لە بواری تەکنەلۆژیادا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە لایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە بەکاردەهێنرێت. زیرەکیی دەستکرد پرۆسەی وەرگێڕان خێرادەکات و کوالێتیی وەرگێڕانەکان بەرزدەکاتەوە. هەروەها بۆ ئەو کەسانەی زمانی کوردیی بە باشیی نازانن دەکرێت ببێتە ڕێگەیەک بۆئەوەی بە ئاسانیی دەستیان بە زانیارییەکان بگات. لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێت کاریگەریی نەرێنیی لە سەر وەرگێڕان هەبێت، زیاد لە پێویست بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد دەبێتە هۆی پەنگخواردنەوەی زمانی کوردیی بە هۆی ئەوەی تەنها ئەو وشانە بەکاردەهێنرێت، کە لە میدیا و پلاتفۆڕمەکاندا هەیە، یان هەندێک جار بە هۆی ئەوەی بە تەواویی زیرەکیی دەستکرد لە کوردستان پەرەپێنەدراوە دەکرێت بە شێوازێکی نارێک وەرگێڕانەکە ئەنجامبدات و وەرگێڕانێکی ئەکادیمییانە نەبێت.

هەروەها هێما ئەحمەد هەمزە پێی وایە پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزکردنی ناسنامەی فەرهەنگیی و کولتووریی کوردستان. کوردستان خاوەنی فەرهەنگ و کولتوورێکی دێرینە و پێویستی بە بەرەوپێشبردن و ئاشناکردنیەتی بە گەلانی دیکە. ئەمەیش بە چەند شێوەیەک دەتوانێت ڕووبدات. وەرگێڕان دەتوانێت یارمەتیی پاراستنی زمانی کوردیی بدات، بە تایبەتیی لە بەرانبەر کاریگەرییەکانی زمانەکانی دەوروبەر. وەرگێڕانی ئەدەبیات و نوسینەکانی دیکە بۆ زمانی کوردیی دەتوانێت ئاستی زمان بەرزبکاتەوە و سەرچاوەی دەوڵەمەند بۆ خوێندن و توێژینەوە دابینبکات. وەرگێڕانی بەرهەمە کولتووریی و ئەدەبییەکانی

کوردیی بۆ زمانەکانی دیکە دەتوانێت کولتووری کوردیی بە جیهان بناسێنێت و ڕێگە بە خەڵکی دیکە بدات کە زیاتر لە مێژوو، کولتوور و هەستی نەتەوەیی کوردەکان تێبگەن، ئەوەیش خاڵێکی جەوهەرییە بۆ میللەتی کورد، وەک میللەتێکی چەوساوە پێویستی بە ناساندن هەیە.

**” وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی وشەکان نییە، بەڵکو گواستنەوەی مەبەست، ناوەڕۆک و کولتوورە لە نێوان دوو زماندا“**

وەرگێڕان دەتوانێت یارمەتیی هاوئاهەنگیی نێوان هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان بدات، بە تایبەتیی لە ڕووی زمان و کولتوورەوە. ئەمەیش دەتوانێت بەهێزکردنی هەستی یەکێتیی و ناسنامەی نەتەوەیی لە نێوان کوردەکاندا بەرزبکاتەوە. دوژمنان کوردیان دابەش کردووە بەڵام وەرگێڕان دەکرێت دەرچەیەک بێت بۆ دوبارە بەیەکگەیاندنەوەی هەرێمەکان و دروستکردنەوەی کوردستانی گەورە. پرۆسەی وەرگێڕان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە بەهێزکردنی ناسنامەی فەرهەنگیی و کولتووریی کوردستاندا بگێڕێت، بە تایبەتیی لە کاتێکدا کە کوردەکان لە هەوڵی پاراستنی ناسنامە و کولتووری خۆیاندان لە ژێر کاریگەرییە جیهانیی و نەتەوەییەکاندا.

ئاوات ئەحمەد سوڵتان:

# وەرگێڕان دەتوانێت زەمینەی یەکخستنی وشە و زاراوە کوردییەکان خۆش بکات



❊ نوسەر و وەرگێڕ.
❊ ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری 'نما'
❊ ٩٤ کتێبی لە بوارەکانی فەلسەفە، دەرونشیکاری، هزری سیاسیدا وەرگێڕاوە.
❊ گۆشەی 'کەشتییەکەی سیسیوس' لە کوردستانی نوێ دەنوسێت.

لە وەڵامی پرسیاری چۆن پەرەسەندنی پرۆسەی وەرگێڕان لە کوردستاندا کاریگەری لەسەر بەهێزهێشتنەوەی زمانی کوردی هەبووە بەتایبەتی لەڕووی پەروەردە و ڕاگەیاندن و فەرمیبوونی زمانەوە؟ ئاوات ئەحمەد سوڵتان، بەمجۆرە دوا: ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و گریمانەی پەنهانی زۆر تێدایە؛ بە تایبەتی لە پەیوەندیدا بە دەستەواژەی 'بەهێزهێشتنەوەی زمانی کوردی' لێرەدا گریمانەکراوە کە زمانی کوردی بەهێزە و قسەکردنەکە بە ئاراستەی چۆنێتی 'بەهێزهێشتنەوەی' دا کێش دەکات. من لەگەڵ ڕەوتی پرسیارەکەدا ناڕۆم و ئاواهی وەریدەگرم: ئایا وەرگێڕان دەتوانێت زمان پێشبخات؟ پاشانیش قسەیەک لە بارەی کاریگەریی وەرگێڕان لەسەر سیستمی پەروەردە دەکەم، دواتر لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە سەیری پرسیارەکە دەکەم، واتە وا کاری لەگەڵ دەکەم مەبەستی لە پەروەردەکردن و پێشخستنی زمانی ستاندارد بێت. لە وەڵامێکی ڕاستەوخۆدا دەڵێم: بەڵێ! وەرگێڕان ئامرازێکی زۆر کارایە بۆ پێشخستنی زمان. ئەگەر وردیشی بکەمەوە، دەڵێم کاریگەریی وەرگێڕان لەسەر زمان لە چەند ڕێگایەکەوە دەبێت.

١. لەگەڵ هەموو وەرگێڕانێکدا چەند وشەیەکی نوێ، یاخود چەند بەکارهێنانێکی نوێی وشەکان، ژمارەیەک دەستەواژە و داڕشتنی نوێ لە زمانە لێوەرگێڕدراوەکەوە دێتە ناو زمانە بۆ وەرگێڕدراوەکە. بەهۆی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم وشە تازانەوە، زمان دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵ وشە و بونیادە ڕستەییەکانی خۆشیدا بگۆڕێت، شێوازی نوێتر بدۆزێتەوە بۆ بنیادنان و دروستکردنی وشە و ڕستە و گوزارشتی زیاتر. واتە وەرگێڕان ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمان، زمانیش هەتا زیاتر دەوڵەمەند ببێت و دەستی بەسەر کایە جۆراوجۆرەکاندا بشکێت، زیاتر دەتوانین وەک زمانێکی بەهێز سەیری بکەین.

٢. تێگەیشتن و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێزمان و ڕێساکانی زماندا پێشدەکەون و فراوانتر دەبنەوە، بونیادی ڕستەکان و ڕستەسازیی مرۆنەتی زیاتر وەردەگرن و تێڕوانینمان بۆ پێکهاتە زمانییەکان بەرین دەبێتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کاریگەریی وەرگێڕان ڕاستەوخۆ لەسەر ڕێزمان و یاساکانی و شێوازەکانی کارکردنی ڕەنگ دەداتەوە. زمان دەتوانێت لاسایی تەرزە بیانییەکان بکاتەوە و ڕێزمانەکەی خۆی پێشبخات. دەمەوێت لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ هەڵەیەکی گەورە ڕابکێشم: لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە هەوڵ درا ڕێزمانی کوردیی بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمانی عەرەبی پێش بخرێت. ئەمە کارێکی سەخت بوو، چونکە ئەم دوو زمانە سەر بە دوو ئەسڵی جیاوازن و جیاوازییەکانی نێوانیان لەوە زیاترە کە بتوانرێت پێکەوە بسازێنرێن. بەڵام ئەم کارە تاقەتپڕوکێنە کرا و تا ڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بوو. بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە ڕووکرایە زمانی فارسی و زمانەکەمان کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو زمانەوە؛ ئیتر ئەو کارە چاکانەی لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا کرابوون، هێواش هێواش کاڵبوونەوە. بەڵام ئەمیش زۆری نەخایاند و لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە کە ژمارەیەکی زۆری کورد لە هەندەران جێگیر ببوون، کاریگەری زمانە ئەورووپاییەکانیان هێنایە ناو زمانی کوردییەوە. ئەمانە خۆیان لە خۆیاندا هەوڵی چاکن، بەڵام دوو کێشەی گرنگی هەیە: یەکەمیان جگە لە هەوڵەکەی سەرەتا لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئەنجامدرا و تا ڕادەیەکی زۆر زمانێکی ستانداردی بەرهەمهێنا، هەوڵەکانی دیکە، تاکەکەسین و لە سایەی ئەکادیمیایەک یان دامەزاوەیەکی تایبەتی زماندا نییە و هەریەکەی بە جۆرێک و بە ئاڕاستەیەکدا کاردەکات، بەجۆرێک لەبری ئەوەی خزمەتی یەکتریی بکەن، زۆرجار دەبنە هۆی سڕینەوەی یەکتریی. سەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە لە ئێستادا جۆرە ئاژاوەیەک لە زمانی کوردیدا هاتۆتە ئاراوە کە زەحمەتە بتوانین وەسفی 'بەهێز' بدەینە پاڵی. گەرچی لە زۆر ڕووشەوە گەشەی کردووە.

٣. پێشکەوتنی توانا و شارەزاییەکانی نوسین و ئاخاوتن. خوێندنەوەی کتێبە وەرگێڕدراوەکان خوێنەرەکان هوشیاردەکات و فێری شێوازە جۆراوجۆر و جیاجیاکانی گوزارشتکردنیان دەکات. هەروەها تا ڕادەیەکی زۆریش لە پەتای زمانی 'پەتی' ڕزگارمان دەکات. چونکە زانستە نوێیەکانی زمان دەمێکە ئەوەیان سەلماندووە کە زمانە پەتییەکان زمانی بەهێز و پێشکەوتوو نین، بەڵکو باشترین و بەهێزترین زمان ئەوەیە کە دەتوانێت وشەی نوێ لە زمانەکانی دیکەوە وەربگرێت و بیخاتە ناو سیستمە زمانییەکەی خۆیەوە. لێرەدا نوسینێکم دێتەوە یاد کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە (ئەوکاتەی ئێمە لەژێر کاریگەریی سیاسەتدا، شەڕی زمانی کوردی پەتیمان دەکرد)، جابری دەڵێت: "ئەگەر زمانی عەرەبی فەسیحت دەوێت، بڕۆ بۆ بادییە و ماوەیەک لای شوانێک بمێنەرەوە، ئەو پاراوترین و پەتیترین زمانی عەرەبیت فێردەکات. بەڵام دوایی کە دەگەڕێیتەوە بۆ شار یەک کێشەی بچووکت دەبێت: خەڵک بە زەحمەت لێت تێدەگەن.'

> **"لەگەڵ هەموو وەرگێڕانێکدا چەند وشەیەک و ژمارەیەک دەستەواژە و داڕشتنی نوێ لە زمانە لێوەرگێڕدراوەکەوە دێتە ناو زمانە بۆ وەرگێڕدراوەکە"**

٤. بەهۆی وەرگێڕان و پێویستی بوونی هاوماناکانەوە، فەرهەنگە دوو زمانییەکان هاتوونەتە ئاراوە، گەرچی مەبەستی سەرەتای ئەم فەرهەنگانە ئاسانترکردنی کاری وەرگێڕان بووە، بەڵام لە کۆتاییدا کارلێکی نێوان زمانەکان بوونەتە هۆی پێشخستنی زمانی کوردی و گەشاندنەوە و تەقاندنەوەی لایەنە دەسکارینەکراوەکانی. بەهۆی ئەمجۆرە فەرهەنگەوە، تا ڕادەیەکی باش توانراوە بۆشاییەکان پڕبکرێنەوە، پێناسە و ناساندنی نوێ و نموونەی بەکارهێنان و زۆر شتی دیکە بهێنرێتە ناو زمانی کوردییەوە.

٥. وێڕای هەموو شتێکیش، ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە زمانی کوردی فرە دیالێکتە، وەرگێڕان دەتوانێت لێکیان نزیک بکاتەوە و فۆرمەکانی بەکارهێنانیان یەک بخات و بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە هونەر و زانست و ئەدەب و کاروباری بەڕێوەبردندا بەکاریانبهێنن. بەوەش لە دوور مەودادا دەلاقەی نێوان دیالێکتەکان تەسکتر دەبێتەوە و لێکتێگەیشتنی ئاڵوگۆڕ ئاسانتر دەبێت و ڕێگای دروستکردنی زمانی ستاندارد ئاسانتر دەکات. کارێکی خراپیش نییە لەنێوان دیالێکتەکاندا ئاڵوگۆڕی تێکستەکان

بکرێت، وەک چۆن داستانی مەم و زینی خانی و هۆنراوەکانی مەولەوی و چەند کارێکی دیکە، سوودێکی زۆریان بەخشیوە و بواری ڕەخساندووە هەمووان پەیوەندیی لەگەڵ کەلەپوری هاوبەشی خۆیاندا بگرن.

هەرچی سەبارەت بە پرسی وەرگێڕان و پەروەردەوەیە، ئاوات ئەحمەد سوڵتان ئاماژەی بەوەدا کە گومانی تێدا نییە، وەرگێڕان لە زمانەکانی ترەوە بۆ زمانی کوردی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەیە؛ چونکە وەرگێڕان وەک پردێک وەهایە کە لێوە زانین و زانیاری، شارەزاییەکان لەنێوان کەلتوورەکاندا دەگوێزرێتەوە و پەیوەندیی نێوانیان بەهێزتر دەکات. وەرگێڕان ئاشنامان دەکات بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە لە کەلتوورەکانی دیکەدا، بەرچاومان ڕوون دەکاتەوە بۆ فراوانکردنەوە و پێشخستن و گۆڕینی سیستمی پەروەردەی لای خۆمان، پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی، ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی، دۆزینەوەی شێوازی تازە و سوودوەرگرتن لەو ئەنجامانەی کەلتورەکانی دیکە لەم بوارەدا پێی گەیشتوون.

جگە لەوانەش کارلێکی خێراتر و خێراتری نێوان کەلتوورەکان و ئابوورییەکانی ئەم جیهانەی تێیدا دەژین، خۆی بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر پێویستیمان بە وەرگێڕان بێت؛ فەرامۆشکردنی باجێکی قورسی دەبێت. لە ئێستا وەرگێڕ چەندین ڕۆڵی هەیە: وەرگێڕ توێژەرە، نوسەرە، نێوەندگیری نێوان کەلتورییەکانە. لە ڕێگای ئەوەوە فرەیی و هەمەجۆریی لە بیرکردنەوە و پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەونیتردا دەپارێزرێت، دەتوانین دەستمان بگاتە زانیاری و هزر و بەرهەمی هونەریی وەها کە بە ڕێگای دیکە بۆمان فەراهەم نەدەبوو.

لە ڕێگای وەرگێڕانـــەوە دەتــوانین مـادە و پێـداویستی جیـاواز و نـوێ لـەوەی لەبەردەستماندا هەیە بۆ نەوە نوێیەکان فەراهەم بکەین، ئاسانکاریی و ئارەزوو بۆ فێربوونی زمانەکانی تر لایان بەهێز دەکات و گەشەی پێدەکات. وادەکات لەپاڵ زمانی دایکدا، شارەزای سیحری زمانەکانی دیکەش ببن. فەرهەنگی وشەکانیان فراوانتر دەبێت، ئاشنا دەبن بە ڕێزمان و شێوازی مامەڵەکردنی کەلتورەکانی دیکە لەگەڵ زمانەکانیاندا و سوودیان لێ وەردەگرن بۆ خزمەتکردنی زمانەکەی خۆیان. کاتێک پرۆگرامەکانی خوێندن ئاوێتە دەکرێن لەگەڵ پرۆژە و لێکۆڵینەوە و کارە ئەکادیمییەکانی زمانەکانی دیکە، ڕێگا دەکرێتەوە بەرەو بەشداریکردن لە زانین و زانیاری جیهانییدا و بواری کرانەوە بەسەریاندا بۆ جەماوەرێکی بەرینتر فەراهەم دەبێت.

بۆ کەلتورێکی تا ڕادەیەک داخراوی وەک ئێمە، وەرگێڕان دەرگامان لەسەر دەکاتەوە بەسەر دنیادا، بواری کرانەوەمان بۆ فەراهەم دەکات، وادەکات سیستمی پەروەردەمان دەستکاریی بکەین، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەکان فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ببن، پرسیار بکەن، گومان لەو چەمک و بیرکردنەوانە بکەن کە بەردەوام وەک هەقیقەت خراوەتە مێشکی نەوە یەک لەدوای یەکەکانەوە. بەکورتی وادەکات کە تێبگەین جگە لەم شێوازەی بیرکردنەوەی ئێمە، شێوازی دیکەش هەن.

> **”وەرگێڕان لە زمانەکانی ترەوە بۆ زمانی کوردی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەیە“**

ئێستا ئەگەر پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە ببینم: ئایا وەرگێڕان چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پەروەردەکردن و ڕاگەیاندنی زمانی فەرمی؟ واتە مەسەلەکە پەیوەندیی بە زمانی فەرمییەوە هەیە! واتە زمانی ستاندارد، ئەو زمانەی کە هەموو زارە جۆراوجۆرەکانی زمانەکە لێی تێدەگەن! ئێستا بە باشی مانای 'پەروەردە' و 'ڕاگەیاندن' و 'فەرمیبوونی زمان' ڕووندەبێتەوە. هۆی ئەمە چیە؟ شێوازی داڕشتنی پرسیارەکە (وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا) دەبێتە هۆی بەدحاڵیبوونی لەمجۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەردوو دەستەواژەی 'پەرەسەندنی پرۆسەی وەرگێڕان' و 'بەهێزهێشتنەوەی زمانی کوردی' جۆرە شڵەژانێک بۆ خودی وەرگر دروست دەکەن. جگە لە هەموو ئەمانەش لەم تێگەیشتنەدا، پرسیارەکە پێماندەڵێت کە ئێمە زمانی ستانداردمان نییە و داوا دەکات بزانین پرۆسەی وەرگێڕان چەند هاوکاریی دەکات لە دروستکردنی ئەو زمانەدا. ئەمەش دیسان مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات. لەم هەوڵەی دووهەممدا پرسیارەکە ئاوا لێکدەدەمەوە: تا چەند وەرگێڕان کاریگەریی هەیە لەسەر سەرڕێخستنی زمانی ستاندارد؟

بەر لە هەموو شتێک وەرگێڕان ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە لێکنزیککردنەوەی زارەکان دا و کۆکردنەوەیان لە سایەی ئەوەدا کە پێی دەوترێت زمانی ستاندارد، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو زمانە جۆراوجۆرەکانیش لە یەکتریی نزیک دەخاتەوە. بەپێچەوانەوە خزمەتکردن و پەرەپێدانی زار و دیالێکتەکان دەبێتە هۆی لاوازکردنی زمانی ستاندارد. وەرگێڕان یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆ مشتوماڵکردن و داڕشتنی یاسا و

ڕێسا تۆکمەکانی زمان، بۆ تەقاندنەوەی، کەشفکردنی شوێنە پەنهانەکان و باراندنی زاراوە و وشەی نوێ بەسەریدا. دەرگای وەها لە زمان دەکاتەوە کە پێشتر هەم پەییان پێنەبرابوو، هەم کڵۆمیش درابوون. لە ماوەی سێ دەهەی ڕابردوودا بە لێشاو زاراوەی زانستی و تەکنەلۆجی و فەلسەفی، لە پاڵیشیاندا ئەدەبی و هونەریی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

وەرگێڕان شتێکی دیکەش دەکات کە بەهۆی نەبوونی ئەکادیمیایەکی دانپێدانراو، زانکۆیەک کە کارەکانی زمان ڕابپەڕێنێت، لای ئێمەی کورد نەکراوە یاخود بە نیوەناچڵی ئەنجامدراوە: یەکخستنی زاراوەکان، چەسپاندنی بەکارهێنانەکان. کاتێک دیکۆمێنتە فەرمییەکان، یاساکان، زانیارییە پزیشکییەکان، ڕێبازە ئەدەبی و هونەرەکان، قوتابخانە فەلسەفییەکان بە ڕێکوپێکی و بە بەرنامە دەهێنرێنە سەر زمانی کوردی، ئەوە زاراوەکانیان دەچەسپێن و جێگای خۆیان دەگرن. ئەمە تا چەند لای ئێمە ڕوویداوە، ئەوەیان پرسێکی دیکەیە. بەڵام ئەگەر ئاوڕێک لەدواوە بدەینەوە، دەبینین کۆی یاسا و ڕێساکانی زمانی عەرەبی، ڕێبازە ئەدەبی و هزرییەکان، هەوڵە زانستییەکان؛ بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرهەمی وەرگێڕانی تێکستە فەلسەفی و زانستییەکانی یۆنانە، لەو سەردەمەدا کە هەندێک بە سەردەمی زێڕینی ناودەبەن. هەڵگەڕانەوە لەو ڕەوتە و ڕیسواکردنی بەیتولحیکمە و کارمەندانی، سوتاندنی کتێبەکان و شاربەدەرکردنی بیرمەندەکان؛ سەرەکیترین هۆی داڕوخانی ئەو شارستانێتییە مەزنە بوون کە لە سەدە تاریکەکانی خۆراوادا پرشنگی دەدا.

هەروەها لەمەڕ پرسیاری ئەو ئاستەنگ و دەرفەتانەی لە وەرگێڕانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بۆ زمانە جیهانییەکانی وەک ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، و فارسی چین و ئەم پرۆسەیە چۆن کاریگەری لەسەر پاراستنی زمانی کوردی هەیە؟ ئاوات ئەحمەد سوڵتان، رایگەیاند: ئەمیش دیسان پرسیارێکی ئاڵۆزە! ئایا مەبەست لە وەرگێڕانی دەق و بەرهەمی شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردییە بۆ زمانەکانی دیکە؟ یاخود مەبەست لە وەرگێڕانە لە زمانە جیهانییەکانەوە بۆ شێوەزارە جیاجیاکان؟ هەرچۆنێک بێت، دەمەوێت پرسیارەکە بە گشتی وەربگرم و باس لەو قۆرتانە بکەم دێنە ڕێگای وەرگێڕان لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی دایک (واتە زمانی کوردی). بێگومان بۆ زمانێکی کەم خزمەتکراوی وەک زمانی کوردی کە لەناکاو بەڕووی جیهاندا کراوەتەوە؛ قۆرت و تەگەرەی زۆر هەن، وەرگێڕان لەم حاڵەی زمانی کوردیدا دووچاری گیروگرفتی گەورە دەبێتەوە کە ڕەنگە زمانەوانی بن، یاخود تەکنیکی یان کەلتوریی و شارستانیی بن.

١. قۆرتی زمان: بەوپێیەی ئامرازی سەرەکی وەرگێڕان زمانە، یەکەمین قۆرت کە بەرەنگاری دەبینەوە قۆرتە لەناو زماندا؛ لە زمانەکانی دیکەدا کۆمەڵێک وشە هەن قابیلی وەرگێڕان نین؛ هەر هەوڵێک بۆ وەرگێڕانیان دەبێتە جۆرێک لە جۆرەکانی گاڵتەجاڕی، وەک ئەوەی هەندێک هەوڵیان دا ئۆتۆمۆبیل بە 'گەڕێن' بهێننە سەر زمانی کوردی، یاخود یەکێک بۆینباخی کرد بە 'ئەستۆبەست' یەکێکی تر بە هەموو ئەقڵی خۆیەوە کردوویەتی بە 'کلکەوانە'. نموونەی دیکەش زۆرن. دەبینین لە زمانی خەڵکدا وشەی ئۆتۆمۆبیل بوو بە ئوتومبێل، کە بەبڕوای من جێگای خۆی کردۆتەوە و بووە بە وشەیەکی کوردی، گەرچی ئەسڵەکەی کوردی نییە. زیندوێتی زمانیش لەمەدایە. جاری وا هەیە گرفتەکە لەناو خودی زمانەکەدایە و هۆی ناسیونالیستانە و سیاسییانە لە پشتییەوە ڕادەوەستێت، وەک هەردوو وشەی خوێندکار و قوتابی، یان ژن و ئافرەت، کە دەزانین چ گەڕەلاوژەیەکیان ناوەتەوە. لەکاتێکدا ئەگەر ئەکادیمیایەکی پسپۆڕ ئەم کارەی بکردایە، ڕەنگ بوو وەها بیری لێبکردایەتەوە: قوتابی کە وشەیەکی کوردی وەک هەر وشەیەکی دیکەی زمانەکە، گەرچی ئەسڵەکەی دەچێتەوە سەر زمانی عەرەبی؛ بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەیی بەکاربهێنرێت، واتە وەک هاومانای (pupil)ی ئینگلیزی یان (طالب)ی عەرەبی؛ وشەی خوێندکاریش بکرایە بە هاومانای (student) یان (تلمیذ). دەکرا بڵێین وشەی ئافرەت ناوی جۆرە و ژنیش ناوی وەزیفەیە. هۆی هەموو ئەمانە ئەوەیە هەوڵەکان تاکەکەسین و تاکەکەسەکانیش بە زۆری پسپۆڕ نین.

> **”کارلێکی خێراتر و خێراتری نێوان کەلتوورەکان و ئابوورییەکانی ئەم جیهانەی تێیدا دەژین، خۆی بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر پێویستیمان بە وەرگێڕان بێت؛ فەرامۆشکردنی باجێکی قورسی دەبێت“**

ئەگەر فارسەکان و ئینگلیزەکان و وڵاتەکانی دیکە بەهەمان ئەقڵییەتی ئێمە بیریان بکردایەتەوە، ئێستا حاڵی زمانەکانی ئەوانیش وەک زمانی ئێمە دەبوو. یانی! ئەگەر زمان ئامرازی لێکتێگەیشتن بێت، ئەوا دەپرسم، ئاڵیا 'بیستۆک' کوردییە یاخود 'تەلەفون'؟ ئەگەر هەروا سەرێی ڕاپرسییەک لەگەڵ سەدکەسدا بکەین، دەبێت چەندیان بزانن مەبەست لە وشەی بیستۆک تەلەفونە؟ تۆ سەرنج بدە؛ خەڵکی کورد خۆڕسکانە و بێ هیچ ماندووبوونێک چەند بە جوانی وشەی (surprise) یان کردووە بە سوپرایز! هەتا ئەم ئەقڵییەتە ناسیونالیستانەیە تووڕ نەدەین و پێ لەوە نەنێین کە

زمانی زیندوو زۆر بە ئاسانی جێگەی وشەی زمانەکانی دیکە لەخۆیدا دەکاتەوە؛ ئەم هەراو هوریایە دەمێنێت. بە بڕوای من ئاسۆکە ڕوون نییە، چونکە ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن نەک واز لەم ئەقڵییەتە ناهێنین، بەڵکو بە پێچەوانەی ئاڕاستەکەوە خەریکی پەروەردەکردن و گەشەپێدانی ئەقڵییەتی ناوچەگەرێتیشین.

هەر لە پەیوەندیدا بە زمانەوە، گرفتی جیاوازییە ڕێزمانییەکانیش هەیە. زمانەکان لە بونیاد و بەکارهێنانی کات و ڕیزبەندی وشەکاندا لە یەکتری جیاوازن، بۆیە زۆرجار وەرگێڕانی دەقاودەق گرفتی گەورە دەنێتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا گوزارشتە ئیدیۆمییەکانیش گرفتێکی دیکەیە، چونکە زمانەکان بەشێوازی تایبەتی خۆیان ئیدیۆمەکان دروست دەکەن و مانایان پێدەبەخشن و بەکاریاندەهێنن، گوێزانەوەیان وەک خۆیان و بێ تێگەیشتن لە بەستێنەکە (ئەمە وشەیەکە لەم ساڵانەی دواییدا وەک هاومانای 'context' ی ئینگلیزی بەکاردێت و خەریکە بە باشی جێگەی خۆی دەگرێت) کارەساتی گەورە دەنێتەوە. بۆ نموونە لە زمانی ئیسپانیدا بۆ ئاماژەکردن بۆ بارانی بەخوڕ دەوترێت 'مەسینە دەبارێت' ئەمە ناتوانرێت وەک خۆی بکرێت بە کوردی، بەڵام لە کوردیدا ئیدیۆمی هاومانای ئەمەمان هەیە: 'بە کوندە ئاو دەکەنە خوارەوە'

٢.بەربەستە کەلتورییەکان: زمانەکان ڕیشەیان لەناو دابونەریت و باوەڕ و بەها کۆمەڵگاییەکاندا داکوتاوە، بۆیە زۆرجار گوێزانەوەی هەندێک هزر و ئایدیا، یاخود دابونەریتەکان، یان نوکتە و قۆشمەیی لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی ئاسان نییە، جا هۆیەکەی نامۆیی ئەو هزر و نەریتانە بێت بە کەلتوری کوردەواری، یاخود ناسازی و نەگونجانیان بێت، یان نەبوونی ئەو جۆرە مومارەسانە بێت لای خۆمان؛ ئەمەش وادەکات وەرگێڕ ناچار ببێت بیانسازێنێت و دەسکاریان بکات؛ چونکە ئەگەر وا نەکات ئەوە ڕەنگە بەدحاڵیبوونی لێ بکەوێتەوە؛ کە ئەوەش دەکات ڕەنگە جیاوازییە وردەکانی نێوان کەلتورەکان بفەوتێت و دەرنەکەوێت. بە پێچەوانەشەوە هەندێک نەریت و مامەڵە و هەڵسوکەوت و قۆشمەیی کوردەواریی بە ئاسانی ناگوێزرێنەوە بۆ زمانەکانی دیکە. لەپاڵ ئەمەشدا گەمەی زمانەوانی و یاریکردن بە وشەکان و هونەرەکانی ڕەوانبێژیی جیاوازیی زۆر لەنێوان کەلتورەکاندا دروست دەکەن. سەیری ئەم بەکارهێنانە ئینگلیزییە بکە: کات وەک تیر تێدەپەڕێت، میوە وەک مۆز دەفڕێت. ڕەنگە بەشی یەکەمی ئیدیۆمەکە نامۆ نەبێت، بەڵام ئەی بەشی دووهەمیان؟ ئەمە بەکارهێنانێکی قۆشمەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ تێپەڕینی خێرای کاتدا، سروشتی شتەکانیش دەگۆڕێت.

جاری وا هەیە کەلوپەلەکان و خۆراک و پۆشاک و مومارەسە کۆمەڵایەتییەکان تایبەتن بە کەلتورێکی دیاریکراو و هاومانا و هاوشێوەکانیان لە زمان و کەلتوری کوردەوارییدا دەستناکەون، ئەمەش دیسان کێشەیەکی دیکە دروست دەکات، یان وەرگێڕ ناچار دەکات وەک خۆی بیانهێڵێتەوە، یان ڕاڤەیان بکات.

جاری واش هەیە بەربەستەکە دینییە و هەندێک دەق و زاراوە کە لەگەڵ دینی کوردەواریی (ئیسلام) دا ناسازێت، دووچاری گرفت دەبێتەوە، بۆ نموونە کتێبێکی ڕیچارد دۆکینز کە ناونیشانەکەی 'وەهمی خودا' یە، لەکاتی وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی کوردی، وەرگێڕەکە بوێریی ئەوەی نەبووە (بێگومان ناهەقیشی نییە) وەک خۆی دایبنێتەوە، کردوویەتی بە 'وەهمێک' ئەمە جگە لەوەی وەرگێڕانەکەش سەرکەوتوو نییە. هەستیارییەکی زۆر لێرەدا هەیە، دینی ئیسلام لە زۆر ڕووەوە بەرامبەر گوزارشتەکانی یەکسانی ڕەگەزی و ئازادی ڕادەربڕین و مۆدێلە سەیر و سەمەرەکانی ڕەفتارکردن، زۆر هەستیارە و زۆرجار وەرگێڕ گیرەدەخوات بەدەستیانەوە. جگە لەوەش زاراوە و چەمکە دینییەکان لە کەلتور و زمانە غەیرە موسوڵمانەکاندا مانای جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە وشەی 'Prayer' لە زمانی ئینگلیزیدا مانای 'نوێژ' دەگەیەنێت؛ بەڵام هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو مانای نزاکردن، گوزارشتکردن لە سوپاسگوزاریی، پاڕانەوە، هیواخواستنیش دەگەیەنێت؛ بەڵام لە زمانی کوردیدا وشەی 'نوێژ' ئەو مانایانەی نییە.

> **” ئەم زیرەکییە دەستکردە، دەتوانێت شۆڕشێک لە هەموو کایەکانی بیرکردنەوەدا بەرپا بکات. ئێمەیش دەتوانین بەکاریبهێنین بۆ پاراستنی زمانی کوردی و پێشخستنی، بەوەی وابکەین زمانەکەشمان بتوانێت ئەو زیرەکییە بەکاربهێنێت. “**

٣. کێشەی زمانی فەرمی و زمانی بازاڕ. زۆربەی زمانەکان دوو جۆرە زمانیان هەیە، یەکێکیان فەرمییە و لە کاروبارە ڕەسمی و جدییەکاندا بەکاردێت، ئەوەی تریشیان زمانێکی سلانگ (ئینگلیزی) یان جلْفە (عەرەبی) یە، بۆ نموونە. لە زمانی کوردیدا ئەو زمانەی پێی دەنوسرێت هەمان ئەو زمانەیە کە قسەشی پێدەکرێت، ئەگەر زۆر لە خۆمان بکەین دەتوانین بڵێین لای خۆشمان بڕێک لەو جیاکارییە هەیە، بەڵام هێڵی نێوانی هەردوو زمانەکە زۆر باریکە، لەکاتێکدا بۆ زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی وەها

نییە. تێکستەکان لەبەکارهێنانی ئەو دوو زمانە لەپاڵ یەکتریدا مەبەست و ئاماژە و خواستی تایبەتیان هەیە و گوێزانەوەیان بۆ زمانی کوردی، زۆرجار ئەو بۆن و بەرامە ڕەسەنەی پێوە نامێنێت.

٤. زمانی جەستە و ڕەنگەکان: جووڵە جەستەییەکان و هێماکان و ئاماژە جەستەییەکان لە زمانەکاندا مانای جۆراوجۆریان هەیە، ئەمەش خۆی کێشەیەکی دیکەیە و زۆرجار وەرگێڕ بەدەستیانەوە دادەمینێت. بەهەمانشێوە مانا و ئاماژەی ڕەنگەکانیش لەنێوان کەلتورەکاندا گۆڕاون، بۆ نموونە لە هەندێک کەلتوری ڕۆژهەڵاتی دووردا، لەکاتی پرسە و لەدەستدانی ئازیزاندا، پۆشاکی سپی دەپۆشن. بەڵام هەموو ماناکان وەک ئەمە ڕوون نین و زۆرجار کیشە بۆ وەرگێڕان دروست دەکەن.

ئاوات ئەحمەد سوڵتان سەبارەت بەوەی داخۆ هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت سیاسەتی زمانی دابڕێژێت کە پاڵپشتی پرۆسەی وەرگێڕان بکات، بەتایبەتی بۆ پاراستنی شێوەزارەکان و بەهێزکردنی دۆخی فرەزمانی؟ وتی: بۆ مەسەلەی پاراستنی شێوەزارەکان و دۆخی فرەزمانی زۆر بە کورتی وەڵام دەدەمەوە و دەڵێم: نازانم! ڕاستییەکەی من خۆم لەگەڵ سیاسەتێکی زماندا نیم کە ئەم کارە بکات؛ بە بڕوای من هەر هەوڵێکی لەمجۆرە بە زیانی زمانی ستاندارد دەکەوێتەوە، کۆتاییەکەی بەوە دەگات شێوەزارەکان نا، بەڵکو زمانە کوردییەکانمان هەبێت؛ ئەمەش لەپاڵ بوونی سیاسەتێکدا کە پشتیوانی لێ بکات، لە کۆتاییدا ژمارەیەک وردە گەلمان دەبێت کە وردە وردە گومان دەکەین هەموویان لەژێر ناونیشانی یەکگرتووی 'کورد' دا کۆبکەینەوە.

بەڵام بۆ سیاسەتی زمان و وەرگێڕان قسەیەک دەکەم. سیاسەتی زمان چیە؟ بریتییە لە کۆی ئەو یاسا و ڕێسایانەی بۆ کۆنترۆڵکردنی زمانەکان لەناو کۆمەڵگادا دانراون، شێوازەکانی بازاڕگەرمیکردن بۆ زمانەکان و پارێزگاریلێکردنیان و ڕێکخستنیان لەناو سیستمی پەروەردە و فەرمانگەکانی حکومەت و یاسا و دەستور و دیکۆمێنەتە فەرمییەکان و کاروبار و بازاڕدا دەکات، ئیدارەی هەمەجۆریی زمانەکان و فرەڕەنگی و پەیوەندیگرتن و کارلێکی کارا لەنێوان زار و زمانەکاندا دەدات و کۆتا ئامانجیشی پاراستن و گەشەپێدان و فروانکردنەوەی شوناسی کەلتورییە.

من وەها سەیری مانای سیاسەتی زمان ناکەم کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان زمانە جۆراوجۆرەکاندا کارا بێت، واتە شێوازەکانی مامەڵەکردن بێت لەگەڵ جیاوازیی نێوانیان و چوارچێوەی فەرمی و بنەما ئاڕاستەکەرەکانی حکومەت بۆ

بەکارهێنانی زمانەکان و پێشخستنیان لەناو پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕدا. ئەمە وەک ئەوە وایە مریشک هێلکەی قاز بکات. بەڵکو وەها بیری لێدەکەمەوە کە دەبێت چ جۆرە سیاسەتێک پێڕەو بکرێت بۆ برەو پێدانی وەرگێڕان لەچوارچێوەی هەرێم خۆیدا.

**” زیرەکی دەستکرد دەتوانێت یاریدەدەرێکی باش بێت بۆ وتنەوە و دووبارەکردنەوەی دەنگە کوردییەکان، تێکستەکان بۆ ئەوانەی خەریکن فێری کوردی دەبن “**

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسە و ڕوونکردنەوەیەدا، کامەیە ئەو سیاسەتەی زمان کە پشتیوانی لە پرۆسەی وەرگێڕان دەکات؟ بەر لە هەموو شتێک و پێش ئەوەی هیچ قسەیەک بکەم، دەڵێم وەرگێڕان پیشەیە، پیشەیەکی هونەرییە! واتە ئەو کەسەی وەرگێڕان دەکات کاردەکات، دەشبێت بەرهەمی کارەکەی خۆی دەستبکەوێتەوە، پێویستە بە کارەکەی بژی. ئێستا لەم جێگایەی جیهاندا نەک هەر وەرگێڕان بەڵکو ڕەوشی کایەی ڕۆشنبیریی بە گشتی خراپە و ئەوانەی کاری تێدادەکەن بەهۆیەوە نابن بە خاوەنی ئابورییەکی بەهێز. ئەوانەی لەم کایەیەدا چالاکن، لەڕووی ئابورییەوە ناتوانن بگەنە ئاستی فرۆشیارێکی دەستگێڕ. لەم ڕەوشەدا بیرکردنەوە لە سیاسەتی زمان دەچێتە خانەی زیندەخەون و خەیاڵپڵاوەوە. لێرەدا من ئەمە لەپێشچاو ناگرم و خەون بە سیاسەتێکی سەرکەوتووی زمانەوە دەبینم:

بەر لەهەمووشت دەبێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کامەیە ئەو زمانەی هەموومان کۆدەکاتەوە؟ بەڕاست! ئایا ئێمە زمانێکمان هەیە کە ناوی زمانی کوردی بێت؟ کە دەڵێیت زمانی کوردی مەبەستت لە چییە؟ (حەزم لە بەکارهێنانی کرمانجەکان نییە) ئایا بادینانییە؟ سۆرانییە؟ هەورامییە؟ هەریەکە لەم دیالێکتانەش کۆپی جۆراوجۆریان لە باکور و باشور و خۆرهەڵات و خۆراوای کوردستان هەیە. ئەگەر تەنها باشور وەربگرم، ئەرکە گرنگەکە ئەمەیە: پێش ئەوەی سیاسەتی زمانت هەبێت، پێویستە زمانت هەبێت. کەواتە یەکەمین کار کە بکرێت بۆ داڕشتنی سیاسەتی زمان، پێویستە بڕیار بدەیت لەوەی زمانی کوردی کامەیە و تۆ کار لەسەر چی دەکەیت. تا ئەم کارە نەکەیت، قسەکردن لەسەر سیاسەتی زمان مانایەکی نیە. دەبێت بناغەی سیاسەتی زمان ئەمە بێت: ئایا زمانێکی ستاندارد‌مان هەبێت، یان گەشە بە دیالێکتەکان بدەین و لێگەڕێن هەریەکەیان ببن بە زمانی سەربەخۆی خۆیان. دەبێت بشزانیت بۆچی بڕیار

لە یەکێکیان دەدەیت! سیاسەتی زمان لە جێگایەکی بێ شوناس و ئاڵای دانپێدانراوی وەک ئێمەدا، سیاسەتی خزمەتکردنی هەموو زمانەکان و زارەکان نیە، بەڵکو سیاسەتی زمانێکی یەکخراوی یەکگرتووە کە بیکەین بە شوناسی خۆمان. ئەمە یەکەمین ئیشە کە بکرێت. هەتا ئەم کارە ئەنجام نەدرێت، هەموو بیرکردنەوەیەک لە سیاسەتی زمان، خۆماندووکردن زیاتر هیچی لێ ناکەوێتەوە.

پاشان دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: بۆچی پێویستیمان بە وەرگێڕانە؟ کامانەن ئەو کایانەی دەبێت هانی وەرگێڕان بدرێت تێیاندا (بۆ نموونە پەروەردە، دیکۆمێنتی یاسایی، کاروباری حکومەتداریی، میدیا، هزری مۆدێرن ... هتد). هەروەها چۆن پەیوەندیی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا بگرین و هەوڵ بدەین چالاکییەکانی وەرگێڕان لەوانەوە بۆ کوردی و لە کوردیشەوە بۆ ئەو زمانانە گەشە پێبدەین.

یانی، سیاسەتی زمان چەند لایەنێکی هەیە:

**یەکەم:** دەستنیشانکردنی ڕەوشەکە، واتە ئەو زمانەی دەبێت بە شێوەیەکی نیشتمانی و فەرمی بناسرێت.

**دووهەم:** کێشانی هێڵکارییەک بۆ جۆری ئەو دەقانەی کاریان لەسەر دەکرێت.

**سێیەم:** دەستنیشانکردنی بنەماکانی ڕێزمان و زاراوەسازی و دانانی فەرهەنگەکان و سیستمەکانی نوسین.

چوارەم: (لە هەر سێ خاڵەکەی دیکە گرنگترە) بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ ئەرکی فێرکردنی زمان لە ئەستۆ وەردەگرێت و چۆن سوود لە زمان و زارەکانی دیکە وەربگیرێت. ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدرێت، ئەوە نەک بەتەنها پاڵپشتیی وەرگێڕان دەکات، بەڵکو پشتیوانیی لە سەرجەمی کایەی ڕۆشنبیری و پەروەردە دەکات.

لەمەڕ ڕۆڵی تەکنەلۆجیا و زیرەکی دەستکرد لە داڕشتنی ئایندەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا و چۆنیەتی ئەو کاریگەرییەی لەسەر بەهێزکردنی زمان و ئاڵوگۆڕی کولتووری دەبێت، ئاوات ئەحمەد سوڵتان جەختی لەوەکردەوە کە زیرەکی دەستکرد بەو مانایەی لاساییکردنەوەی زیرەکی مرۆڤ بێت لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە، تا لە ڕێگای پرۆگرامەکانییەوە وەک مرۆڤ بیربکاتەوە و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و گرفتەکان چارەسەر بکات، شتێکی نوێیە و بۆ ئێمەش جارێ زووە لەوبارەیەوە بدوێین

(گەرچی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاریی ئەوەندە خێرایە کە تەنانەت دەوڵەتە خۆراواییەکانیش خەریکە فریای ناکەون).

هەرچۆنێک بێت، ئەم زیرەکییە دەستکردە، دەتوانێت شۆڕشێک لە هەموو کایەکانی بیرکردنەوەدا بەرپا بکات. دەتوانێت خێراتر و وردتر کارەکان ڕاپەڕێنێت. ئێمە چۆن سوودی لێ وەربگرین؟ دەتوانین بەکاریبهێنین بۆ پاراستنی زمانی کوردی و پێشخستنی، بەوەی وابکەین زمانەکەشمان بتوانێت ئەو زیرەکییە بەکاربهێنێت. ئەمە چۆن بکەین؟ من شتێکی ئەوتۆ لەمە نازانم، بەڵام دەتوانم بڵێم دانانی بەرنامە لە گوگڵ ترانسلەیت، کارێکی باش بوو، ئەوەی سەرنجمداوە هەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی تێدایە، دەتوانرێت هەورامیشی بۆ زیادبکرێت.

دەتوانرێت گرنگی بدرێت بە ویکیپیدیا و هەوڵ بدرێت هەرچی زانیاریی هەیە، بە کۆن و نوێوە لەو ماڵپەڕەدا دابنرێت. دەشێت کتێبە کوردییەکان بە تایبەتی ئەوانەی پێش سەردەمی ئینتەرنێت هەبوون، و دەستنوس و بەڵگەنامەکان بخرێنە ناو ئینتەرنێتەوە، تا کاتێک گوگڵینی بۆ دەکرێت، بە ئاسانی بەردەست بکەون. زۆر شت هەیە بکرێت، من هەر ئەوەندەی لێ دەزانم.

> **”دروستکردنی ماکینەی ئەلیکترۆنی دەتوانێت یاریدەدەرێکی باش بێت بۆ بەراوردکردنی زارەکانی زمانی کوردی و خوێندنەوە و بیستنیان و ڕاڤەکردنیان و تێگەیشتنیان بە مەبەستی لێکنزیککردنەوەی زارەکان“**

زیرەکی دەستکرد دەتوانێت یاریدەدەرێکی باش بێت بۆ وتنەوە و دووبارەکردنەوەی دەنگە کوردییەکان، تێکستەکان بۆ ئەوانەی خەریکن فێری کوردی دەبن، کۆرسەکانی فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەوانەی کورد نین، بڵاوکردنەوەی کەلتور و فەرهەنگی کوردی بە زمانەکانی دیکە. دروستکردنی ماکینەی ئەلیکترۆنی بۆ بەراوردکردنی زارەکانی زمانی کوردی و خوێندنەوە و بیستنیان و ڕاڤەکردنیان و تێگەیشتنیان بە مەبەستی لێکنزیککردنەوەی زارەکان و وەک هەندێک دەڵێن موتوربەکردنیان لە یەکتریی. بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە دەتوانرێت پارێزگاریی لە کەلەپور و فەرهەنگی کوردی بکرێت، بە دەنگ و وێنە بپارێزرێن. جا زیرەکی دەستکرد چی ناکات؟ دەتوانرێت دەقەکانی پێ

بخوێنرێتەوە، بەراورد بکرێن، هەڵبسەنگێندرێن، هەڵەبڕی بکرێن... هتد. ژمارەی ئەلەکترۆنی جیهانی بدرێن بە دەقەکان تا هەرکەس بیەوێت بە ئاسانی بیاندۆزێتەوە، فۆلکلۆری کۆن، هونەر و موزیک و هەموو شتێکی دیکە بۆ نەوەکانی داهاتوو بە زیندوویی بپارێزرێن. بە کورتی بە دیجیتاڵکردن و دروستکردنی داتابەیزی تایبەت و ماکینەی گەڕان و پشکنین کە هەموو کەلتورەکان هەیانە کورد نەبێت، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت زۆر هاوکار بێت.

هەروەها سەبارەت بەوەی داخۆ پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان دەکرێت ببێتە هۆی بەهێزکردنی ناسنامەی فەرهەنگی و کولتووری کوردستان؟ ئاوات ئەحمەد سوڵتان، رایگەیاند: وەرگێڕان بۆ پاراستنی شوناسی کەلتوری کوردی زۆر گرنگە و دەتوانێت ببێتە نێوەندی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی لەگەڵ کەلتورەکانی دیکەدا. جگە لەوەش لە دوای ساڵی ١٩٩١ ەوە ژمارەیەکی زۆری کورد لە تاراوگە دەژین و بەشێک لە منداڵ و نەوەکانیان کوردی نازانن، وەرگێڕانی کەلەپوری کوردی بۆ ئەو زمانانە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئاگاداری شوناس و کەلتوری خۆیان بن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێویستێکی بەتین لەگەڵ نەتەوەکەیان بگرن.

لەلایەکی تریشەوە وەرگێڕان دەتوانێت زەمینەی یەکخستنی وشە و زاراوە کوردییەکان خۆش بکات، زاراوەی نوێ بهێنێتە ناو زمانەکەوە و ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی، بۆ نموونە زاراوە تەکنیکی و دەقە زانستییەکان بگۆڕدرێنە سەر زمانی کوردی، ئاسۆکانی دەبیتە هۆی دەوڵەمەندتر کردنی فەرهەنگی کوردی.

بە کورتی وەرگێڕان دەتوانێت ببێتە خوێنبەری گەورەی ژیانی کەلتوری و فەرهەنگی کوردی و یاریدەی گەشەکردنی بدات و دەرگای گوتاری جیهانیی لێ بکاتەوە.

---

<u>تێبینی:</u>
بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنوسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە، نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە.

گۆڤاری زمانەوانیی

# وتار

# بواری وەرگێڕان




د. وریا عمر امین


* لەشاری کۆیە لەدایک بووە.
* بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی بەغداد بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.
* لە زانکۆکانی مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.
* پلەی پرۆفیسۆریی وەرگرتووە، یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا بەدەستبێنێت.
* دکتۆرای دووەمی لە مێژوودا وەرگرتووە.
* پرۆفیسۆری زمانەوانییە لەزانکۆی بەغداد و پرۆفیسۆری وانەبێژە لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سلێمانی و کۆیە و گەرمیان و ڕاپەڕین.

زانیاری هەموو ئەو ڕاستی و ئەندێشانە دەگرێتەوە کە لە مێشکدا دەپارێزرێن. شوێنی سروشتی بۆ پاراستنی زانیاری مێشکە. چەندین پێڕەو و ئامێری تری دەستکرد هەن بەهۆیانەوە زانیاری تۆمار دەکرێت و دەپارێزێت، وەك نووسین، ئامێری تۆمارکردنی دەنگ و کۆمپیوتەر... هتد.

زانیاری لە ڕێی پێنج هەستەکانەوە( بینین Sight – بیستن Hearing – پێکەتن Touch – بۆن Smell – تام Taste). دەچنە ناو مێشکەوە.



هەر زانیاریێك بۆ ئەم پێنج هەستە بچێتە ناو مێشك ، گوایا لەڕێی هەستی شەشەمەوەیە Sixth Sense. ئەمەیان دەچێتە بواری پەڕەسایکۆلۆجیا، کە تا ئێستا زانست هیچی بێگومانی لە بارەوە پێشکەش نەکردووە
زانیاری تەنیا لە ڕێی زمانەوە لە مێشکەوە دەردەهێنرێ. هەر سیستەمێك زانیاری پێ بگوێزرێتەوە بە سیستەمی لێك گەیشتن ناو دەبرێ. هەر زمانەش سیستەمێکی سەربەخۆی لێك گەیشتنە. هەر زانیارییەك لە زمانێکەوە بخریتە سەر زمانێکی تر بەر چەمکی وەرگێڕان دەکەوێ.




وەرگێڕان ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە لە پێشخستن و پەرەپێدانی زانست و پەیوەندییە مرۆییەکان. بە هۆیەوە ئەزموون و دەسکەوت و هزری میللەتان لێك موتوربە دەکرێن و ئاوێتەی یەکتر دەبن و یەکتر تەواو دەکەن.
وەرگێران زانستە و هونەرە. وەرگێڕ، جگە لەوەی دەبێ شارەزاییی تەواوی لەو زمانانەدا هەبێ کە لێیەوە و بۆی وەردەگێڕێ، دەبێ شارەزای تەواویشی لەو بابەتەدا هەبێ کە وەری دەگێڕێ . چونکە هەر بابەتەی چەمک و فەرهەنگ و زمانی تایبەتیی خۆی هەیە. زاراوە هەیە لە چەند بوارێکدا بەکار دەهێنرێ، بە واتا و چەمکی جیاواز. یا هەر بابەتەی چەن ڕێبازێکی جیاوازی هەیە بۆ شیکردنەوە. ڕێبازەکان هەمان زاراوە بۆ چەمکی جیاواز بەکار دەهێنن. گەر وەرگێڕ شارەزای ڕێبازەکان نەبێ کارەکەی کەموکوڕیی تێدەکەوێ.
وەرگێران لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر گەلێ جۆری هەیە باوترینیان ئەمانەن:
١ - وەرگێڕانی دەق Literal Translation لەم جۆرە وەرگێڕانەدا دەقێک لە زمانێکەوە دەخرێتە سەر زمانێکی تر وەک خۆی بێ زیاد و کەم.
٢ - وەرگێرانی لێکدانەوەیی Explanatory Translation لەم جۆرە وەرگێڕانەدا تێکستێ لە زمانێکەوە دەخرێتە سەر زمانێکی تر بەشێوەیێکی فراوان بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە

شاراوەکانی بە دەربڕینێکی سووك و ڕەوان و بێ گرێ. ئەم جۆرە وەرگێڕانە دەشێ لە هەمان زمانەوە بۆ سەر هەمان زمان بێ. وەك تێکستێکی کۆن، بە هەمان زمان ڕوون بکرێتەوە یا لێکدانەوەی شیعرێکی کۆن بە هەمان زمان. وەک ڕاڤەکردنی شیعرەکانی نالی، خانی، مەلەوی، جەزیری، بە زمانی کوردیی سەردەم.

٣ – وەرگێڕان بە خەستکردنەوەوە Summary translation لەم جۆرە وەرگێڕانەدا کرۆکی باسەکە بە خەستی دەخرێتە سەر زمانێکی تر. هەر بەشێکی دەقەکە کار لە مەبەست و واتا سەرەکییەکەی نەکات لادەبرێ. ڕۆمانەکانی تۆلستۆی و ڤیکتۆر هۆگۆ و گەلێ لە نووسەرە مەزنەکانی جیهان بەم جۆرە وەرگێڕانەدا خراونەتە سەر گەلێ زمانانی تر.

٤ -وەرگێڕان بە خوریەوە Translation with Inspiration لەم جۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ بۆچوون و ئەندێشەی تری تێهەڵکێش دەکات. بۆ نموونە هەڵبەستی Skylark ی شاعیری مەزنی سەدەی نۆزدەمی ئینگلیز شیلی Shelley بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ شاعیری مەزنی کورد(گۆران) بۆ دانانی شیعرەکەی "بۆ بولبول" کە بریتییە لە ناوەرۆکی شیعرەکەی شیلی و ئەو ئەندێشەیەی گۆران زیادی کردووە . (سەیری دیوانی گۆران چاپی ١٩٨٠ بەغدا ل ١٠٣ بکە).

> **”هەر زانیارییەك لە زمانێکەوە بخریتەسەر زمانێکی تر بەر چەمکی وەرگێڕان دەکەوێت “**

٥ - وەرگێڕانی ڕاستەوخۆیی Simultaneous Translationلەم جۆرە وەرگێڕانە یەکێ بە زمانێ قسە دەکات وەرگێڕ یەکسەر هەر بە قسە چی ئەبیستێ دەیخاتە سەر زمانێکی تر بۆئەوەی گوێگران یا ئامادەبووان کە زمانی قسەرەکە نازانن لێی بگەن. ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە بواری دبلۆماسی و کۆنفرانسەکاندا زۆر باوە.

٦ - وەرگێڕانی شیعری Poetic Translation وەرگێڕانی شیعر لە زمانێکەوە بۆ سەر زمانێکی تر دوو ئەرك ئەنجام دەدات. یەکەم گواستنەوەی واتاکە، دووەم کردنی بە شیعر. لەمەدا وەرگێڕەکە دەبێ شاعیر بێ و شارەزای یاساکان و کێش و قافیەی ئەو زمانە بێ کە شیعرەکەی وەردەگێڕێتە سەر. بۆ ئەم جۆرە وەرگێڕانە. ئەم پارچە شیعرەی شاعیری مەزنی تورك (نازم حیکمەت) وەک نموونە دەهێنمەوە کە لەلایەن (کاکەی فەلاح) هوە بە شیعر خراوەتە سەر زمانی کوردی:

جوانترین دەریا، ئەو دەریایەیە
کە تاکو ئێستا مەلەی نەدیوە
جوانترین ساوا ، .ئەو ساوایەیە
لێوی گەورەیی پێنەکەنیوە
خۆشترین ڕۆژمان ئەو ڕۆژیە وا
بە ژینی ئێمە ڕانەچەنیوە
جوانترین وشەش کە بە تۆی بڵێم
ئەوەیە لە دەم هەڵنەوەریوە

---

**تێبینی:**
بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنوسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە، نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە.

گۆڤاری زمانەوانیی

# پێشەکییەک لە بارەی مێژوو و گەشەسەندن و جۆرەکانی وەرگێڕانەوە



لاڤین یوسف حەمەڕەئوف

* بەکالۆریۆس لە بەشی وەرگێڕان، زانکۆی سلێمانی
* ماستەر لە بەشی وەرگێڕان، زانکۆی چەرموو
* مامۆستای بەشی وەرگێڕان، زانکۆی جیهان_ سلێمانی

## مێژووی وەرگێڕان لە جیهاندا

وەرگێڕان بریتییە لە پرۆسەیەک، کە لە ڕێگەیەوە دەقێک لە زمانێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زمانێکی تر بە پاراستنی واتا و مەبەستی دەقە سەرەکییەکە. ئەم کرداری وەرگێڕانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گواستنەوەی زانست و کولتوور لە نێوان گەلاندا. وەرگێڕان بەردی بناغەی پردی پەیوەندییە لە نێوان کولتوورە جیاوازەکان و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گەشەسەندنی شارستانیەتدا. کاری وەرگێڕان لە سەرەتادا وەک چالاکییەکی مرۆیی بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. دەکرێت بڵێین کە وەرگێڕان لەو کاتەوە سەریهەڵدا، کە پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکاندا دەستیپیکرد. سەرەتاکانی وەرگێڕانی بەڵگەنامەکراو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆنی میزۆپۆتامیا (کوردستان و بەشێک لە عێراقی ئێستا) لە نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین، کاتێک کە فەرهەنگی دووزمانی سومەری - ئەکەدی دروستکرا.

یەکێک لە کۆنترین بەڵگەنامەکانی وەرگێڕان کە تا ئێستا دۆزراوەتەوە، بەردی ڕۆزێتایە کە لە ساڵی ١٧٩٩ لە میسر دۆزرایەوە و یارمەتیی نوسینەوەی هێرۆگلیفیی میسری دا. ئەم بەردە دەقێکی وەرگێڕدراوی لە سێ زمانی جیاواز لەخۆگرتبوو: هێرۆگلیفیی میسری، دیمۆتیکی میسری و یۆنانیی. لە سەردەمی کلاسیک و لە سەردەمی ڕۆمادا، شیسەرۆن و هۆراس وەک دوو وەرگێڕی بەناوبانگ ناسراون، کە کاری وەرگێڕانی یۆنانییان بۆ سەر لاتینی ئەنجامداوە. شیسەرۆن تیۆرێکی وەرگێڕانی داهێنا، کە تێیدا جەختی لە سەر گواستنەوەی واتای گشتی دەکرد نەک وەرگێڕانی وشە بە وشە. ئەم تیۆرە ڕێگەیەکی نوێی بۆ وەرگێڕان کردەوە، کە تا ئەمڕۆیش کاریگەری هەیە. لە بڵاوبوونەوەی ئایینەکانیشدا وەرگێڕان ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە بۆ نموونە: یەکێک لە گرنگترین وەرگێڕانەکانی مێژوو وەرگێڕانی تەورات (عەهدی کۆن) بوو لە عیبری بۆ یۆنانیی، کە بە "سەپتواگینت" ناسراوە و لە سەدەی سێیەمی پێش زاییندا ئەنجامدرا. پاشان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەرگێڕانی ئینجیل (عەهدی نوێ) بۆ زمانە جیاوازەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بڵاوبوونەوەی مەسیحیەتدا. پاشان وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانەکانی تریش دەستپێکرد. لە سەدەی نۆیەم و دەیەمی زاییندا، "خانەی حیکمەت" لە بەغدا بوو بە ناوەندێکی گرنگی وەرگێڕان. لەوێدا بەرهەمە یۆنانی و سریانی و فارسی و هیندییەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدران، بە تایبەتی دەقە فەلسەفی و زانستییەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتوون و ئەقلیدس و گالینوس و زانایانی تر. ئەم وەرگێڕانانە پاشان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە ڕێنیسانسی ئەوروپادا.

**مێژووی وەرگێڕان لە کوردستاندا**

وەرگێڕان وەک کردارێکی کولتووری و زانستی مێژوویەکی دێرینی لە کوردستاندا هەیە. سەرەڕای هەموو ئەو سەختی و بەربەستانەی لە بەردەم زمان و کولتووری کوردیدا هەبوون، وەرگێڕان توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە دەوڵەمەندکردنی کولتوور و زانستی کوردیدا ببینێت. وەرگێڕان وەک پردێک وابووە لە نێوان کولتووری کوردی و کولتوورەکانی دیکەی جیهان، یارمەتیدەر بووە لە گواستنەوەی زانست و هونەر و ئەدەب لە نێوان زمانەکاندا. مێژووی وەرگێڕانی کوردی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردستانەوە. دابەشبوونی کوردستان بە سەر چەند وڵاتێکدا، قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە هەندێک ناوچە و نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی یەکگرتوو، کاریگەریی نەرێنییان هەبووە لە سەر گەشەکردنی وەرگێڕان لە کوردستاندا، بەڵام سەرەڕای ئەم بەربەستانە، هەوڵی بەردەوام دراوە بۆ وەرگێڕان و گواستنەوەی بەرهەمە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی

کوردی. سەرەتاکانی وەرگێڕان لە کوردستان زیاتر پەیوەستبوون بە وەرگێڕانی دەقە ئایینییەکان، بە تایبەتی قورئان، تەفسیر و حەدیس. پاشان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، وەرگێڕان بەرەو بوارەکانی سیاسەت، کۆمەڵناسی و زانست هەنگاوینا. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بە تایبەتی دوای شۆڕشەکان و بزوتنەوە سیاسییەکانی کورد، وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگتری گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی کوردەکان و ناساندنی بیروبۆچوونە نوێیەکان. دوای ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان، بەستێنێکی باشتر بۆ وەرگێڕان ڕەخسا و گەشەسەندنێکی بەرچاو لەم بوارەدا بەدیهات. هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و باشتربوونی هۆکارەکانی پەیوەندیی، وەرگێڕانی کوردی هەنگاوی نوێی ناوە. وەرگێڕانی ئۆنلاین و وەرگێڕانی بەکۆمەڵ و وەرگێڕانی کۆمپیوتەری و وەرگێڕانی میدیایی بوارە نوێیەکانی وەرگێڕانن، کە لە کوردستاندا گەشەدەکەن. هەروەها دەستگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە پشتگیرییکردنی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان. مێژووی وەرگێڕان لە کوردستان مێژوویەکی دەوڵەمەندە بە ئەزموون و دەستکەوت و قوربانیدان. وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پاراستنی شوناسی کوردی و بەرەوپێشبردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و کولتووری کورد. لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، کوردەکان توانیویانە ئاشنای بیری جیهانی ببن و لە هەمان کاتدا کولتوور و داهێنانی خۆیان بە جیهان بناسێنن.

وەرگێڕان لە کوردستان زیاتر لە سەر دەقە ئایینییەکان چڕبووەوە و دەیانویست پەیامە ئایینییەکان بگەیەنن. بۆ نموونە: وەرگێڕانی قورئان و تەفسیر و حەدیسەکان بۆ سەر زمانی کوردی. هەروەها هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییە کلاسیکییەکانی وەک شانامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی و بەرهەمەکانی سەعدی و حافز لە فارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراون. لە قۆناغی دواتردا کە دەکرێت بڵێن (سەرەتای سەدەی ٢٠) و بە تایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دروستبوونی دەوڵەتە نوێیەکان لە ناوچەکەدا، قۆناغێکی نوێی وەرگێڕانی کوردی دەستیپێکرد. لەم قۆناغەدا وەرگێڕان گۆڕا لە وەرگێڕانی تەنها دەقە ئایینی و ئەدەبییەکانەوە بۆ وەرگێڕانی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستییەکان. لە کوردستانی باشوور، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "پێشکەوتن" کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە سلێمانی دەرچوو، دەستی بە بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاوی بابەتە جۆراوجۆرەکان کرد. پاشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران)، کۆماری کوردستان (١٩٤٦) کە ماوەیەکی کورت بەردەوامبوو، هەوڵدرا بۆ دروستکردنی سیستەمێکی وەرگێڕان بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی.

لە نیوەی دووەمی سەدەی ٢٠دا بە تایبەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، وەرگێڕانی کوردی گەشەسەندنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. لەم قۆناغەدا زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بەشێکیان تەرخانکرد بۆ وەرگێڕدراوی بابەتە جۆراوجۆرەکان. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستانی باشوور، سەربەخۆیی نیمچە دەوڵەتی کوردی و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، قۆناغێکی نوێی وەرگێڕانی کوردی دەستپێکرد. لەم قۆناغەدا، وەرگێڕان گەشەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. وەک دامەزراندنی چەندین دەستگای چاپ و پەخش، کە گرنگییەکی تایبەتیان بە وەرگێڕان دەدا و دامەزراندنی بەشی وەرگێڕان لە زانکۆکانی کوردستان و دامەزراندنی سەندیکای وەرگێڕانی کوردستان و هاوکات هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە وەرگێڕان، یان گرنگیدان بە وەرگێڕان وەک گۆڤاری "وەرگێڕان"، لەگەڵ ئەمانەیشدا دروستبوونی پردی پەیوەندی لەگەڵ دەستگا و ناوەندە زانستی و ئەدەبییەکانی دەرەوە و هاوکاریی زۆر باش بوون لە بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی بواری وەرگێڕاندا.

> **"وەرگێڕان لەو کاتەوە سەریهەڵدا، کە پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکاندا دەستیپێکرد"**

**جۆرەکانی وەرگێڕان لە ڕابردوودا**

لە ڕابردوودا، وەرگێڕان چەندین فۆڕم و شێوازی جیاوازی بە خۆیەوە بینیوە، کە هەریەکەیان گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. ئەو شێوازانە کە لە خوارەوە باسیاندەکەین ڕەنگدانەوەی پێداویستیی مرۆڤایەتی بوون لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا و پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ گواستنەوەی زانست و ئایین و کولتوور و هونەر لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان:

١. وەرگێڕانی وشە بە وشە (Literal Translation): لە سەرەتاکانی مێژووی وەرگێڕاندا، شێوازی باو وەرگێڕانی وشە بە وشە بوو. لەم شێوازەدا هەوڵدەدرا وشەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ گۆڕانکاری وەربگێڕدرێن.

٢. وەرگێڕانی ئازاد (Free Translation): لە سەردەمی ڕۆمادا وەرگێڕانی ئازاد دەستپێکرد، کە تێیدا وەرگێڕ ئازادیی زیاتری هەبوو بۆ گونجاندنی دەق لەگەڵ کولتووری زمانی ئامانجدا.

٣. وەرگێڕانی ئایینی (Religious Translation): ئەم جۆرە وەرگێڕانە تایبەت بوو بە وەرگێڕانی دەقە ئایینییەکان. بۆ نموونە: وەرگێڕانەکانی کتێبی پیرۆز و قورئان.

٤. وەرگێڕانی زانستی (Scientific Translation): بە تایبەتی لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامیدا، وەرگێڕانی دەقە زانستی و فەلسەفییەکان لە یۆنانی و لاتینی و زمانەکانی ترەوە بۆ عەرەبی و پاشان لە عەرەبییەوە بۆ ئەوروپا گرنگییەکی زۆری هەبوو.

**جۆرەکانی وەرگێڕان لە سەردەمی نوێدا**

لە سەردەمی نوێدا، بە تایبەتی لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەم، وەرگێڕان گەشەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. لە ژێر کاریگەریی بەجیهانیبوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پەرەسەندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، جۆرە جیاوازەکانی وەرگێڕان سەریانهەڵداوە و گەشەیانکردووە. ئەمانەی خوارەوە گرنگترین جۆرەکانی وەرگێڕانن لە سەردەمی هاوچەرخدا:

١. وەرگێڕانی دەقی (Text Translation): جۆرەکانی وەرگێڕانی دەقی چەندین بواری جیاواز دەگرێتەوە، کە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستی بە شارەزایی و توانای تایبەتیی وەرگێڕە. وەرگێڕانی ئەدەبی، کە بریتییە لە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکان وەک ڕۆمان، چیرۆک، شیعر و شانۆنامە، پێویستی بە هەستێکی هونەری و توانای داهێنانە، نەک تەنها واتای وشەکان، بەڵکو ستایل، ڕیتم و چێژی دەقی ئەدەبییش بگوازێتەوە. وەرگێڕانی زانستی، بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بوارەکانی پزیشکی، ئەندازیاری و زانستە سروشتییەکان، تێیدا وردی و دروستی لە بەکارهێنانی زاراوە تەکنیکییەکان زۆر گرنگە. وەرگێڕانی یاسایی، کە تایبەتە بە بەڵگەنامە یاساییەکان وەک گرێبەست و بڕیار و ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەر هەڵەیەک تێیدا دەتوانێت کاریگەریی گەورەی یاسایی هەبێت. وەرگێڕانی بازرگانی، بۆ بەڵگەنامە بازرگانییەکان وەک پرۆپۆزەڵ و ڕاپۆرتی دارایی و پلانی بازرگانی، کە زۆر گرنگە بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان. وەرگێڕانی پەروەردەیی، تایبەت بە کتێبە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و مەنهەجەکان، کە هەموویان بواری گرنگی وەرگێڕانی دەقین لە سەردەمی نوێدا.

٢. وەرگێڕانی زارەکی (Oral Translation)یان ڕاستەوخۆ (Interpretation): وەرگێڕانی زارەکی یان ڕاستەوخۆ، پرۆسەی وەرگێڕانی گفتوگۆ یان وتاری زارەکییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە کۆنفرانس، کۆبوونەوە و دانوستاندنە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاردێت. جۆرەکانی بریتین لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی هاوکات (Simultaneous Interpretation) لەم شێوازەدا، وەرگێڕ بە شێوەیەکی هاوکات

لەگەڵ قسەکەردا وەردەگێڕێت، واتە دواکەوتنێکی کەم هەیە لە نێوان قسە و وەرگێڕاندا. ئەم شێوازە بە تایبەتی لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و کۆبوونەوەکان و پەخشە ڕاستەوخۆییە میدیاییەکاندا ئەنجامدەدرێت. ڕاستەوخۆی دوابەدوای یەک (Consecutive Interpretation)لەم شێوازەدا، وەرگێڕ چاوەڕێدەکات تا قسەکەر بڕێک قسە یان بەشێک تەواوبکات، پاشان دەست بە وەرگێڕان دەکات و دوابەدوای قسەکەر قسەکان وەردەگێڕیت. وەرگێڕانی چرپاندن Whispered Interpretation)) لەم شێوازەدا، وەرگێڕ بە چرپە وەردەگێڕێت بۆ یەک یان چەند کەس کە لە نزیکیەوە دانیشتوون. ئەم شێوازە لە کۆبوونەوە بچووکەکاندا بەکاردێت، کە زۆربەی بەشداربوان زمانی قسەکەر تێدەگەن، بەڵام چەند کەسێک پێویستیان بە وەرگێڕان هەیە. هەروەها دوانەوانی بەدوایەکداهاتوو (Relay Interpretation) لەم شێوازەدا، وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ناوەندی و پاشان لە زمانە ناوەندییەکەوە بۆ زمانی کۆتایی ئەنجامدەدرێت. بۆ نموونە: لە ژاپۆنییەوە بۆ ئینگلیزی و پاشان لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی. ئەم شێوازە بەکاردێت کاتێک دوانەوانی ڕاستەوخۆ لە نێوان زمانە ڕەسەنەکە و زمانی ئامانجدا نییە.

**”وەرگێڕان توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە دەوڵەمەندکردنی کولتوور و زانستی کوردیدا ببینێت “**

٣. وەرگێڕانی میدیایی: وەرگێڕانی میدیایی وەک بوارێکی گرنگی وەرگێڕان لە سەردەمی نوێدا، بریتییە لە وەرگێڕانی بەرهەمە میدیاییەکان وەک: فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنی و دۆکیومێنتاری و بەرنامەکانی تری بینراو و بیستراو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کە بە چەند شێوازێکی سەرەکی ئەنجامدەدرێت. لەو شێوازانە: ژێرنوس (Subtitling)، تێیدا دیالۆگی بەرهەمەکان وەردەگێڕدرێت و لە خوارەوەی شاشەکەدا پیشاندەدرێت، کە ئەمە شێوازێکی بەرچاو و باوە بۆ فیلم و زنجیرەکان. دۆبلاژ Dubbing))، کە دەنگی ئەکتەرەکان بە دەنگی ئەکتەری زمانی ئامانج دەگۆڕدرێت و دیالۆگەکان وەردەگێڕدرێن و تۆماردەکرێنەوە، شێوازێکی زۆر باوە لە وڵاتانێکدا کە ژێرنوس کەمتر پەسەنددەکەن. شێوازی بەگەڕاندنەوە (Voice-over)، تێیدا دەنگی ڕەسەن کزدەکرێت و دەنگی وەرگێڕدراو لە سەروو دەنگی ڕەسەنەوە دادەنرێت، شێوازێکە زۆرتر لە دۆکیومێنتاری و هەواڵدا بەکاردێت. هەروەها وەرگێڕانی بەر لە دەرهێنان (Pre-production Translation)، کە سیناریۆی بەرهەمێکی میدیایی پێش دەرهێنان وەردەگێڕدرێت،

شێوازێکە بەکاردێت کاتێک بەرهەمێک لە زمانێکی تر بەرهەمدەهێنرێت. ئەم بوارەی وەرگێڕان گرنگییەکی زۆری هەیە لە گواستنەوەی کولتوور، هونەر و زانیاری لە نێوان گەلان و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە سەر پەروەردەکردن و ئاشنابوونی خەڵک بە کولتوورەکانی تر.

٤. وەرگێڕانی لۆکاڵایزەیشن (Localization): وەرگێڕانی لۆکاڵایزەیشن (Localization) بریتییە لە وەرگێڕان و گونجاندنی بەرهەمێک، خزمەتگوزارییەک یان ناوەڕۆکێک بۆ بازاڕێکی تایبەت، بە ڕەچاوکردنی لایەنە کولتووری و یاسایی و تەکنیکی و ستایلییەکان، کە ئەوە دەیکاتە شێوازێکی فراوانتر لە وەرگێڕانی ئاسایی، چونکە تەنیا وەرگێڕان ناگرێتەوە، بەڵکو گونجاندنی هەمەلایەنەی بەرهەمێکە بۆ کولتوورێکی تایبەت. ئەم جۆرە وەرگێڕانە چەندین بوار دەگرێتەوە، یەکەم: لۆکاڵایزەیشنی سۆفتوێر، کە بریتییە لە وەرگێڕان و گونجاندنی ناونیشان و پەیام و ڕێنمایی و فایلە یارمەتیدەرەکانی سۆفتوێر و ئەپڵیکەیشن و سیستەمە کۆمپیوتەرییەکان. دووەم: لۆکاڵایزەیشنی وێبسایت، کە دەقی وێبسایتەکان وەردەگێڕدرێت، فۆرماتەکانی ڕێککەوت و کات و دراو و وێنە و ڕەنگەکانیش دەگۆڕدرێن بۆ گونجان لەگەڵ کولتووری بازاڕی ئامانجدا. سێیەم: لۆکاڵایزەیشنی گەیم، بۆ گونجاندنی یاری (گەیم) بۆ بازاڕی نوێ، نەک تەنیا وەرگێڕانی دیالۆگ و ڕێنمایی، بەڵکو هەموارکردنی ناوەڕۆکیش بۆ گونجان لەگەڵ نۆرمە کولتووری و یاساییەکان. چوارەم: لۆکاڵایزەیشنی بەرهەم، کە زانیاری و ناونیشان و ڕێنمایی بەکارهێنان و پاکەتی بەرهەمەکان وەردەگێڕدرێن و دەگونجێنرێن بۆ بازاڕێکی نوێ، کە هەموو ئەم پرۆسانە پێویستیان بە تێگەیشتنێکی قووڵی کولتووری و شارەزایی لە بازاڕی ئامانجدا هەیە.

٥. وەرگێڕانی ماشینی (Machine Translation): بریتییە لە بەکارهێنانی سیستەمە کۆمپیوتەرییەکان بۆ وەرگێڕانی خۆکار لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەبێ بوونی مرۆڤ یان بە یارمەتیی کەم لە مرۆڤەوە، کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە چەند شێوازێکی سەرەکی دەگرێتەوە، یەکەم: وەرگێڕانی ماشینی ڕوو لە سەر ڕێزمان (Rule-Based Machine Translation)، کە تێیدا سیستەمی وەرگێڕان لە سەر بنەمای ڕێساکانی ڕێزمانی زمان و فەرهەنگ کاردەکات و ڕێساکانی هەردوو زمانی سەرچاوە و ئامانج بەکاردێنێت. دووەم: وەرگێڕانی ماشینی ئاماری (Statistical Machine Translation)، کە لە سەر بنەمای شیکردنەوەی ئاماری دەقە وەرگێڕدراوەکانی پێشوو کاردەکات و ئەگەری وەرگێڕانی ڕاست بۆ ڕستە و دەستەواژەکان دیاریدەکات. سێیەم: وەرگێڕانی قووڵ یان نیوراڵ (Neural Machine

Translation)، کە ئاستێکی پێشکەوتووتری وەرگێڕانی ماشینییە و لە سەر بنەمای تۆڕە دەمارییە دەستکردەکان کاردەکات و ناوەڕۆکی ڕستە و دەستەواژەکان بە شێوەیەکی باشتر تێدەگات، وەک سیستەمی گووگڵ ترانسلەیت و مایکرۆسۆفت ترانسلەیتەر. چوارەم: وەرگێڕانی ماشینی پشتیوانیکراو لە لایەن مرۆڤەوە، کە دەقەکە بە ماشین وەردەگێڕدرێت و پاشان مرۆڤ پێداچوونەوە و هەمواریدەکات. پێنجەم: وەرگێڕانی مرۆیی پشتیوانیکراو لە لایەن ماشینەوە، کە مرۆڤ وەرگێڕان دەکات، بەڵام لە ئامرازی وەرگێڕانی کۆمپیوتەری وەک فەرهەنگی ئەلەکترۆنی و بیرگەی وەرگێڕان و پێشنیازکەری وەرگێڕان کەڵکوەردەگرێت. سەرەڕای پێشکەوتنە گەورەکانی ئەم بوارە، وەرگێڕانی ماشینی هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستێک، کە بتوانێت بە تەواوی جێگەی وەرگێڕی مرۆیی بگرێتەوە.

> **"دوای شۆڕشەکان و بزوتنەوە سیاسییەکانی کورد، وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی کوردەکان و ناساندنی بیروبۆچوونە نوێیەکان "**

### گرنگیی وەرگێڕان لە جیهانی هاوچەرخدا

گرنگیی وەرگێڕان لە جیهانی هاوچەرخدا لە چەندین ڕووەوە دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بازرگانیی جیهانی و گەشەسەندنی زمان و کولتوور. لە ڕووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، وەرگێڕان پردی پەیوەندییە لە نێوان حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، کە بەبێ وەرگێڕان، گفتوگۆ و دانوستاندنە نێودەوڵەتییەکان وەک کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆبوونەوە دیپلۆماسییەکان زۆر ئەستەمدەبێت. لە ڕووی بازرگانیی جیهانییەوە، وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی بازاڕی جیهانیدا، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ فراوانکردنی بازاڕەکانیان پێویستیان بە وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان و وێبسایت و بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانیان هەیە بۆ زمانەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر. لە ڕووی گەشەسەندنی زمان و کولتوورەوە، وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستن و گەشەپێدانی زمان و کولتووری نەتەوە جیاوازەکان، لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، زمانەکان دەوڵەمەنددەبن بە چەمک و زاراوەی نوێ و کولتوورەکان کاریگەری دەخەنەسەر یەکتر و بیروبۆچوون و داهێنانە نوێیەکان بڵاودەبنەوە. هەروەها وەرگێڕان ڕۆڵێکی سەرەکی

هەیە لە گەشەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیادا، چونکە بەشێکی زۆری توێژینەوە و دۆزینەوە زانستییە نوێیەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ زمانەکانی تر، بەمەیش زانست و زانیاری بە خێرایی بڵاودەبێتەوە و پێشدەکەوێت، کە ئەمەیش بوو بە هۆی پێشکەوتنی خێرای جیهان لە هەموو بوارە زانستی و تەکنەلۆژییەکاندا.

## ئاڵەنگارییەکانی بەردەم وەرگێڕان

سەرەڕای گرنگی و پێویستیی وەرگێڕان لە جیهانی هاوچەرخدا، ئەم بوارە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبێتەوە، کە گەورەترینیان جیاوازیی کولتوورییە، چونکە هەندێک چەمک و دەستەواژە لە کولتوورێکدا هەیە کە لە کولتوورێکی تردا نییە یان بە تەواوی جیاوازە، ئەمەیش وادەکات وەرگێڕانی تەواوی مەبەست و ڕەهەندەکانی ئەو چەمکانە بۆ زمانێکی تر کارێکی زۆر ئەستەم بێت. هەروەها وەرگێڕانی زمانە تەکنیکی و پسپۆڕییەکان ئاڵنگارییەکی گەورەیە، چونکە پێویستی بە زانیاری قووڵ و شارەزایی تایبەت لە بوارەکەدا هەیە، بۆ نموونە: لە وەرگێڕانی بابەتە پزیشکی، ئەندازیاری و یاساییەکاندا، وەرگێڕ دەبێت شارەزایی باشی لە زاراوە تەکنیکییەکان و بوارەکەدا هەبێت. ئاڵنگارییەکی گرنگی تر، وەرگێڕانی گاڵتە و تەنز و دەستەواژە ئیدیۆمییەکانە، کە زۆر پەیوەستن بە کولتوور و کۆنتێکستی زمانەوە و زۆر جار واتا و کاریگەرییەکەیان لە وەرگێڕاندا لەدەستدەچێت. لایەنی ئەخلاقیی وەرگێڕانیش ئاڵنگارییەکی گرنگە، چونکە وەرگێڕ بەردەوام لە نێوان پابەندبوون بە دڵسۆزی بۆ دەقی سەرەکی و ڕاستگۆیی و لە لایەکی ترەوە گەیاندنی واتاکە بە شێوەیەکی ڕوون و تێگەیشتوو و خەمڵاندنی بۆ زمانی ئامانج، کە ڕەنگە هەندێک گۆڕانکاریی پێویست بکات دەژی. ئاڵنگارییەکی تر ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا و وەرگێڕانی ماشینی سەرەڕای پێشکەوتنە بەرچاوەکەی، تاکو ئێستا ناتوانێت بە تەواوی جێگەی وەرگێڕانی مرۆیی بگرێتەوە، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی و هونەری و کولتووریدا، کە لێرەدا هەستی هونەری و تێگەیشتنی مرۆڤانە گرنگە.

# ڕەوشی وەرگێڕان لە لای ئێمە



شەفیقی حاجی خدر

* لە گوندی گرتک، لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە.
* بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە.
* لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.
* ٣٠ کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزی و عەرەبییەوە وەرگێڕاون.
* دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی قانونی و سیاسی و ئەدەبیشی بڵاوکردوونەتەوە.

وەرگێڕان مێژوویەکی زۆر دووردرێژی هەیە، مێژووەکەیش بۆ خودی سروشتی بەکۆمەڵبوونی مرۆڤەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو خاسیەتە کۆمەڵایەتییەی مرۆڤ پێویستی بە لەیەکتێگەیشتن هەیە، کە خۆی لە هەموو سەروسەودا و هامۆشۆیەکی ڕۆژانە دەبینێتەوە؛ هەڵبەت ئەمەیش لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت. ئیدی زمان ڕۆڵێکی جەوهەری لە سەرهەڵدان و پێشخستنی ژیارییەوە بینیوە و دەبینێت، کاتێکیش دەڵێین زمان، مەبەست لە دەربڕینی خواستی مرۆڤە، واتە لە ڕێی زمانەوە وەرگێڕانی نیاز و خواستی مرۆڤ بۆ کردار، ئەوەیش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە باسی زمان دەکرێت، باسی فرەزمانی دەکرێت، چونکە مرۆڤ بە فرەزمانی و کولتوور و شارستانیەت ناسراوە. ئینجا نێوەندی لەیەکتێگەیشتنیش لە ڕێگەی زمانی ماخۆکانی دەربڕینەوە بووە، کە لە یەکتر جیاواز بوون، ئەو لەیەکجیاوازییەیش پێویستی بە زانینی زمانی یەکتر بووە، ڕاستی ئەوەیە فێربوونی زمانی یەکتریش بۆ هەموو کەسێک نەڕەخساوە، بۆیە وەرگێڕان ئەو ڕۆڵە بنگەییەی بینیوە. لێرەوە هەقە بۆ بایەخی زمان بگەڕێینەوەسەر دوو بەڵگەوبەندی دینی و فەلسەفی، ئینجا وەڵامی پرسیاری بایەخی وەرگێڕان دەستدەکەوێت.

یەکەم: تەورات لە سفری پێکهاتنەوە (Genesis ١١:) شتێک بەو واتایە دەڵێت، گوایە خواوەند لە ترسی یەکزمانیی خەڵکی سەر زەوی، لەوەی قوللەیەک دروستبکەن لە نهێنیی خواوەند بگەن، ترسا و دابەزی؛ لە ڕێی پەرتکردنی زمانەکەیانەوە کارێکی وایکرد هیچیان لە یەکتر نەگەن، بەمە پەرتوبڵاوبوونەوە و پرۆژەکەیان سەرینەگرت و زمانەکەیان بۆ یەکتری بووە حەللەق و مەللەق. واتە زمان ڕۆڵێکی هەرە بنگەیی یەکخستنی هێز و تواناکانە، کە بە خۆیەوە ماخۆکەی تەکان بە ڕەوتی پەرەسەندووی ژیاریی خۆی بدات. دواتر بۆئەوەی ئەو خەڵکە لە یەکتر بگات، هەروەها بۆئەوەی لە دەقی خودی ئەو کتێبە دینییە بگەن، پێویستبوو وەربگێڕدرێتەسەر زمانەکەیان، دواتر ئەم پرسە ڕوونتردەبێتەوە.

دووەم: هەر لە کۆنی کۆنەوە و لە سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەوە، سیمای ناوازەی جیاکەرەوەی مرۆڤ لە باقیی بونەوەرەکانی دیکە بووەتە پرسێکی پڕ لە مقۆمقۆ و تێڕوانین. لەم بارەیەوە ئەرستۆ خاڵێکی وەرچەخێنەرە، چونکە لە دوو کتێبی بەناوبانگی "سیاسەت و ئاکاری نیکۆماکیانی" گەنگەشەی پرسی هێنانەکایەی دادپەروەری دەکات و دەبەستێتەوە بە خاسیەتە جیاکەرەوەکەی مرۆڤ، کە دەنگ و زمانە. ئەو گوتەیەکی هەیە دەڵێت: مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە، ئەم سیاسیبوونەی لە دەنگیدا ڕەنگدەداتەوە. ئەوسا وەنەبێت دەنگ هەر لێوەدەرچوونی ڕیتمێکی دەنگی بێت، ئەو ئەمە بە دەنگ دانانێت، چونکە ئاژەڵەکانیش ئەو دەنگەیان هەیە، بەڵکو ئەو دەنگ بە زمان دەبەستێتەوە، بە لای ئەو دەنگ زمانە، زمانیش دەربڕینی نیاز و خواستی ماخۆکەیەتی، کە بە پاشخانێکی ئاوەزەوە دەریدەبڕێت. ئیدی کۆمەڵبوونی مرۆڤ لە دووتوێی قەوارەی کۆمەڵگەکەی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، پێویستی بە لێتیگەیشتنی یەکدی هەیە، ئەویش هەر زمان داردەستەکەیە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییەیش، ئاخۆ شارستانی چۆن هاتەکایە و چۆنچۆنییش بڵاوبووەوە و چۆن پێشکەوت، زانست و زانیاری چۆن تەنییەوە؟ ئەوا هەر زمان وەڵامەکەیەتی. دیارە هەر کاتێک باسی بڵاوبوونەوە و دەرچوون لە بازنەیەکی تەسکی قەوارەی شارەدەوڵەتەکانی سەردەمی کۆنیش بێت، یان هەر کاتێک باسی فراوانخوازی و ئیقلیمگیری و داگیرکاری بکرێت، هەر زمان چەقی بازنەکەی دەگرێت، بەو واتایەی کردەی لەیەکتێگەیشتن و ئاڵوگۆڕ لە یەک یەکدی لە نێوان تیر و هۆز و نەتەوەکاندا بێت، کە وەرگێڕان بەردەبازیبووە.

دیارە هەر وەک ڕێسای لۆژیکی بەرایی شتەکان، وەرگێڕانیش بە وەرگێڕانی زارەکی دەستیپێکردووە، لێ کاتێک بۆ بەڵگەی زیندوو بگەڕێینەوە و دەقی بەردەگڵین و هیرۆگلیفی و دیمۆتیکی و گریکیی هەرە کۆن لیبگەڕێی و بچینەسەر دیرۆکی وەرگێڕانی دەق، ئەوا مێژوو هەر دەقی دینیمان نیشاندەدات. ئەمە کردەوەیەیش بۆ سێ سەدە بەر

لە زایین دەگەڕێتەوە. هەر بۆ نموونە: وەرگێڕانی دەقی دینیی بودایی لە سانسکریتییەوە بۆ سەر زمانی چینی هانەکان و دواتر بڵاوبوونەوەی بە سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دووردا. هەروەها وەرگێڕانی تەوارتی عیبری بۆ سەر زمانی گریکیی کۆن، پاشان دوای بڵاوبوونەوەی کریستیانێتی و ئیمپراتۆریی ڕۆمانی ناچاربوو تەوجیل (مەبەست تەورات و ئینجیل بە یەکەوە) وەربگێڕێتەسەر زمانی لاتینی.

**"ڕەوتی گەشەکردنی سروشتییانەی زمان لە ڕێگەی وەرگێڕان، لە ناویشیاندا وەرگێڕانی دەقی پیرۆزی ئایینیی نەگەیشتە کوردستان، لەوەیش بەدتر کاریگەریی پێچەوانەی هەبووە "**

لێرەدا وەرگێڕان بوو ئایینەکەی بڵاوکردەوە و لە چوارچێوەی تەسکی هەوادارە بەراییەکانی پەڕاندەوە بۆ پانتاییەکی گەورەتر، لێ لەگەڵ ئەوەیشدا، وەرگێڕانی دەقی دینی واتای دیکەیشی هەبوو، کە خۆی لەوەدا دەبینییەوە، دەقی زمانی دینی وەک شەقڵێک بە پیرۆز نەزانراوە، چونکە پیرۆزییەکە لە ناوەڕۆک و پەیامەکەیدا بووە، نەوەک شێوەی زمانی دەربڕین، لە بریی ئەوە وەرگێڕان پیرۆزیی دەقەکەی بۆ زمانی وەرگێڕدراویش برد. هەر بۆ نموونە: زمانی لاتینی تا کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش بە حوکمی دەقە دینییەکان بە پیرۆز دەزاندرا، تا ئەو کاتەی تەوجیل کرایەسەر زمانە ئەوروپییەکان، ئەمەیش خۆی لە بزووتنەوەی چاکەخوازیی پرۆتستانی بینییەوە، ئەوەی لە ئاڵمان ئاڵا بە دەستی مارتن لۆسەر (١٤٨٣-١٥٤٦) و لە ئینگلیستانیش بە دەست ویلیەم تیندل (١٤٩٤-١٥٣٦)ەوە بوو. ئەوە بوو مارتن لۆسەر تەوجیلی لە لاتینییەوە کردە ئاڵمانی و ویلیەم تیندلیش بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. پاشان وەرگێڕانی ئەم دەقە پیرۆزە دینییانە لە زمانی بنەڕەتەوە بۆ زمانەکانی دیکە، بەم جۆرە هیچ تابوویەک لە بەردەم وەرگێڕاندا نەما، بزووتنەوەی وەرگێڕان وایکرد زمانە نوێیەکانیش (بە شێوەیەکی ڕێژەیی) جێگەی خۆیان بگرن و گەشەبکەن، تەنانەت پێش زمانە بنەڕەتییەکەیش بکەون. ئاخر خۆ ئێستا زمانی لاتینی بە زمانێکی مردوو دادەندرێت.

هەر بۆ نموونە: زمانی عیبریی کۆن، کە ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە ڕێی تەوارت و تەلمود و ڕاڤەکردنیەوە هەبوو، زمانی خەڵکی بژاردە بوو، کەچی لە بەرانبەر زمانە

نوێیەکان، هەر لە گریکیی کۆن دواتر لاتینی و پاشان زمانە هاوچەخەکانی ئەوروپایی نەوەک هەر پاشەکشەدەکات، بەڵکو بەجێدەمێنێت و دەبێتە زمانێکی مردوو، تەنیا لە سیناگۆکەکان و سینگی کۆمەڵە ڕابانێکی جوو قەتیسمایەوە، تەنانەت جووەکان لە ئەوروپادا زمانێکی دیکەیان لە بریی عیبری قسەپێدەکرد، کە زمانی یدیشی بوو، ئەو زمانەی تێکەڵەیەک بوو لە زمانی عیبریی کۆن و زمانە ئەوروپییەکان بە تایبەتییش ئاڵمانی و ڕوسی. ئەم دۆخەیش تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو درێژەیکێشا، تا ئەو کاتەی جوو لە ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیلیان دروستکرد و سەرلەنوێ کەوتنەوەسەر بوژاندنەوەی زمانە دێرینەکەیان. کەواتە زمان وەک ئۆرگانێکی زیندوو لە جووڵەدایە، سەرەتا و گەشە و کۆتایی هەیە، لێ گەلۆ، کاتێک ئێمە بێین و ئەم ڕەوشە وەک پێوەرێک لە سەر زمانی کوردی دابنێین و پرسی ژیاری و بڵاوبوونەوەی زانیاری لە ناو کوردەواریدا پێبپێوین، کە هەڤی خۆشمانە وابکەین، بە داخەوە دەگەینە ئەنجامێکی پێچەوانە. لێکەوتەکە وەک ئاواژەبوونەوەی زۆر شتی دیکەی سیاسیی کوردەواری، ئەمەشیان وادەکەوێتەوە. با بزانین چۆن:

جارێک لە پێشەوە، مشتومڕی لە سەر ڕەگوڕیشەی کوردبوون، بە واتا زمانییەکەی لە پرسی مێژووی شارستانی و ئیمپراتۆرە مەزنەکانی مێژوو، وەک سۆمەری و میدی و ساسانی و دینێکی وەک زەردەشتی و میترایی یەکلانەبووەتەوە، چونکە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر نییە تا زمانناسان بە ئاسانی بۆی بگەڕێنەوە، هەر بۆیە دەبێت ڕوو لە پرسی خوێندن و نوسینی هاوچەرخ بکەین. زۆریش جێی داخ و کەسەرە، بەڵگە مێژووییەکانی بەرچاوی بێمشتومڕی نوسینی کوردی بە وەرگێڕانیشەوە لە چەند سەد ساڵێک تێناپەڕن، ئەویش هەر هەندێک بەڵگەی نوسراوی دەگمەن ماوەنەتەوە، شیعر و هۆنینەوەیش پشکی شێری بەرکەوتووە.

دەکرێت ئەوە بگوترێت کاتێک وەرگێڕانی تەوجیل بۆ زمانەکانی دیکە ئەو کاریگەرییەی هەبووبێت، ئەدی بۆچی بۆ کوردی نەیبووە؟ بۆ وەڵامیش پێویست بە تێڕامانی زۆر ناکات، چونکە هەردوو سەدە دەبێت تەوجیل کراوەتە کوردی، بەڵام لە مەودایەکی زۆر بەرتەسک ماوەتەوە، چونکە زۆرینەی کورد مسوڵمان بوون، نەوەک کریستیانی، بۆیە کاریگەرییەکەی حیسابی نەبووی بۆ دەکرێت.

ئینجا ماوەتەوە سەر قورئان. ئەوەی ڕاستی بێت ڕوانین بۆ پیرۆزێتیی قورئان لە لای مسوڵمانان زۆر جیاوازترە لە ڕوانینی کریستیان و جوو بۆ کتێبەکانی ئینجیل و تەورات، چونکە قورئان بە حوکمی چەند ئایەتێکی، کە دەقاودەقانە وەک چۆن نوسراوە، وەها لێکدراوەتەوە، بووە بە پەڕجوو (اعجاز)ی دینەکە و سیفەتی پیرۆزبوونیشی وەرگرتووە،

بۆیە وەرگێڕانـی چـووەتە بـازنـەی حـەرام و بـڤـەوە، هـەر هیـچ نـەبێت بـۆ نەتـەوەیەکی مسولْمانی وەک کورد، کە هەمیشە ئەوەندە بە دڵسۆزی دین و ئایۆلۆژیای دەرەوەی سنوورەکەی وەرگرتووە تا گەیشتووەتە ڕادەی سادەیی و ساویلکەیی، بە شێوەیەک لە جیاتیی ئەوەی بۆ شکۆی خۆی بەکاریبهێنێت، بە پێچەوانەوە شکۆکەی لە ناویدا تـواوەتـەوە، ئـەوەنـدە خزمـەتیکـردووە، ڕێک پـەنـدە کوردییـەکە بە ڕاست وەرگـەڕاوە: "کوچک لە ئاگر گەرمتر بووە".

> **"بە هۆی نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نووسین و نەبوونی ڕێنووس و قاموسێکی یەکگرتووی کوردییەوە؛ وەرگێڕان بواری ئەوەی نەبووە کاریگەرییەکی ئەرێنیی بکاتەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن"**

کاتێکیش ئـاخـێـوەری مسـولْـمـانانی غـەیـرەعـەرەب، بـە تـایبـەتییش فـارس و تـورک قـورئـانیان کردووەتەسـەر زمانـەکـەی خـۆیان، یان هـەر هیچ نـەبێت خـۆ ئـەگـەر بـە وەرگێڕانیـش نـەبێت، ئـەوا بـە ڕاڤـەکـردنـەوە بـوو، کـەچی کـورد لـەو ڕەوتـەدا زۆر دواکـەوتـووە. مێژووی وەرگێڕانـی یـەکـەم هـەوڵی لـەو جـۆرە ڕەنگبێت لـە هـەوڵی مـەلای گـەورە کۆنترنـەبووبێت، بۆیـە دەقی پیرۆز لـە لای کـوردی مسـولْمان، لـە بریی ئـەوەی بڕەو بە زمانە زگماکەکەی بدات، بە پێچەوانەوە بووە بە کۆسپێکی گەورە، تەنانەت دەقەکە لە ڕێی سرووتەکانی ڕۆژانـە و هەفتانەدا، ڕۆڵی لە تەعریبکردنیشدا گێڕاوە، لە سـەرووی هەموویشیانەوە ناوەکان. نەوەک هەر ئەوەندە، دەبینین لە ناو کولتووری دەوڵـەمـەنـدەکـەی ئیسلامـەتییـەوە، هـەر لـە فـیـقـهی شـەریـعـەت و عـیلمی کـەلام و عەقیدەوە بگرە تا سۆفیگەرێتی و عیرفان، کە سەرتاپایان بە زمانی عەرەبی (زمانەکەی قورئان) و ئینجا زمانی فارسییەوە نوسراون، زۆر لە ناوە پڕشنگدارەکانیش ئەوانەی بە عـەللامـە وێنـادەکرێن، کـورد بوونـە، بـەڵام بـە زمانی زگماکییـان نـەنـوسیـوە. ئەمە نیشانەیەکە کەوا دەستپێکی نوسینی کوردی چجای وەرگێڕان، ئەو زەمینە پتەوەی نـەبـووە کـە زمانـە خـواپێداوەکانی دیکـەی دەوروبـەر هـەیانبـووە. لـەگـەڵ ئـەوەیشـدا کۆمەڵـە شـاعیرێک لـەم ڕێسـایە ڕیزپـەڕن، لێ خـۆ ڕێسـا حیسابی بـۆ دەکـرێت نـەوەک ڕیزپەڕایەتی. بەم جۆرە ڕەوتی گەشەکردنی سروشتییانەی زمان لە ڕێگەی وەرگێڕان، لە ناویشیاندا وەرگێڕانی دەقی پیرۆزی ئایینی نەگەیشتە کوردستان، لەوەیش بەدتر

کاریگەریی پێچەوانەی هەبووە، هەر دەبوو کورد چاوەڕێی سەدەی نۆزدەهەم بکات، تا سەرەتایەکی خاوی وەرگێڕان بیتەپێشەوە، لەوێوە کەم تا کورتێک ڕۆڵی لە پەرەپێدانی زمانی کوردیدا هەبووە.

خاڵێکی دیکەی جەوهەری ئەوە بووە، زمانانی ئەوروپی و زمانانی نەتەوەکانی دراوسێمان، کە لە ڕێی نوسین و وەرگێڕانەوە پەرەیانسەندووە، هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوە بووە، ئەویش قەوارەبوونی دەوڵەت بووە، چونکە ئەو نەتەوانە لە ڕێی دامودەستگا دەوڵەتییەکانی خۆیان، کە پێویست بوو زمانی خۆیان بەکاربهێنن، گەشەیان بە زمانەکەیان داوە، هەروەها جموجوڵی وەرگێڕانیش لە لای ئەوان بە شێوەیەکی ئاراستەکراو بووە، لە ڕێی دامودەستگا تەرخانکراوەکانیانەوە بووە، بە داخەوە لەم ڕووەیشەوە، کورد نەوەک هەر لە پاش بووە، بەڵکو لە سەردەمی ئێستایشماندا ئەو بزووتنەوە ئاراستەدارە میرییەی بە خۆیەوە نەبینی.

کاتێک ئەمە دۆخی نوسین بێت، دواتریش هەر ئەم دۆزی نوسینە توشی سێ بەڵای گەورە بووبێت، کە نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نوسین (وەک دەگوترێت زمانێکی ستاندارد) و نەبوونی ڕێنوسێکی یەکگرتوو لەگەڵ قاموسێکی یەکگرتووە؛ ئەوا وەرگێڕان دوو ئەوەندە و پتر لە بەردەم ئەو سەختانگانەدا خۆی بینیوەتەوە، بۆیە بواری ئەوەی نەبووە کاریگەرییەکی ئەرێنی بکاتەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

وەرگێڕان بۆ کوردی لەوەتەی هەیە، بە تایبەتییش لەو سێ دەیەی دواییدا، کە گەرموگوڕییەکی باشی بە خۆیەوە بینیوە، وێڕای ئاستەنگە ئاماژەپێکراوەکانی، لە دوو خاڵی دیکەی سنووردراردا دەربازینەبووە، ئەویش بێپشتوپەنایی کردەی وەرگێڕان، کە وایکردووە هەوڵەکان هەر لە بازنەی هەوڵوتەقەللای تاکەکەسی و میزاجیی وەرگێڕەکەدا بمێنێتەوە، نەچووەتەناو قاڵبی دامەزراوەیی ئاراستەدیار کە سیاسەتێکی نەتەوەیی بزوێنەری بێت. دووەهەمیشیان چۆنیەتیی بوونەوەرگێڕ هەر لە دوتوێی سەلیقەدا ماوەتەوە، واتە نەبووە بە پیشە، وەرگێڕی کورد زیاتر ئارەزوومەندە نەوەک پیشەمەند، سەرباری ئەوەیش، کزی خوێندنەوە و کڵۆڵیی بازاڕی کتێب، ئیدی وەرگێڕان نەگەیشتووەتە تەواوی لقوپۆکەکانی زانست و زانیاری، بەڵکو تا ڕادەیەک لە هەر لە بازنەی تاکڕەهەندیدا دەخولێتەوە.

# ڕێکخستنەوەی وەرگێڕان وەکو پیشە لە هەرێمی کوردستاندا



د. سیروان عەلی

* بەکالۆریۆس لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٣ و دبلۆم لە هەمان پسپۆڕی لە پەیمانگەی ناوەندی هەولێر، ١٩٩٢.
* ماستەر لە ئەدەبی بەراورد لە زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.
* دکتۆرا لە زانکۆی وێسترن ئوسترالیا، ٢٠٢٠.
* لە زانکۆکانی سۆران و سەڵاحەدین و زانکۆی کوردستان - هەولێر و زانکۆی کاسۆلیکی مامۆستا بووە.
* زانکۆی کاسۆلیکی هەولێر - هەولێر.

لە کولتووری ئێمەدا، تاوەکو ئێستایش وەرگێڕان ئارەزووە و سەرەڕای ئەو هەموو بەشانەی وەرگێڕان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام هێشتا نەبووە بە پیشە و بازاڕی کاری بۆ گەنجان گەرمنەکردووە. لە زۆربەی زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا کۆلێژی زمان هەیە، بەڵام داڕشتنی پڕۆگرامەکانی خوێندن تێکهەڵکێشنەکراون و هەر زمانێک وەکو بەشێکی سەربەخۆ بەرنامە و کاری خۆی ئاراستە و جێبەجێدەکات. لە کاتێکدا زۆر گرنگە هەماهەنگی لە نێوان پڕۆگرامەکانی خوێندندا هەبێت تاوەکو خوێندکار بەرهەمی جوانتری هەبێت. بۆ نموونە: بەشێک پڕۆگرامی بەشی زمانی عەرەبی هەر هەمان پڕۆگرامی زانکۆی بەغدایە، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین لە دوای دابڕانی هەرێم لە دەسەڵاتی دەوڵەت لە ساڵی ١٩٩١ەوە، نەوەیەکی تەواو نائاشنا بە زمانی عەرەبی پەیدابوون، نەک ئەوەی جاران کە زمانی عەرەبی بەشێکی سەرەکیی خوێندنی بوو. هەمان گۆڕانکاری بۆ زمانەکانی تریش پێویستە.

لە لایەکی ترەوە میکانیزمی بەخشینی مۆڵەتی وەرگێڕان پێویستی بە دامەزراوەی ئەکادیمی هەیە و دەبێت سەرجەم زمانە باوەکانی هەرێمی کوردستان سیستەمی تایبەتیان هەبێت؛ هەم هاندەر بن و هەم ئاسانکاری و شەفافیەت هەبێت تا هانی گەنجان بدەن وەرگێڕان بکەن بە پیشە و سەرچاوەی بژێوی. لە ئوستralیا ڕێکخراوی

NAATI هەیە، کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو مۆڵەت بە وەرگێڕی زارەکی و نوسراو دەبەخشێت و وەکو پیشە مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕاندا دەکات. لە زهنیەتی زۆرینەماندا، وەرگێڕان تەنها لە ئینگلیزی بۆ کوردی و کوردی بۆ ئینگلیزی گرنگە، لە کاتێکدا وەرگێڕان لە کوردی بۆ زمانەکانی تر گرنگیی خۆی هەیە سەرباری وەرگێڕان لە زمانەکانی تر بۆ کوردی، بۆیە پێویستە وەرگێڕان وەکو پیشە ڕێکبخرێتەوە و کۆلیژەکانی زمان و زانکۆکان ببنە بەشێکی گرنگی ئەو میکانیزمە، ئەمە جگە لە ئەتەکێت و بەها ئەخلاقییەکانی وەرگێڕ، کە پێویستە پێیانەوەپابەندبێت.

> **”لە کولتووری ئێمەدا، تاوەکو ئێستایش وەرگێڕان ئارەزووە و هێشتا نەبووە بە پیشە و بازاڕی کاری بۆ گەنجان گەرمنەکردووە “**

لە کاتی دەستبەکاربوونی هەر دامەزراوەیەک، کە کار بۆ بەپیشەییکردنی وەرگێڕان دەکات، پێویستە زۆر بە وردی و شەفافی پشتیوانیی وەرگێڕی گەنج بکات. لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە کارئاسانی بۆ وەرگێڕە گەنجەکان پێویستە، کە وەرگێڕان وەکو پیشە وەربگرن نەک ئارەزوو تاوەکو وەرگێڕان بژێویی ژیانیان دابینبکات. کۆلیژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین نموونەیەکی زیندووە، کە هەشت زمانی ئاسیایی و ئەوروپی تێدا دەخوێنرێت، بەڵام ڕیفۆرمی گەورەی دەوێت تاوەکو ببێتە کارخانەی ئاڵوگۆڕی کولتووری و زمانەوانی.

لە لایەکی ترەوە هاندانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری هونەر و زمان و وێژەی گەلان شێوازێکی تری ئاڵوگۆڕی کولتووری و فەرهەنگی دروستدەکات. وەک خۆم هەمیشە هاندەری ئەدەبی بەراوردکاری بوومە، چونکە هەنگاوێکی سەرەتایی و گرنگی ئاڵوگۆڕی فکری و کولتوورییە و کۆی ئەم گۆڕانکارییانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان بۆ سەر پێشڤەچوونی زمان دەبێت. شاکارێکی ئەدەبی وەک "مەم و زین"ی خانی، کە تەرجەمەی چەندین زمان کراوە، مایەی دەسخۆشییە. دوایین وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسیی دراوسێ پەیامێکی کولتووریی گرنگی میللەتی کوردە، کە "د. شێرزاد شەفیع بارزانی" لە زانکۆی سەلاحەدین وەریگێڕاوەتەسەر فارسییەکی پاراو. ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و ئەدەبی لەگەڵ گەلانی دراوسێ و جیهاندا دەبێتە پردێکی مۆدێرن و ڕاستگۆیی و دۆستایەتی و برەودان بە بەرزکردنەوەی ئاستی زمانەوانی، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە، بە حکومەت و شارەزایانەوە، هەنگاوەکان خێراتربکەین بۆ بەپیشەییکردنی وەرگێڕان و دانانی میکانیزمی شەفاف بۆ ئەو مەبەستە، کە ئەمەیش لە ئەنجامدا دەبێتە خۆشکردنی بازاڕی وەرگێڕان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هەزاران دەرچووی زانکۆ، کە بتوانن ئومێد بە ژیان، خوێندن و بڕوانامەکەیان دروستبکەن.

# وەرگێڕان و تەنگژەی گڵۆباڵ - لۆکاڵ



وەلید عومەر

* بەشی زمان و ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدینی تەواوکردووە.
* نوسەر و وەرگێڕە لە بواری فیکر و فەلسەفە.
* لە فۆرمی کتێب و نامیلکە و وتاردا، چەندین بەرهەمی نوسین و وەرگێڕانی بڵاوکردووەتەوە.
* لە پرۆژەی "نێگەتیڤ" کاردەکات کە پرۆژەیەکی فیکریی مۆدێرنە.
* لە ئێستادا، سەرقاڵی پرۆژەی دەروونشیکارییە.

ئەو کلێشە باوەی کە دەڵێت «وەرگێڕان پردی نێوان کەلتورەکانە»، لای ئێمە وەک خۆی ماوەتەوە. واتە بەو ڕاستییە سەرەتاییە خۆمان قایلکردووە کە وەرگێڕان دوو کەلتور، دوو ئاگایی، دوو دونیای جیاواز دەگەیەنێت بە یەکتر. پێناسەی وەرگێڕان وەک «پردی نێوان کەلتورەکان»، لەسەر ئەو پێشگریمانەیە بنیاتنراوە کە دوو کەلتورەکە بەبێ هیچ خۆتێکدانێک دەچنە پەیوەندییەوە. دوو جەمسەر هەن کە شتێک دەبەخشنە یەکتری بەبێ ئەوەی بشڵەژێن و ئاڵوگۆڕەکە لاسەنگ بێت. لەکاتێکدا ئەم ڕاستییە بەس نیە و پێویستی بەوەیە زیاتر هەڵبکۆڵرێت. بۆ نمونە، ئاخۆ هەر بەڕاستی وەرگێڕان بۆ ئێمە دوو کەلتوری گەیاندووە بە یەکتر؟ ئاخۆ دوو "ئاگایی" ڕووبەڕووی یەکتر کردووەتەوە؟ ئاخۆ وەرگێڕان چۆن دەتوانێت دوو دونیا بگەیەنێت بە یەکتر کە هەریەکەیان جیاوازن و گەشەی تایبەتیی خۆیان هەبووە و لە زۆر ڕەهەندیشەوە "نا-هاوکات" و ناچوونیەکن؟ یاخۆ ئەوەی لە کەلتورێکی بێگانە و زمانێکی بێگانەوە دەگاتە ئێمە، لە واقیعی ئێمە و ڕۆشنبیریی ئێمەدا چیی بەسەر دێت؟

ئاشکرایە پێناسەی شتەکان لەسەرەتادا بەگشتی پێناسەی سادە و سەرەتایی و بگرە "بێمیدیۆم"ن. بە مانایەکی تر، پێناسەی گشتی و ئەبستراکتن، و هێشتا دیوی بەرجەستە و کۆنکرێتیی شتەکە ناخوێننەوە. لە پێناسەی وەرگێڕاندا، میتافۆری "پرد" گوزارشت لەو پێشگریمانە سادەیە دەکات کە دوو کەلتورمان هەیە لە یەک ئاستدان و هاوکاتن و دەتوانین ڕاستەوخۆ مانا لە یەکێکیانەوە بۆ ئەویتریان بگوازینەوە. واتە ئەو پێچەڵپێچ و گرژییە ناوەکییانەی هەرکام لە کەلتورەکان و دونیا جیاوازەکان ڕەچاوناکات. ئەو تایبەتمەندییە لۆکاڵی و خۆجێیانە وەرناگرێت کە دەشێت تەنگژە بۆ پێناسە گشتییەکە درووستبکات. دەشێت کەلتورێک زیاتر مۆدێرن بیت بەراورد بە کەلتورێکی تر، بۆیە وەرگێڕانیش لە حاڵەتیکی وادا نابێتە پردێکی ڕاستەوخۆ. یان دەق سەردەمێکی تر، لە سەردەمێکی تردا وەردەگێڕدرێت و لێرەدا دوو سەردەمی ناچوونیەک ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. یانژی، مۆدێلێکی بیرکردنەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو کەلتورێکی تر کە هەلومەرجی مۆدێلەکە لەوێ نیە. گەر بیتو لەو جیاوازییە تەکنیکییشە بگەڕێین کە ئەو دەقانەی وەردەگێڕدرێن، مەرج نیە یەکسەر لە کەلتوری میواندا بخوێنرێنەوە و کاریگەرییەکەیان دەربکەوێت. ئەمانە و زۆر جیاوازیی تر، قەیران بۆ پێناسە باوەکەی وەرگێڕان درووستدەکەن. بەڵام پێدەچێت چارەی تریشمان نەبێت ئەو پێناسە گشتییە نەبێت، چونکە ئێمەی مرۆڤ سەرەتا ڕووبەڕووی فۆرمی شتەکان دەبینەوە و ئەوە دواترە کە ناکۆکی و تەنگژەی ناوەکییان دەردەکەوێت، و کۆمەڵگای مرۆییش سەرەتا لەو ڕووە هاوبەش و گشتییە تێدەگات.

> **”بەو ڕاستییە سەرەتاییە خۆمان قایلکردووە، کە وەرگێڕان دوو کولتوور، دوو ئاگایی، دوو دنیای جیاواز بە یەکتر دەگەیەنێت“**

پەیوەندیی وەرگێڕان و ئاگایی، لە پرسە گرنگەکانە بۆ دونیای ئێمە. ئاگایی، درکی هەر کەلتورێکە کە لە کۆمەڵێک ڕەگەزی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و مەعریفی و عاتفی و هتد پێکدێت و لە وەرگێڕاندا دژیەکیی ناوەکی و دواییش دەرەکیی ئەم ڕەگەزانە دەردەکەویت. وەرگێڕان خۆی لەبنەڕەتدا، لێکدانی دوو دونیای جیاوازە کە هێشتان نازانین ئاکامی ئەم لێکدانە چیە و چۆن دەبێت. سەرەتا ڕووی دەرەوەی هەردوو دونیاکە بەر یەکتری دەکەوێت، ڕووی دەرەوەی ئەو دوو سیستەمەی کە تا ساتی وەرگێڕان خۆیشیان نازانن چییان لەباردایە. تەنانەت نازانن لە چیدا کورتدەهێنن و لە کوێشدا

شتێکی نوێ دەئافرێنن. ئێمە لەو پێناسە باوەی وەرگێڕاندا، بەوەندە بڕیومانەتەوە کە دوو "دونیای پڕ" بەر یەکتری دەکەون و ئەوەی بەرهەمدێت دەقێکی وەرگێڕدراوە. بەڵام لە میانی وەرگێڕاندا تێدەگەین دوو دونیای پڕ بوونی نیە و وەرگێڕانیش کردەیەکی سەرڕاست نیە. لەو نێوانەدا کۆمەڵێک گرژی و ململانێ هەن کە ناهێڵن دوو دونیا و دوو زمانی ئارامیمان هەبێت.

هەر لە درێژەی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا، دەتوانین بڵێین وەرگێڕان لە زاتی خۆیدا پرسێکی ئەبەدییە. ناوی ئەو پرۆسە دینامیکییەیە کە دونیا جیاوازەکان دەخاتە ململانێیەکی هەمیشەییەوە. ئەوەی کە وەرگێڕان گەیشتن بێت بە ئاشتیی کەلتورەکان و لێکحاڵیبوونی هەمیشەیی، خۆی کورتکردنەوەی پرسەکەیە. هەتا تەکنۆلۆژیای زیرەکیش کۆتایی بە وەرگێڕان ناهێنێت، چونکە وەرگێڕان بۆ ئەوە نیە خەڵک زمان نازانێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە کەلتور خۆی تاقی بکاتەوە. زمان خۆی لەبەرامبەر زمانێکی تردا تاقی بکاتەوە. شتەکە زەروورەت نیە، زەروورەتی ڕووت، بەڵکو چێژە، ڕیسکە، یان وردتر: ئارەزووی سەرکێشییە. زمان دەیەوێت لەڕێی وەرگێڕانەوە لە خۆی دەربچێت. شتێک لە نامۆیی ئەزموونبکات. وەرگێڕان، سەرەتا لەخۆنامۆبوونی زمانە، بەڵام دوایی دەبێتەوە بە خودئاگایی زمان. واتە زمان دوای دەرچوونێک لە خۆی، ئاشنادەبێتەوە بە خۆی، دەگات بە ئاگاییەک لەمەڕ خۆی. زمان بەر لە وەرگێڕان، زۆر خۆی ناناسێت. وەرگێڕان، وەک تەجرووبەی ژیان وایە بۆ زمان. ڕەنگە مرۆڤ بە ویست یان زانیاری زۆر شت بزانێت، بەڵام ئەزموونی ژیان شتێکی ترە. ئەزموونی ژیان هەریەکە لەو زانیارییانە تاقیدەکاتەوە. دەیدات لە پاڵێوگە، دیوی ناوەوەی پیشانی خۆی دەداتەوە، خۆیەتیی خۆی پێ دەناسێنێت کە بەر لەوە مت و نوستوو بووە. ئەویتر وادەکات، شتانێک لە خۆماندا بدۆزینەوە و بناسین کە هەستمان پێ نەکردووە. ئەم ئەویترە، بۆ مرۆڤ هەر ژیان خۆیەتی لە زیمنی ئەزموونکردندا. بۆ زمانیش، ئەم ئەویترە بریتییە لە وەرگێڕان- خاڵێک کە کۆمەڵێک بیریاری ناو سەدەی بیست وردتر لەسەری دواون. کۆی ئەم ڕستانە لەو پێناوەدا بوو بڵێین وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزی خۆناسینی زمانە.

لەسەرەتاوە ویستمان بڵێین، ئێمە هەژمارێکی ئەوتۆمان لەسەر ئەو ناکۆکی و گرژییەی پرۆسەکە نەکردووە بۆ دونیاکەی خۆمان. بۆ نمونە کاتیک دەقێکی فیکریی خۆرئاوایی وەردەگێڕین، ئاگایی مەیلەو سرووشتیی ئێمە چیی بەسەردا دێت و چەندە لەو دەقە تێدەگات و چۆنچۆنی وینای دەکات؟ ئاخۆ ئاگاییە کوردییەکە، تووشی جۆرێک لە بەدحاڵیبوون نایەت؟ وێڕای ئەو ڕاستییەی کە هەندێجار بەدحاڵیبوونەکە، بەدحاڵیبوونێکی داهێنەرانەیە و شتێکی نوێی لێ دەکەوێتەوە کە لە دەقە میوانەکەدا نیە.

تەنانەت ئەم ئاگاییە چۆنچۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە نوسراوانەی خۆیشیدا دەکات کە لەژێر کاریگەریی وەرگێڕان یاخۆ مەعریفەی خۆرئاواییدا نوسراون؟ کام لەو ڕەگەزانە فڕێدەداتەدەرەوە و بۆی هەرس نابێت؟ کامیشیان ڕادەکێشێتە ناو خۆیەوە و دەیکاتە بەشێک لە پێکهاتەی خۆی و بە تێپەڕینی کات دەبێتە بەشێک لە دونیا کوردییەکە. ئەوە چۆنە کافکا کە بەگشتی گوزارشت لە بیرۆکراسییەتی خۆرئاوایی دەکات, لێرە وەک هێمای پووچی وەردەگیرێت؟ یان "زەردەشت"ەکەی نیچە, لە هەموو شوێنەوارە مۆدێرنەکانی ناو مێژووی خۆرئاوا دادەماڵرێت و چەشنی کۆمەڵێک حیکمەت دەیخوێنینەوە. یاخۆ گرێی ئۆدیب, کە لانیکەم بۆ پرسی پەروەردە چارەنووسسازە, ناگاتە ئاستێکی ڕەگەزێکی هۆشیاری و ئەم زەینە فڕێی دەدات و ونیدەکات. ئایا هەر پشتئەستوور بەم پرسیارانە, ئێمە لەبەردەم دوو دونیادا نین کە بەتەواوی وەرناگێردرێنە سەر یەکتر؟

وەرگێڕان بەپێی دوو زاراوەی سەرەکیی وەک گڵۆباڵ و لۆکاڵ, یان گشت و بەش, دیسان شیاوی تێڕامانە. وەرگێڕان, لە فراوانترین مانای خۆیدا, لێکدانی هەردوو ڕەهەندی گڵۆباڵ و لۆکاڵە. هەر دەقێک کە لە جیهانەوە بەر کەلتوری کوردی دەکەوێت, واتە بەر "لۆکاڵ" دەکەوێت. وەرگێڕان, وەرگێڕانی پرسی گڵۆباڵە بۆ لۆکاڵ, ئەویش هاوشان بەو هۆشیارییەی کە دەزانین شتانێک دەمێننەوە مایەی وەرگێڕان نین. بۆ نمونە, هەندێک تایبەتمەندیی کەلتوری "ئەویتر" هەن دوای وەرگێڕانیش هەر وەک غەریبەیەک دەمێننەوە. هەندێک بەها هەن, لە پێش و پاشی وەرگێڕانیشەوە وەک شتێکی گەردوونی دەمێننەوە و پێدەچێت بەبێ وەرگێڕانیش بگەنە مرۆڤەکانی تر. بەڵام دیوە گرنگەکە, ئەو بەرکەوتنە پڕ گرژییەی نێوان گڵۆباڵ و لۆکاڵە کاتێک لۆکاڵ دەکەوێتە بزووتن چۆنچۆنی پەسەندی بکات. بۆ نمونە, یاخیبوون لای ئەلبێر کامۆ یاخیبوونێکی میتافیزیکییە و ئەو پرسیارە بنەڕەتییە دێنێتەوەگۆڕێ ئاخۆ بەرگەی ژیان بگرین یان نا؟ کەچی ئەم یاخیبوونە کە لە گڵۆباڵەوە دێت و لەڕێی وەرگێڕانەوە بەر کەلتورە لۆکاڵییەکەی ئێمە دەکەوێت بارگۆڕانێکی بەسەردا دێت و وەردەگەڕێت بۆ "یاخیبوونێکی کۆمەڵایەتی". خوێنەریکی گەنج کە "مرۆڤی یاخی" دەخوێنێتەوە, بیر لەوە دەکاتەوە چەندە لە خێزان یاخییە. واتە پرسێکی میتافیزیکی لەڕێی وەرگێڕانەوە وەردەگەڕێت بۆ پرسێکی کۆمەڵایەتی. کەلتوری ئێمە کە هەڵچنراوە لە کەلتوری ئیسلامی, کێشە میتافیزیکییەکەی نیە و ژیان بەبنەڕەت قابیلی قبوڵکردنە و خۆکوشتنیش هیچ پاساوێک هەڵناگرێت. بۆیە ئەم وەرچەرخانە لە میتافیزیکەوە بۆ کۆمەڵگا, بە نێوانگریی وەرگێڕان ڕوودەدات کە پتر وەرگێڕانی دوو کۆنتێکستی کەلتوری و شارستانییە تا وەرگێڕانی سادەی دوودەق.

وەرگێڕانی گلۆباڵ بۆ لۆکاڵ، تاقیکردنەوەی ئەو ڕەهەندە نوستووانەی ناو لۆکاڵیشە کە لەڕێی لۆکاڵ خۆیەوە بێدارنەبوونەتەوە. ئەم ڕەهەندانە پێویستیان بە ڕەگەزێکی دەرەکی و بێگانەیە بێت و بیانخاتە بەراوردێکی تاڕادەیەک توندوتیژەوە و لە هەندێک حاڵەتیشدا شوێنە مێژوویە دێرینەکەی بلەقێنێت. عادەتەن لەم بەرکەوتنەدا، دوور نیە جێگۆڕکێی فۆرم و ناوەڕۆک ڕووبدات. ئەمەش پتر وەک فێلێک و میکانیزمێکی بەرگری ڕوودەدات بۆ ئەوەی دیاردە کۆنە لۆکاڵییەکە خۆی نەگۆڕێت. لەم ئەگەرەدا، لۆکاڵ لە ناوەڕۆکدا خۆی بە کۆنی دەهێڵێتەوە و فۆرمێکی گلۆباڵ دەکات بەسەر خۆیدا تاوەکو نەناسرێتەوە و نەگۆڕێت. کەلتوری ئێمە ئەم گەمەیە دەرهەق بە مۆدێرنە و بەمۆدێرنبوون زۆر بەکاردەهێنێت. وەرگێڕان، بەمانایەکی تایبەت، بریتییە لەم جەنگە کەلتورییە ناوەکییە. سەرەتا پانتاییەکانی ڕۆشنبیری لەڕێی وەرگێڕانی دەقەوە بەر یەکتری دەکەون، بەڵام بڕیارە کۆمەڵگاش لە جێیەکەوە لەم گواستنەوەیە بەئاگابێتەوە. هەتا ئەو ساتانەشی کە وەرگێڕان وەک شتێکی تەرفیهی (سەرگەرمکەر) وەردەگرین، ئەم بەراوردە کەلتورییە کۆتایی نایەت و لۆکاڵ لەناوەوە لە کرژبوون و فراوانبوونەوەیەکی بەردەوامدایە.

> **”وەرگێڕان چۆن دەتوانێت دوو دنیا بە یەکتر بگەیەنێت، کە هەریەکەیان جیاوازن و گەشەی تایبەتیی خۆیان هەبووە و لە زۆر ڕەهەندیشەوە "ناهاوکات" و ناچوونیەکن“**

بەم پێیە، وەرگێڕان پرۆسەیەک نیە یەکجار ڕووبدات و ببڕێتەوە؛ بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامی نێوان دونیاکان و کەلتورەکانە. فشارێکە لە دەرەوەڕا کە لۆکاڵ تووشی قەیران دەکات. مێژووش بۆ ئەو پرس و دیاردە و چەمکانە درووستدەکات کە لە لۆکاڵدا مێژوویان نیە. ئەم خاڵە خاڵێکی گرنگ و چارەنووسسازە. لۆکاڵ فریا نەکەوتووە بیر لە هەموو شتێک بکاتەوە و مێژوو بۆ هەمو شتێکیش بخوڵقێنێت و بگرە لە زۆر جێگەشدا نەیویستووە. بۆیە وەرگێڕان دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا جێگا و شوێنی نوێ بئافرێنێت و مێژوویەکیش لەپاڵەوە بۆ ئەو شتانە درووستبکات کە پێشتر نەبوون. ئەم مێژووە چەندە کاری پێ دەکرێت و چەندە پیادە دەبێت، شتێکی ترە. ئەم مێژووەش، پتر لە شێوەی گوتار، درووشم، گوزارەدا خۆی دەردەخات. بۆ نمونە، هەر کەلتورێک

مەحکومە بەوەی مامەڵە لەگەڵ چەندین گوتاری نوێدا بکات کە ڕیشەکەی بەتەواوی لە خۆیدا نین یاخۆ بەشی دونیای مۆدێرن ناکات. بۆ وێنە، گوتاری فێمینیستی لەو گوتارانەیە کە ئێمە لە مێژووی خۆماندا بەو مانا مۆدێرنە نیمانە، بەڵام گوتارەکە لەڕێی وەرگێڕانەوە هاتووە. کەلتورە لۆکاڵە کوردییەکە چەندە لەگەڵ ئەم گوتارەدا ڕادێت، بەر بەو ڕاستییە ناگرێت کە گوتارەکە لە گلۆباڵەوە پەڕیوەتەوە و هاتووە. پرسی ژندۆستی لە مێژووی لۆکاڵدا، بەشی ئەوە ناکات جێی گوتاری فێمیسنیستی بگریتەوە. وەرگێڕان ئەم زیادەیە، ئەم ئیزافە هەرسنەبووە زەقدەکاتەوە و کات و شوێنی نوێی بۆ دادەهێنێت. هەر ئەمەش دیوە داهێنەرەکەی وەرگێڕانە، چونکە داهێنان بە زاتی خۆی شوێن داگیرناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی دینامیکی، شوێنیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت: داهێنان، خۆی شوێنی تایبەت بە خۆی دادەهێنێت و جێیەک ناگرێت کە پێشتر گیرابێت. ئەمە ئەو کاتەیە کە لۆکاڵ لەبەرامبەر شتی نوێدا دەستەپاچەدەبێت.

# بەشداریی وەرگێڕان لە بەهێزکردنی زمانی کوردییدا



هیمالایا کامەران

* دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی.
* مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە خوێندنگە ئامادەیی و ناوەندییەکان.
* مامۆستای سەنتەری زمان لە زانکۆی سلێمانی

زمانی کوردی بە مێژوویەکی دەوڵەمەند و گرنگی کولتوورییەوە لە مێژە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە لە بەدەستهێنانی دانپێدانانی فەرمی و بەکارهێنانی بەربڵاو، بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و ڕاگەیاندن و کاروباری حکومەتدا، بەڵام لە دەیان ساڵی ڕابردوودا پرۆسەی وەرگێڕان لە کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەهێزکردنی زمانی کوردیدا هەبووە. وەرگێڕان ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی زانیاری کردووە، گەشەسەندنی زمانەوانی بەرزکردووەتەوە و بوونی زمانەکەی لە دامەزراوە ئەکادیمی و گشتییەکاندا چەسپاندووە. ئەم وتارە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن وەرگێڕان بەشداری لە بەهێزکردنی زمانی کوردیدا کردووە و تیشکدەخاتەسەر سێ بواری سەرەتایی، کە بریتین لە: پەروەردە، میدیا و بەفەرمیکردنی زمان.

## ڕۆڵی وەرگێڕان لە پەروەردەی کوردییدا

یەکێک لەو ڕێگە بەرچاوانەی کە وەرگێڕان بەشداری لە بەهێزکردنی زمانی کوردیدا کردووە لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەوەیە. لە ڕووی مێژووییەوە زۆر جار خوێندکاری کورد دەبوو پشت بە پەرتووکی دەرەکی ببەستێت بۆ سەرچاوەی ئەکادیمی.

لەوانە: عەرەبی، فارسی، یان تورکی، ئەمەیش بە پێی ئەو ناوچەیە جیۆپۆلەتیکییەی تێیدا دەژیا. ئەم بەربەستە زمانەوانییە بوو بە هۆی ئەوەی کە توانای بەشداریکردنیان بە تەواوی لەگەڵ بابەتەکانی ئەکادیمی بە زمانی زگماکیی خۆیان بگرن، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی هەوڵەکانی وەرگێڕان، زمانی کوردی تا دێت دەبێت بە زمانی فێرکاری لە قوتابخانە و زانکۆکاندا.

**پەرەپێدانی کەرەستەی پەروەردەیی**

وەرگێڕانی کەرەستەی زانستی، ئەدەبی و تەکنیکی بۆ سەر زمانی کوردی، مەنهەجی خوێندنی لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا بە شێوەیەکی بەرچاو دەوڵەمەندکردووە. دەستپێشخەرییە حکومی و تایبەتییەکان کاریانکردووە بۆ وەرگێڕانی کتێبی خوێندنی بنەڕەتی لە بابەتەکانی وەک بیرکاری، فیزیا، مێژوو، فەلسەفە، دڵنیابوون لەوەی خوێندکاران بە زمانی دایکی پەروەردە وەردەگرن. ئەم پرۆسەیە نەک هەر ئاسانکاری بۆ تێگەیشتنێکی باشتردەکات، بەڵکو شانازیی زمانەوانییش لە ناو فێرخوازانی گەنجدا پەروەردەدەکات.

سەرەڕای ئەوەیش ئەم هەوڵانەی وەرگێڕان لە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تێپەڕیوە بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا. زانکۆکانی کوردستان تا دێت زمانی کوردی وەک میدیای فێرکردن و بە تایبەت لە زانستە مرۆیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیڕەودەکەن. پەرەسەندنی گۆڤار و توێژینەوە ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردی زیاتر بەشداری لە پێشکەوتنی فیکری و زمانەوانیی ناوچەکەدا کردووە. هەروەها وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ئەکادیمییە نێودەوڵەتییەکان بۆ خوێندکارانی کورد. زۆرێک لە زانکۆ جیهانییەکان و دامەزراوە توێژینەوەکان بەرهەمی زانستی بە زمانی ئینگلیزی و زمانە سەرەکییەکانی دیکە بەرهەمدەهێنن و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ئەم بەرهەمانە بە زمانی کوردی بەردەستکراون. ئەمەیش دڵنیاییدەدات لەوەی کە خوێندکار و زانایانی کورد بەبێ سنووردارکردنی بەربەستی زمان دەتوانن لەگەڵ گوتاری ئەکادیمیی جیهانیی هاوچەرخدا خەریک بن.

**بەرزکردنەوەی توانا زمانەوانی و مەعریفییەکان**

توێژینەوەکان باس لەوە دەکەن، کە ئەو منداڵانەی کە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان وەردەگرن، لە ڕووی ئەکادیمییەوە ئاستێکی باشتریان هەیە. وەرگێڕانی کەرەستەی پەروەردەیی ڕێگەی بە خوێندکارە کوردەکان داوە، کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە زمانی یەکەمی خۆیان پەرەپێبدەن و توانای مەعریفی و

ئەدای ئەکادیمییان بەهێزتربکەن. سەرەڕای ئەوەیش، بەردەستبوونی وەرگێڕانی کوردی هاندەری خوێندەواری بووە و وشەسازیی خوێندکارانی کوردی_زمانی فراوانترکردووە، کە زیاتر بەشداری لە گەشەسەندنی زمانەوانیی ناوچەکەدا کردووە. جگە لەوەیش، دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پاڵاوتن و فراوانکردنی ستانداردە زمانەوانییە کوردییەکاندا چالاکانە بەشداربوون. لەگەڵ دامەزراندنی ناوەندی زمانەوانیی کوردی و بەشی وەرگێڕان لە زانکۆ گەورەکان، زانایان کار لە سەر پەرەپێدانی زاراوەی هەمەلایەنە دەکەن، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییە مۆدێرنەکاندا. ئەم پرۆسەیە نەک هەر دڵنیاییدەدات لەوەی کە زمانی کوردی لە گوتاری ئەکادیمیدا پەیوەندیدار بمێنێتەوە، بەڵکو هەستێکی قووڵتری شوناس و پاراستنی کولتووری لە ناو خوێندکاراندا پەروەردەدەکات.

**” لەگەڵ پەرەسەندنی هەوڵەکانی وەرگێڕان، زمانی کوردی تا دێت دەبێت بە زمانی فێرکاریی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا “**

سوودە مەعریفییەکانی فێربوون بە زمانی زگماکیی مرۆڤ لە تێگەیشتنێکی سادە زیاترە. توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە ئەو خوێندکارانەی بە زمانی یەکەمی خۆیان دەخوێنن، توانای چارەسەرکردنی کێشەیان بەهێزترە و توانای ڕاگرتنی بیرەوەریی باشتر و توانای پەیوەندییکردنی کاریگەرتریان هەیە. بەردەستبوونی کەرەستەی پەروەردەیی کوردی، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دڵنیاییدەدات لەوەی کە خوێندکارە کوردەکان بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان لە پێکهاتە زمانەوانییەکانی دیکەدا بێبەشنەبن.

**ڕاهێنانی وەرگێڕان و پەروەردەکار انی کوردی**

بۆ بەردەوامبوونی گەشەی پەروەردەی زمانی کوردی، پێویستیی وەرگێڕ و پەروەردەکاری پیشەیی دەرکەوتووە. زانکۆ و دامەزراوە زمانەوانییەکان بەرنامەیان بۆ ڕاهێنانی تاکەکان لە هونەری وەرگێڕان و خوێندنی زمانی کوردیدا خستووەتەڕوو. ئەم پیشەییکردنە، بەردەوامیی بەرهەمهێنانی کەرەستەی وەرگێڕدراوی کوالیتیی بەرز مسۆگەردەکات و باشیی ئەکادیمی لە فێرکردن بە زمانی کوردیدا بەرەوپێشدەبات.

جگە لە ڕاهێنانی وەرگێڕان، وۆرک شۆپ و سیمینار لە سەر پەرەپێدانی زمانەوانیی کوردی زیاتربووە. ئەم بەرنامانە تیشکدەخەنەسەر باشترکردنی وردبینیی وەرگێڕان و ستانداردکردنی زاراوە و بەرزکردنەوەی کوالیتیی گشتیی کەرەستەی پەروەردەیی زمانی کوردی. لە ئەنجامدا ئێستا تۆڕێکی پەرەسەندنی وەرگێڕانی پیشەیی کوردی هەیە، کە بەشداری لە گەشەسەندنی بەردەوامی زمانەکەدا دەکەن لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا.

## کاریگەریی وەرگێڕان لە سەر پەروەردەی تایبەتمەند

یەکێک لە دوایین پێشکەوتنەکانی خوێندنی زمانی کوردی وەرگێڕانی بوارە تایبەتمەندەکانی وەک پزیشکی، یاسا، ئەندازیاری، تەکنەلۆژیای زانیاری بووە. وەرگێڕانی کتێبی خوێندنی پزیشکی بۆ سەر زمانی کوردی ڕێگەی بە پزیشکانی ئاواتخوازان و پسپۆڕانی چاودێریی تەندروستی داوە بە زمانی زگماکیی خۆیان فێرببن و پراکتیزەبکەن، ئەمەیش ڕێژەی مانەوەی زیاتر و باشتر بەکارهێنانی زانیاری مسۆگەرکردووە. بە هەمان شێوە وەرگێڕانی یاسایی و ئەندازیاری، پیشەگەرەکانی بە زاراوەی تەکنیکیی پێویست پابەندکردووە، بۆئەوەی لە ژینگە کوردی_زمانەکاندا کاربکەن، گەشەسەندنی هەردوو ئەکادیمی و پیشەیی پەرەپێداوە.

## وەرگێڕان و فراو انکردنی میدیای کوردیی

میدیا ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە داڕشتنی گوتاری گشتی و ناسنامەی کولتووری و ستانداردکردنی زمان  لە کوردستان پەرەسەندنی وەرگێڕان لە کەرتی ڕاگەیاندن کارئاسانی بۆ بڵاوبوونەوەی بەربڵاویی زانیاری بە زمانی کوردی کردووە، پێگەی خۆی وەک زمانێکی باڵادەست لە بواری ڕۆژنامەگەری، پەخش و دیجیتاڵ میدیادا بەهێزترکردووە.

## وەرگێڕان لە ڕۆژنامەگەریی چاپ و دیجیتاڵییدا

گەشەی ڕۆژنامە و گۆڤار و پلاتفۆڕمی هەواڵی ئۆنلاین بە زمانی کوردی بە هەوڵی بەرفراوانی وەرگێڕان پاڵپشتیکراوە. ئاژانسە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان و دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی تا دێت هەواڵە جیهانییەکانیان بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕن و زانیارییە گرنگە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانیان بۆ ئامادەبوانی کوردزمان دەستەبەرکردووە. جگە لەوەیش، وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی و دەقە مێژووییەکان بەشداریکردووە لە پێزانینی بەرفراوانتر بۆ زمانەکە و نەریتە ئەدەبییەکانی. جگە لەوەیش، وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر زمانی کوردی ڕۆڵێکی

سەرەکی لە فراوانکردنی دیمەنی فیکریی خوێنەری کورددا بینیوە. زانا و وەرگێڕانی کورد بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەدەبی جیهانی، فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، توانای فیکریی دانیشتوانی کوردزمانیان دەوڵەمەندترکردووە. ئەم پرۆسەیە بووە بە هۆی پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕی کولتووری و زیادبوونی فرەچەشنیی زمانەوانی لە ناو بازنەکانی ئەدەبی کوردیدا.

**پەخش و میدیای بینراو و بیستراو**

کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕادیۆ کوردییەکان سوودێکی زۆریان لە وەرگێڕانی ناوەڕۆکی بیانی وەرگرتووە، لەوانە فیلم و فیلمی دۆکیۆمێنتاری و ڕاپۆرتی هەواڵ. هەوڵەکانی دۆبلاژکردن و ژێرنوسکردن ڕێگەی بە کوردزمانەکان داوە، کە لەگەڵ میدیای جیهانیدا پەیوەندیبکەن و لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فۆڕمەکانی بینراو و بیستراودا ئاساییبکەنەوە. ئەم ئاشکراکردنە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە مۆدێرنکردنی زمان و ناساندنی زاراوەی نوێ و زیادکردنی توانای زمانەوانیی گشتیی بینەرانی کورد هەبووە.

> **„ پرۆسەی وەرگێڕان نەک هەر ئاسانکاری بۆ تێگەیشتنێکی باشتردەکات، بەڵکو پەرە بە شانازیی زمانەوانییش لە ناو فێرخوازانی گەنجدا دەدات "**

لە دەرەوەی میدیای تەقلیدی پیشەسازیی فیلمی کوردییش بە هۆی هەوڵەکانی وەرگێڕانەوە گەشەی بە خۆیەوە بینیوە. ئێستا سینەماکارانی کورد لە ڕێگەی ناوەڕۆکی وەرگێڕدراوەوە دەستیان بە سیناریۆ نێودەوڵەتییەکان، تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی فیلم و ڕەوتە سینەماییەکان دەگات. ئەم پێشهاتە بووە بە هۆی بەرهەمهێنانی فیلمی کوردیی کوالیتیی بەرز، کە ڕەنگدانەوەی هەردوو تەوەری ناوخۆیی و جیهانییە، ئەمەیش نوێنەرایەتیی کولتووری کوردی زیاتر بەهێزتردەکات، ڕاستە هێشتا لە ئاستێکی جیهانیدا نین، بەڵام تا ڕادەیەکی باش دڵخۆشکەرن.

**سۆشیال_میدیا و وەرگێڕانی دیجیتاڵیی**

لەگەڵ سەرهەڵدانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال_میدیا، وەرگێڕانی ناوەڕۆکی ئۆنلاین زیاتر دەستڕاگەیشتن بە زمانی کوردی فراوانترکردووە. کەسە دیارەکانی

سۆشیال_میدیا، پەروەردەکاران و چالاکوانان بۆ گەیاندنی ڕەوتە جیهانییەکان، دۆزینەوە زانستییەکان و پێشهاتە سیاسییەکان بە کۆمەڵگە کوردزمانەکان، وەرگێڕانیان بەکارهێناوە. هەروەها ئامرازەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی و پرۆسێسی زمان بە زیرەکیی دەستکرد کاریانکردووە لە دەستڕاگەیشتن بە ناوەڕۆکی کوردی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا.

## ڕۆڵی وەرگێڕان لە بەفەرمییکردنی زمانی کوردییدا

بەفەرمییکردنی زمانی کوردیی ئامانجێکی لەمێژینەی زمانناسان و داڕێژەرانی سیاسەتی کورد بووە. پرۆسەی وەرگێڕان ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم هەوڵەدا هەبووە بە دڵنیابوون لەوەی کە زمانی کوردیی نەک تەنیا لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا، بەڵکو لە چوارچێوەی حکومیی و یاساییشدا بەکاردێت.

## وەرگێڕان لە کاروباری حکومیی و یاسایی

پەسەندکردنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئیدارەی کورد، وەرگێڕانی بەڵگەنامە یاساییەکان و سیاسەتە حکومییەکان و نامەنوسی فەرمی بە پێویست زانیوە. ئەم پرۆسەیە شەرعیەتی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی پتەوترکردووە، دڵنیاییدەدات لەوەی کە دامەزراوە حکومییەکان بە زمانی کوردی کاردەکەن و هاوڵاتیان دەتوانن بە زمانی زگماکیی خۆیان دەستیان بە زانیاریی یاسایی و کارگێڕی بگات.

پرۆسەی وەرگێڕان لە کاروباری حکومی و یاساییدا کاریگەربووە، بۆئەوەی زمانی کوردی ئەو دانپێدانانە و پێگەی فەرمی بەدەستبهێنێت کە شایەنیەتی. یەکێک لە پێشهاتە هەرە بەرچاوەکان لەم بوارەدا وەرگێڕانی بەڵگەنامە یاساییە سەرەکییەکان بووە، لەوانە دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەقی یاسایی جۆراوجۆر و فەرمانە حکومییەکان. ئەم پرۆسەیە ڕێگە بە هاوڵاتیانی کورد دەدات بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە سیستەمی یاسایی خۆیان تێبگەن و پەیوەندییان پێوەبکەن، بەمەیش بەربەستە زمانەوانییەکانی نێوان حکومەت و خەڵک کەمدەکاتەوە.

پێش ئەم هەوڵانە، ڕێوشوێنە یاساییەکان و بەڵگەنامە فەرمییەکان بە پلەی یەکەم بە زمانی عەرەبی یان زمانە باڵادەستەکانی دیکە بەڕێوەدەچوون، ئەمەیش پچڕانی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتیانی کورد و چوارچێوەی یاسایی بەڕێوەبردنیان دروستدەکرد. وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامانە نەک هەر ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن کردووە، بەڵکو متمانەی گشتی بە دامەزراوەکانی حکومەت زیادکردووە. ئەو هاوڵاتیانەی دەتوانن بە زمانی دایکیی خۆیان دەستیان بە یاسا و ڕێساکان بگات، زیاتر هەست بە بەشداریکردن

لە پرۆسەی سیاسی و یاساییدا دەکەن، ئەمەیش هەستکردن بە خاوەندارێتی و بەشداریکردن لە حوکمڕانیدا پەروەردەدەکات. جگە لەوەیش، وەرگێڕانی زاراوەی یاسایی بۆ سەر زمانی کوردی، بەشداریکردووە لە پەرەپێدانی وشەسازییەکی یاسایی ئاڵۆزتر و ستانداردتر. پێشتر زۆرێک لە زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا نەبوون، یان پێناسەی وردیان نەبووە، ئەمەیش بوو بە هۆی ناتەبایی لە لێکدانەوەدا. لە ڕێگەی هەوڵە بەرفراوانەکانی وەرگێڕانەوە، زمانناسان و پسپۆڕانی یاسایی پێکەوە کاریانکردووە بۆ دروستکردنی فەرهەنگێکی یاسایی گشتگیر، کە لەگەڵ ستانداردە یاساییە نێودەوڵەتییەکان هاوتەریب بێت. ئەم هەوڵە زمانەکەی بەهێزترکردووە بە فراوانکردنی تواناکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گفتوگۆ و ڕێکارە یاساییە ئاڵۆزەکاندا.

> **” پرۆسەی وەرگێڕان لە کاروباری حکومیی و یاساییدا کاریگەربووە، بۆ ئەوەی زمانی کوردی ئەو دانپێدانانە و پێگەی فەرمی بەدەستبهێنێت کە شایەنیەتی “**

لایەنێکی تری گرنگیی وەرگێڕان لە کاروباری یاساییدا، گونجاندنی ڕێککەوتن و پەیماننامە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بووە بۆ زمانی کوردی. لە کاتێکدا کوردستان هەوڵدەدات پەیوەندییەکی بەهێزتری دیبلۆماسی و ئابووری لەگەڵ قەوارە نێودەوڵەتییەکان دابمەزرێنێت، پێویستیی وەرگێڕانی ئەو ڕێککەوتنانە بۆ سەر زمانی کوردی زیاتر دەرکەوتووە. بەم کارە داڕێژەرانی سیاسەت و پیشەگەریی یاسایی کورد دەتوانن بە تێگەیشتنێکی ڕوونتر لەو مەرج و ڕێسایانەی کە لەم بەڵگەنامانەدا هاتووە، بەشداریی گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان بکەن، دڵنیابن لەوەی کە ناوچەکەیان نوێنەرایەتیی کاریگەرانە لە کاروباری جیهانیدا دەکرێت.

لە دەرەوەی بەڵگەنامەی نوسراو، وەرگێڕانی ڕێوشوێنە یاساییە زارەکییەکان کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر بەفەرمیکردنی زمانی کوردییش هەبووە. ڕێوشوێنی هۆڵی دادگا و ڕاوێژکاری یاسایی و کۆبوونەوە حکومییەکان زیاتر بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچن و وەرگێڕانی ڕاهێنراو لە شوێنی پێویستدا ئاسانکاری بۆ پەیوەندیکردن دەکەن. ئەم گۆڕانکارییە دڵنیاییدەدات لەوەی کە هاوڵاتیانی کوردزمان مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و نوێنەرایەتیی یاساییان بە زمانی زگماکیی خۆیان هەیە، ئەمەیش ئەو

بیرۆکەیە بەهێزتردەکات، کە زمانی کوردی تەنیا زمانێکی قسەکردن نییە، بەڵکو زمانێکە کە بتوانێت بە تەواوی لە چوارچێوەی فەرمی و پیشەییدا کاربکات. جگە لەوەیش، حکومەتی کوردی بەرنامەی ڕاهێنانی بۆ وەرگێڕان و وەرگێڕانی تایبەتمەند لە کاروباری یاسایی جێبەجێکردووە. ئەم بەرنامانە ئامانجیان پابەندکردنی پیشەگەرەکانە بە شارەزایی زمانەوانی و یاسایی، کە پێویستە بۆ دابینکردنی وەرگێڕانی ورد لە سیناریۆی ڕێککەوتنەکانیاندا. حکومەت بە وەبەرهێنان لەم بوارەدا دڵنیاییدەدات لەوەی کە پرۆسەی وەرگێڕان بە کاریگەر و متمانەپێکراو بمێنێتەوە، ئەمەیش ڕۆڵی زمانی کوردی لە ئەرکە یاسایی و حکومییەکاندا زیاتر بەهێزدەکات. هەروەها تێکەڵکردنی زمانی کوردی لە دامەزراوە یاسایی و حکومییەکان لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی وەرگێڕانی دیجیتاڵییەوە بەهێزتردەکرێت. ماڵپەڕە حکومییەکان و بنکەدراوەی یاسایی و خزمەتگوزارییە گشتییە ئۆنلاینەکان زیاتر بە زمانی کوردی دەخرێنەبەردەست، بەمەیش هاوڵاتیان دەتوانن بە ئاسانی دەستیان بە زانیارییە گرنگەکان بگات. ئامڕازەکانی وەرگێڕانی دیجیتاڵی و خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی پاڵاوتەدەکرێن، بۆئەوەی وەرگێڕانی وردی کوردی دابینبکەن، ئەمەیش وادەکات تاکەکان ئاسانتر بە زمانی خۆیان پەیوەندی بە حکومەتەوە بکەن.

سەرەڕای ئەم پێشکەوتنانە، ئاستەنگەکان هەر ماون. یەکێک لە ئاستەنگە سەرەتاییەکانی وەرگێڕانی ناوەڕۆکی یاسایی بۆ سەر زمانی کوردی، فرەچەشنیی ئەو زاراوانەیە کە لە سەرانسەری ناوچە جیاوازەکاندا قسەیانپێدەکرێت. ستانداردکردنی زاراوەی یاسایی لە هەمان کاتدا ڕێزگرتن لە گۆڕانکارییە دیالکتیکییەکان هەوڵێکی بەردەوامە کە پێویستی بە هاوکاریی نێوان زمانزانان و پسپۆڕانی یاسایی و بەرپرسانی حکومەت هەیە. سەرەڕای ئەوەیش، پێویستی بە وەبەرهێنانی بەردەوام هەیە لە پەروەردەی وەرگێڕان و سەرچاوەکان بۆ پاراستنی کوالیتی و وردیی وەرگێڕانەکان لە کەرتی یاساییدا.

### کۆتایی

پەرەسەندنی پرۆسەی وەرگێڕان لە کوردستاندا هێزێکی گۆڕانکاری بووە لە بەهێزکردنی زمانی کوردی لە سەرانسەری پەروەردە و ڕاگەیاندن و بەفەرمیکردندا. وەرگێڕان بە دەستڕاگەیشتن بە زانست و زانیاری بە زمانی کوردی، گەشەسەندنی زمانەوانی بەرزکردووەتەوە، ناسنامەی کولتووری پەرەپێداوە و پێگەی زمانەکەی لە بواری ئەکادیمی و حکومیدا چەسپاندووە. لەگەڵ بەردەوامیی پەرەسەندنی هەوڵەکانی وەرگێڕان، ئایندەی زمانی کوردی تا دێت ئەمنیەتی زیاتر دەردەکەوێت لەگەڵ ئاسۆی گەورەتر بۆ تێکەڵبوونی بە هەموو لایەنەکانی ژیانی گشتی و پیشەییدا.

# ئاستەنگ و دەرفەتەکان لە وەرگێڕانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بۆ زمانە جیهانییەکان



سیما ڕەمزی عەبدولقادر

* خوێندکاری بەشی وەرگێڕان - زانکۆی سلێمانی، ماوەی چەند ساڵێکە وەک وەرگێڕ، نووسەرو هەڵەچن کار دەکاث و دەیان وثاری نوسراو و وەرگێڕدراوی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەثەوە.

زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو توخمێکی سەرەکیی ناسنامەی کولتووری و مێژوویە، وەرگێڕانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستن و فراوانکردنی زمانەکاندا و دەبێتە پردێکی گرنگ لە نێوان زمان و کولتوورە جیاوازەکان، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرەوپێشبردنیان دەبینێت بە ڕێگەدان بە هاوبەشیکردنی بیرۆکە و ئەدەب و زانیاری لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. هەرچەند زۆر جار وەرگێڕان لە ناو زۆرێک لە زمانەکاندا و بە تایبەت لە ناو زمانی کوردیدا بە هۆی جیاوازیی زاراوەیی، نەبوونی زاراوەی ستاندارد، ناهۆشیاریی وەرگێڕە کوردەکان و زۆر هۆکاری دیکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەبێتەوە، ئەمەیش پرۆسەی وەرگێڕان ئاڵۆزتردەکات، بەڵام سەرەڕای ئەم ئاستەنگییانە، وەرگێڕان دەرفەتی بەنرخیش دەڕەخسێنێت بۆ پێشخستنی زمان و کولتووری کوردی و ڕۆڵی گرنگیشی لە پاراستن و مانەوەیدا دەبینێت. لەم وتارەدا لە ئاستەنگ و دەرفەتەکانی وەرگێڕانی زمانی کوردی بۆ زمانە جیهانییەکان دەکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکەین، کە چۆن ئەم پرۆسەیە بەشداری لە پاراستن و پێشخستنی زمانەوانی و کولتووری کوردی دەکات.

بوونی ئاستەنگ لە وەرگێڕانی زمانی کوردیدا چەند هۆکارێک لەخۆدەگرێت:

١. نەبوونی زاراوەی ستاندارد: تا ئێستا زمانی کوردی یەک زمانی یەکگرتووی نییە و ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و تێکەڵ بە وشەی قەرزکراوی زمانەکانی دراوسێ زمانی کوردی بەکاردەهێنن، بۆیە کاتێک وەرگێڕێک وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانی کوردی دەکات، دەبێت بڕیاربدات کە کام زاراوە بەکاربهێنێت، وەک ئەوەی ئایا وشەی نوێی کوردی دروستبکات بۆ زاراوەیەکی دیاریکراو یان زاراوەی قەرزکراو بەکاربهێنێت. ئەم نەبوونی یەک_فۆڕمییە ستانداردەیش بۆ زاراوەکان سەرلێشێواوی بۆ وەرگێڕە کوردەکان و ناتەبایی لە وەرگێڕانەکاندا دروستدەکات.

٢. نەبوونی سەرچاوەی پێویست: زۆرێک لە زمانەکان فەرهەنگ و سەرچاوەی ئەکادیمی و بەرنامەی وەرگێڕانی تۆکمە و بەفەڕیان هەیە، کە وەرگێڕەکانیان دەتوانن لە ڕێیانەوە بۆ وەرگێڕانەکانیان کەڵکوەربگرن، بەڵام ئامڕاز و لێکۆڵینەوەکانی وەرگێڕانی کوردی هێشتا لە گەشەکردندان، لە لایەکی دیکەیشەوە کەم زانکۆ و ڕێکخراو هەن، کە خولی وەرگێڕان پێشکەشبکەن و وەرگێڕ ئامادەبکەن بۆ وەرگێڕانی ورد و پڕواتا، سەرەڕای ئەوەیش ئامڕاز و فەرهەنگی وەرگێڕانی کوردی-ئینگلیزی، کوردی-عەرەبی، کوردی-چینی، کوردی-فارسی و... هتد بە بەراورد بە زمانەکانی دیکە بەشی پێویست نییە، ئەم کەمیی سەرچاوەیەیش وەرگێڕانی ورد و کوالیتیی بەرز قورستردەکات.

٣. ئاستەنگییەکان لە وەرگێڕانی زۆرێک لە بوارەکان لەوانە بواری یاسایی و پزیشکی: نەبوونی زاراوەی بەرانبەر بە کوردی یان هاوتای ستاندارد بۆ وەرگێڕانی زاراوە تەکنیکی و زانستی و یاساییەکان، یەکێکن لە بەربەستە باوەکانی وەرگێڕان بۆ وەرگێڕە کوردەکان، ئەمەیش پێویستی بە گونجاندنێکی بەرفراوان یان قەرزکردنی لە زمانەکانی دیکەوە هەیە.

٤. جیاوازیی کولتووری: هەر وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە ئەدەبیات و شیعر و پەندی کوردی بە قووڵی پەیوەستن بە نەریت و مێژووی کوردەوە، هەندێک دەربڕینی کوردی لە زمانەکانی دیکەدا هاوتای تەواویان نییە، بۆ پێکانی مەبەستی دروستی ئەم بەرهەم و دەربڕینانەیش لە سەر وەرگێڕە کوردەکان پێویستە ڕێگەی داهێنەرانە و وەرگێڕانی ورد بدۆزنەوە تا واتا ڕەسەنەکانیان بپارێزن بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی کولتووری لەدەستبدەن.

ئەو دەرفەتانە چین کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بۆ زمانی کوردی دروستدەبن:

١. پێشکەوتنی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیا: پەرەدان بە وەرگێڕانی زمانی کوردی وادەکات، کە ئامڕازەکانی وەرگێڕانی ئۆنلاین و فەرهەنگ و بەرنامەکانی وەرگێڕان لە سەر بنەمای AI بۆ زمانی کوردی ساڵانە باشتر بن و وردە وردە زمانی کوردی بخرێنەناو پلاتفۆڕمە

دیجیتاڵییەکانی وەک گۆگڵ ترانسلەیتەوە، کە ئەمەیش کاری تاکی کورد لە بوارەکانی خوێند و پیشەیی و زۆر بواری دیکە ئاسانتردەکات.

٢. هۆشیاریی جیهانی بۆ کولتوور و زمانی کوردی: وەرگێڕان ڕێگە بە ئەدەبیات و مێژوو و فۆلکلۆری کوردی دەدات بگاتە بینەرێکی جیهانی، هەوڵدان بۆ وەرگێڕانی ڕۆمان و شیعر و بەرهەمی ئەکادیمیی کوردی بۆ زمانە جیهانییەکان یارمەتیدەرن جیهان زێدەتر بە کولتوور و زمانی کوردی ئاشنابێت.

> **” وەرگێڕان دەرفەتی بەنرخ دەڕەخسێنێت بۆ پێشخستنی زمان و کولتووری کوردی و ڕۆڵی گرنگیشی لە پاراستن و مانەوەیدا دەبینێت “**

٣. پەرەدان بە لایەنی ئەکادیمی و پەروەردەیی: فراوانکردنی هەوڵەکانی وەرگێڕانی زمانی کوردی دەستڕاگەیشتن بە زانست ئاسانتردەکات، وەک توێژینەوەی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی زانستی، هەروەها بوارە پیشەییەکانی وەک زانست، یاسا، پزیشکی بە زمانی کوردی بەهێزتردەکات.

٤. ڕۆڵی کورد لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا: پەرەدان بە بواری زمانەوانی و وەرگێڕان وا دەکات نەتەوەی کورد بە جیهان بناسرێت، ئەمەیش یارمەتیدەرە تا کورد ڕۆڵی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی و گفتوگۆ جیهانییەکاندا زیاتر کاریگەر و پەیوەندیدار بێت.

وەرگێڕان چۆن کاریگەری لە سەر پاراستنی زمانی کوردی هەیە؟ وەرگێڕان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پاراستن و بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی؟ بۆ نموونە:

١. وەرگێڕان دەبێتە هۆی گەشەی زمان، ئەویش لە ڕێی پەرەپێدانی وشەی نوێ و زۆر جاریش بەستانداردکردنی زاراوەکان لە ناو وەرگێڕانی زمانی کوردیدا، ئەمەیش یارمەتیدەرە بۆ دەوڵەمەندکردن و پاراستنی زمانی کوردی.

٢. گەشەسەندنی بواری زمانەوانی و وەرگێڕان دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەرزدەکاتەوە، کاتێک ئەدەب و مێژووی کوردی وەردەگێڕدرێت، کۆمەڵگەی جیهانی زیاتر ئاگاداری شوناسی کورد دەبێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی پاڵپشتیی زیاتر بۆ مافەکانی زمانی کوردی و پاراستنی لە هەوڵی لەناوبردنی.

٣. وەرگێڕان یارمەتیدەرە بۆ ئەرشیفکردن و مانەوەی شێوەزارە کوردییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەمیش بە وەرگێڕانی زاراوە جیاوازەکانی شێوەزارەکان بۆ شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی، لەم ڕێگەیەوە زمانی کوردی یەکگرتووتردەبێت و لە ڕووی زمانەوانییەوە دەوڵەمەندتردەبێت، هەروەها فرەچەشنیی زمانی بەرەوپێشدەچێت.


**" وەرگێڕ دەبێت بڕیاربدات کە کام زاراوە بەکاربهێنێت، وەک ئەوەی ئایا وشەی نوێی کوردی دروستبکات بۆ زاراوەیەکی دیاریکراو یان زاراوەی قەرزکراو بەکاربهێنێت "**

٤. بایەخدان بە وەرگێڕان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی لایەنی میدیایی و ئایتیی کوردی لە لایەک لە ناو خودی نەتەوەی کورد و لە لایەکی دیکەوە لە جیهاندا، بە جۆرێک وەرگێڕان بەردەستبوونی ناوەڕۆکی کوردی لە کتێب، فیلم، ماڵپەڕ و پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکاندا زیاددەکات، ئەمەیش یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی زمانەکە، جگە لەوەیش ژێرنوس و دۆبلاژکردنی فیلمەکان و وەرگێڕانی هەواڵی جیهانی و دروستکردنی ئەپ و ماڵپەڕی کوردی بە زمانی کوردی وادەکەن زمانی کوردی لە ناو زمانە جیهانییەکاندا جێی خۆی بکاتەوە و لە ناو نەتەوەی خۆیشماندا بە زیندوویی بمێنێتەوە.

لەمەوە دەگەینە ئەوەی وەرگێڕان تەنیا ئەرکێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بنەڕەتییە لە دەستەبەرکردنی گەشەسەندن و ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانێکی زیندوو بە جیهان، ئەو دەرفەتانەی کە وەرگێڕان دەیڕەخسێنن لە هەمان کاتدا گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی زمانەوانین، کە کاریگەرییان لە سەر زمانی کوردی هەیە، پەرەسەندنی ئامرازە زمانەوانییە کوردییەکان و زیادبوونی بەرکەوتەی جیهانی و فراوانکردنی هەوڵەکانی وەرگێڕانی ئەکادیمی و پیشەیی هەموویان بەشدارن لە پاراستن و گەشەکردنی زمانی کوردیدا. هەروەها بە چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگارییانەی کە هەن لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پەرەدان بە فەرهەنگ و سەرچاوەی ئەکادیمی و دۆزینەوەری هاوواتای گونجاو بۆ زاراوەکان و بەستانداردکردنیان زمانی کوردی دەتوانێت جێگەی خۆی لە ناو زمانە جیهانییەکاندا بکاتەوە، ئەم هەوڵانەیش نەک هەر زمانی کوردی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەپارێزن، بەڵکو وادەکەن زمانی کوردی وەک زمانێکی بژاردە لە ناو زمانە جیهانییەکاندا دابنرێت.

# توێژینەوە

# کێشە و بەرەنگارییەکانی[1] وەرگێڕانی (ئیدیۆم)



نوسینی: پ. د. ئازاد حەمە شەریف

* نووسەر و وەرگێڕ و مامۆستای زانکۆیە
* بەکالۆریۆس لە زمانی ئینگلیزی، زانکۆی بەغدا ١٩٨٠
* ماستەر لە ئەدەبی ئینگلیزی، زانکۆی بەغدا ١٩٨٣
* دکتۆرا لە رۆمانی نوێ، زانکۆی کۆیە ٢٠٠٨
* دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان ١٩٩٢
* بەرپرسی کاروباری وەرگێڕان لە پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٠-٢٠٠٣

## ١. پێشەکی

پێش ئەوەی باسی کێشە و بەرەنگارییەکانی وەرگێڕانی (ئیدیۆم) لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بکەین، یەکجار پێویستە سێ بابەت زۆر بە کورتی ساغ بکەینەوە: یەکەمیان پێناسەی (ئیدیۆم)، دووەمیان (گرنگی ئیدیۆم لە ناو زماندا)، سێیەم (کێشە و بەرەنگارییەکانی ئیدیۆم لە کاتی وەرگێڕاندا).

## جا با بزانین (ئیدیۆم) چییە؟

یەکەم: (ئیدیۆم) دەستەواژە و دەربڕینێکی کورت و پوختە و بە شێوەیەکی وا سفتوسۆڵ دارێژراوە، کەوا ناکرێت واتاکەی بە لێکدانەوە و تێگەیشتن لە تاک بە تاکی وشەکاندا بەدەستبکەوێت.

دووەم: (گرنگی ئیدیۆم لە ناو زماندا) ئەوەیە، کەوا لە ڕێگەی داهێنانی وێنەی زیندوو

(١) تێبینی: من بە هیچ جۆرێک لەگەڵ وشەی (ئالەنگاری) نیم، چونکە نازانم سەرچاوەی ئەو وشەیە لە کوێوە هاتووە و بە وشەیەکی داتاشراوی دادەنێم، بەڵام کاتێک ئێمە وشەی ڕەسەنی (بەرەنگاری)مان هەبێت، گوناحە وشەیەکی داتاشراوی لە جێگە دابنێین. (ئازاد)

و کارتێکەری و قورسایی سۆزدارییەوە زمان دەوڵەمەنددەکات. هێشتا دەتوانین لەوە پتریش بڵێین، (ئیدیۆم) ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لە دەربڕینی ناسنامەی کەلتووری و هەستی کۆمەڵایەتیدا دەبینێت.

سێیەم: (کێشە و بەرەنگارییەکانی ئیدیۆم لە کاتی وەرگێڕاندا) زۆر و زەوەندن، چونکە ئەمە وا لە زمانەوان و وەرگێڕەکان دەکات بە دوای بایەخی (بنواتا یان کۆنتێکست) و تایبەتمەندێتییە کەلتوورییەکاندا بگەڕێن، بۆئەوەی بتوانن هاوشێوەی ئەوان لە زمانی بۆوەرگێڕدراودا بدۆزنەوە.

## ٢. جۆرەکانی کێشە و گرفتی وەرگێڕانی (ئیدیۆم)

### یەکەم: (بنو اتای کەلتووری) (Cultural Context)

لەبەرئەوەی (ئیدیۆم) ڕەگوڕیشەیەکی زۆر قووڵی لە ناو کەلتووری زماندا داکوتاوە و زۆر جاران بناغەکەی لە سەر ئاماژە کەلتووری و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان دانراوە، کەوا بە دەگمەن لە ناو کەلتوور و زمانە جیاوازەکاندا هاوبەشی هەیە، بۆیە کارێکی دژوارە بتوانرێت ڕاستەوخۆ (ئیدۆم)ە کە وەربگێڕدرێت بەبێ ئەوەی واتا ڕەسەنەکەی خۆی لەدەستبدات Nida, E. A., ١٩٦٤) و (Baker, ١٩٩٢).

لە ڕووی کەلتوورییەوە (ئیدیۆم) لە زۆربەی زمانەکاندا بەسەرهاتێک یان چیرۆکێکی لە پشتەوەیە. جا بەبێ شارەزایی و زانینی ئەم چیرۆک و بەسەرهاتانە ئاسان نییە وەرگێڕ بتوانێت لە واتا شاراوە و مەبەست و بنواتای (ئیدیۆم)ەکە بگات. لە زمانی ئینگلیزیدا کاتێك (ئیدیۆم)ی (Break bread) بەکاردەهێنن، مەبەستیان (شکاندنی نان) نییە، بەڵکو ئەم (ئیدیۆم)ە پەیوەندیی بە (ئاییني مەسیحی)ەتەوە هەیە و واتاکەی ئەوەیە (میوانداری و دۆستایەتی لەگەڵدا دەکات) و (نان و خواردنی لەگەڵ دابەشدەکات).

هەروا لە زمانی ئینگلیزی ئەمریکیدا کاتێک دەڵێن (Bees knees) مەبەستیان (چۆکی مێشهەنگوین) نییە. ئەم (ئیدیۆم)ە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٣ لە سەروەختی (قەدەغەکردنی خواردنەوە کحولیەکان)دا پەیدابوو، بە واتای (کردنی کارێک بە مقەیەتی و نهێنیی و شاردنەوەی شتی قەدەغەکراو و هێنانی ئەو شتە لە ڕێگەی شوێنێکی کەسپێنەزان)ەوە دێت.

لە زمانی کوردیدا کاتێک دوو ژن ڕکابەریی یەکتری دەکەن و یەکێکیان بە فێڵ یان بە ئایینوئۆین دەیەوێت سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، کەوا بەزەییان پێیدابێتەوە ئەو (ئیدیۆم)ە بەکاردێت: (زایان زایە، ئەستەویران چ بەڵایە!) شایەنی گوتنە، بەسەرهات و چیرۆکێک لە پشت ئەو (ئیدیۆم)ەوە هەیە. دوو هەوێ هەبوون یەکێکیان نەزۆک بوو، ئەوەی تر تازە منداڵی بووبوو، بۆیە ئەوەکەی زابوو زەیستان بوو و نەیدەتوانی لە ناو نوێن بێتەدەرەوە و کاربکات. جا هەوێ نەزۆکەکەیش خۆی لە ناو جێگا نابوو و بە فێڵ خۆی نەخۆش کردبوو تا ئەویش کارنەکات. کاتێک خەسوویان هات و ئەمەی بینی، ئەو قسەیەی کرد، کەوا بوو بە (ئیدیۆم) و ئەو (ئیدیۆم)ەیش بە کەسێک دەگوترێت، کەوا بە درۆ خۆی نەخۆش بکات. خۆ ئەو (ئیدیۆم)ە کوردیە زۆر نزیکە لەو (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیە: (To pull a sickie).

دەستنیشانکردن و لێکدانەوەی واتای (ئیدیۆم) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو کولتوورەوە هەیە، کەوا لە ناویدا بەکاردێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کاتێک وەسف/پەسنی ژنێکی ڕەوشت_باش دەکەین پێیدەڵێین: (ژنێکی ڕووسپییە)، چونکە لە کەلتووری (ئایینی زەردەشتی)دا ڕەنگی سپیی ڕەنگێکی پیرۆزە و نیشانەی ڕێز و پاکییە، بەڵام لە کەلتووری (فارسی)دا کەوا زوو لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا تێکەڵبوو و ژنان بۆ خۆجوانکردن (سووراو و سپیاو)یان لە ڕووی خۆیان هەڵدەسوو، ئەمە واتاکەی پێچەوانەبووەوە و لە زمانی (فارسی)دا کاتێک دەڵێن (این زن روسپی است)، واتە ئەمە (ژنێکی بێڕەوشتە). هەڵبەتە لە (ئیدیۆم)ە کوردی و (فارسی)ەکەدا وشەکان هەمان وشە و دەستەواژەن، بەڵام ئەوە جیاوازییە کەلتوورییە وایکردووە واتای وشەکان پێچەوانەببنەوە.

**دووەم: (واتای تایبەتی زمانەوانی) (Language-specific Connotations)**

هەر (ئیدیۆم)ێک لەوانەیە واتای جیاواز لە زمانە جیاوازەکاندا ببەخشێت، ئەمەیش وادەکات کێشە و گرفت بۆ وەرگێڕەکان دروستبکات (Newmark, ١٩٨٨). بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزیدا (spill the beans) ئەگەر وشە بە وشە وەربیگێڕین دەبێتە (پاقلەی بە گۆڕێ وەرکرد)، ئەمەیش لە زمانی ئینگلیزیدا هیچ واتایەک نادات، چونکە واتای ئەو (ئیدیۆم)ە ئەوەیە (نهێنییەک ئاشکرادەکات). جا ئەگەر ئەو (ئیدیۆم)ە بکەین بە کوردی دەقاودەق بە واتای (ئەوەی بن بەڕێ دێنێتە سەر بەڕێ) دێت.

ئەگەر وەرگێڕێک بیەوێت ئەو (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیە (To be whistling in the dark) بکات بە کوردی، ڕەنگە تا ماوەیەکی باش دۆشدابمێنێت و لە نێوان وشەکاندا

هەڵبەزودابەز بکات. خۆ ئەگەر کەم_ئەزموون بوو لەوانەیە وشەکان تاکە تاکە بەم شێوەیە وەربگێڕێت: (لە تاریکییدا فیتەفیتیەتی)، یان (لە تاریکییدا فیکە لێدەدات). ئەو جۆرە وەرگێڕانە وشەییە هیچ واتایەک بەدەستەوەنادات، چونکە لە ئینگلیزیدا ئەم (ئیدیۆم) بۆ کەسێک بەکاردێت، کەوا سەرەڕای ناخۆشی ڕەوشەکە ئەو هەر دڵخۆش بێت. لە کوردیدا (ئیدیۆم)ێکی تا ڕادەیەک نزیک لەمە هەیە، کەوا بەم جۆرەیە: (لە سەر قوڕێ تۆزێ دەکات).

خۆ لە زمانی کوردیدا کاتێک دەڵێین (هەم لە قەلان و هەم لە کۆترانیش بوو) واتە (هەردوو شتی لەدەستچوو). جا ئەگەر ئەو (ئیدیۆم)ە، کەوا بناغەیەکی کەلتووری هەیە وشە بە وشە وەربگێڕین، ئەوا دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕیی و پێکەنین. لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو (ئیدیۆم)ە (To lose either way) تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ (ئیدیۆم)ە کوردیەکەدا دێتەوە، ئەگەرچی (ئیدیۆم)ە کوردیەکە لەوەی ئینگلیزیەکە زۆر جوان و پوختترە.

**سێیەم: (یاریکردن بە وشە و قسەی بەتوێکڵ) (Wordplay and Humor)**

زۆرێک لە (ئیدیۆم)ەکان پشت بە یاریکردن بە وشە و قسەی بەتوێکڵ دەبەستن، ئەو وشە و قسە بەتوێکڵانە ئاماژەی کەلتووریی خۆیان پێوەیە و ڕەنگە ئاسان نەبێت بۆ وەرگێڕی تازەکار هاوتاکانیان بە هەمان توێکڵکاریی لە زمانی بەرانبەردا بۆ بدۆزرێتەوە. ئەمەیش وادەکات کاری وەرگێڕ زۆر سەخت و دژوار بێت و تەنانەت (AI)یش نەتوانێت تا چەندین ساڵی دیکە بە سەر ئەو کێشەیەی وەرگێڕان لە نێوان زمانەکاندا زاڵ ببێت. بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزیدا(beat around the bush) ) ئەگەر وشە بە وشە وەریبگێڕین دەبێت بە (دەوروبەری دەوەنەکە دەکوتێتەوە)، ئەمەیش لە کوردیدا هیچ واتایەک بەدەستەوەنادات، چونکە واتا ئینگلیزیەکەی هەم گاڵتەکردن و هەم شۆخیکردنی تێدایە بە کەسێک، کەوا لە ئیشوکارێکدا نەزان و ورد نەبێت، بۆیە ئەگەر وەرگێڕێکی بەتوانا بیەوێت ئەو (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیە بکات بە کوردی دەتوانێت ئەو (ئیدیۆم)ە کوردیە باوەی دەشتی هەولێر، کەوا دەڵێت (پێمەڕەی بڵاوە) لە بەرانبەری دابنێت.

خۆ لەوەیش سەیرتر ئەوەیە لە ئینگلیزیدا ئەگەر داوای بەختێکی باش بۆ کەسێک بکەیت پێیدەڵێیت (break a leg)، جا ئەگەر وەرگێڕێکی نەشارەزا بیەوێت ئەو (ئیدیۆم)ە بکات بە کوردی، دەچێت وا وەریدەگێڕێت (قاچێک دەشکێنێت). ئەمەیش ڕێک پێچەوانەی (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیەکەیە، چونکە لە ئینگلیزیەکەدا بە واتای (یاخوا بەختت باش بێت) دێت.

**چوارەم: (واتای وشە بە وشە بەرانبەر بە واتای وێنەیی) (Literal vs. Figurative Meaning)**

لە (ئیدیۆم)دا زۆربەی جاران واتای وێنەیی و زمانی مەجازی بەکاردێت و سوود لە پێکچواندن و خوازە و یاریکردن بە وشە و کەرەستەکانی دیکەی جوانکاریی زمان دەبینرێت. جا لە کاتی وەرگێڕانیاندا زۆر دژوارە بە ئاسانی ئەو وێنە و کەرەستە جوانکارییانە لە زمانێکەوە بگوازرێنەوە بۆ زمانی دووەم بەبێ ئەوەی واتا و جوانییەکانیان لەدەستبدەن (Lakoff & Johnson, ١٩٨٠)، (Baker, M., ٢٠١٨).

> **"کێشە و بەرەنگارییەکانی ئیدیۆم وا لە زمانەوان و وەرگێڕەکان دەکات بە دوای بایەخی بنواتا و تایبەتمەندێتییە کەلتووریەکاندا بگەڕێن، بۆئەوەی بتوانن هاوشێوەی ئەوان لە زمانی بۆوەرگێڕدراودا بدۆزنەوە"**

لە زمانی ئینگلیزیدا کاتێک دەڵێن (kick the bucket) واتە (دەمرێت)، نەک (لەقە لە دەولکەکە دەدات)، چونکە (لەقەدان لە دەولک) قسەیەکی بیواتایە و هیچ واتایەکی وا نادات. لە زاری هەولێریشدا ئەگەر یەکێک بمرێت زۆر جاران دەگوترێت (پەلەواژبووەوە). جاری وا هەیە وەرگێڕ لە زمانی کوردیەوە بۆ زمانی ئینگلیزی توشی ئەو (ئیدیۆم)ە کوردیە دێت: (بە دوای کڵاوی بابردوو مەکەوە). جا چونکە (ئیدیۆم)ە کوردیەکە وێنەیەکی زیندووی (کڵاوی بابردوو)ی تێدایە، وەرگێڕ دۆشدادەمێنێت و نازانێت چۆنچۆنی لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەرەکەی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام وەرگێڕی بەسەلیقە و زمانزان هەوڵنادات وشەکان تاک بە تاک بکات بە ئینگلیزی، چونکە بەم جۆرە لە ئینگلیزیدا هیچ واتایەک نادات، بۆیە دوای گەڕان و سوڕانێکی زۆر ڕەنگە ئەو سێدانە (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیانە بتوانن لە سەدا حەفتا کەمتر یان زیاتری واتا کوردیەکە بگەیەنن. (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیەکان ئەوانەن: ((Don't try to recapture the past و (Don't try to relive the past) و (Don't try to catch a moonbeam)، بەڵام ئەو (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیانە هەرگیز ناتوانن کاریگەری و جوانی (ئیدیۆم)ە کوردیەکە بگەیەنن.

هەر لەبەرئەوەیشە لە زمانی ئیتالییدا ئەو قسەیان لە سەر وەرگێڕان و وەرگێڕ کردووە: (Traduttore, traditore) واتە (ئەی وەرگێڕ، ئەی ناپاک!) بێگومان ئەگەرچی وەرگێڕەکان لەو قسە ئیتالییەدا بە (ناپاک) دانراون، لە لای زۆربەی نوسەران و کەلتوورەکاندا ئەوەندەیان پێدا هەڵگوتوون تا ئەوانیان گەیاندووەتە ترۆپکی ئاسمان. هەر بۆ نموونە: (جۆرج شتاینەر) دەڵێت ( Translation is the instrument of civilization) واتە (وەرگێڕان ئامرازی شارستانیەتە). لەوەیش پتر قسەیەک هەیە، بەڵام سەرچاوەکەی نەزانراوە، کەوا دەڵێت (Translators are bridges between cultures) واتە (وەرگێڕەکان پردی نێوان کەلتوورەکانن). منیش سی و دوو ساڵ لەمەوبەر گوتوومە: (وەرگێر باڵیۆزی ڕۆشنبیری نێوان میللەتانە).

لە زمانی کوردیدا بە کەسانێکی خاوەن_ئەزموونی خۆدەربازکردوو لە تەنگوچەڵەمە دەگوترێت: (ئەوان گورگی باراندیتەن). زۆر زەحمەتە ئەو وێنە کورتە جوانە پڕواتایە لە زمانێکەوە بەو جوانی و کورتبڕیەوە بۆ زمانێکی دیکە بگوازرێتەوە بەبێ لەدەستدانی وێنە و جوانکارییەکانی. خۆ لە زمانی ئینگلیزیدا (ئیدیۆم)ێکی زۆر لەمە نزیک هەیە، کەوا دەڵێت (They've weathered the storm)، بەڵام ئەگەر ئەو (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیە بکەوێتە دەستی وەرگێڕێکی نەشارەزا، ڕەنگە بەکەیفی خۆی واتایەکی دیکەی بۆ دابڕێژێت و تاک تاکی وشەکان لە بریی واتا ئیدیۆمییەکە لێکبداتەوە.

**پێنجەم: (جیاوازی ناوچەیی، هەرێمی، وڵاتی) (Regional Variations)**

لە زمانی ئینگلیزیدا کاتێک دەڵێن (table something) ئەوا واتای ئەو (ئیدیۆم)ە بە پێی (وڵات، هەرێم، ناوچە) دەگۆڕێت. ئەو (ئیدیۆم)ە لە زمانی ئینگلیزی ئەمریکیدا واتە (شتێك ڕادەگرێت، یان بەدوایدەخات)، کەچی لە زمانی ئینگلیزی بەریتانیدا واتە (دەیهێنێتە بەرباس و گفتوگۆ). ئەم دوو واتایەیش دەقاودەق پێچەوانەی یەکترین. جا وەرگێڕی کەم_ئەزموون لەوانەیە (هەڕی لە مەڕی دەرنەکات) و هەردوو دەربڕین بە یەک جۆر وەربگێڕێت و نەزانێت قسەکەرەکە ئەمریکیە، یان بەریتانیە.

لە زمانی کوردیشدا شتی لەو بابەتەمان هەیە. پەنجاوهەشت ساڵ لەمەوبەر لە کۆڵانێکی (گەڕەکی تەیراوە) پیاوێکی چیایی قسەخۆش لە کۆڵانەکەمان هەبوو، هەر کەسێک بمردبایە دەیگوت (چووەبەر ئاگرە خۆشەکە). ئێمە دەمانزانی مەبەستی ئەو پیاوە لەو قسەیە ئەوەیە (کەس بێگوناح نییە، بۆیە کابرای مردوو لەبەر گوناحەکانی سەرەتا دەچێتەبەر ئاگری دۆزەخ)، بەڵام خەڵکانی گەڕەکانی دیکە واتێدەگەیشتن کەوا کابرای مردوو هێشتا هەر زیندووە و بۆ خۆی لە ماڵەوە لەبەر ئاگری سۆپای داران دانیشتووە.

من لێرەدا دەیڵێم واتای (ئیدیۆم) بە پێی بنەماڵە، هۆز، گەڕەک، شار ،ناوچە، هەرێم و وڵات دەگۆڕێت. لەوەیش پتر، واتای (ئیدیۆم) بە پێی سەردەم و ڕۆژگاریش دەگۆڕێت. هەر بۆیە لێرەدا جارێکی دیکە دوپاتیدەکەمەوە کەوا تەنانەت (AI)یش نەتوانێت تا چەند ساڵێکی دیکە بە سەر ئەو کێشەیەی وەرگێڕان لە نێوان زمانەکاندا زاڵببێت.

> ”دەستنیشانکردن و لێکدانەوەی واتای (ئیدیۆم) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو کەلتوورەوە هەیە، کەوا لە ناویدا بەکاردێت “

**شەشەم: (سەرچاوەی ئیدیۆم) (Idioms' Origins)**

هەندێك (ئیدیۆم) سەرچاوەی مێژوویی و کەلتووریان هەیە، کەوا ئەمەیش لە هەر زمانێکدا شتێکی تاقانە و دانسقەیە و ڕەنگە وەرگێڕانیان بۆ زمانێکی دیکە وەرگێڕ توشی ئاستەنگ و بەرەنگاری سەخت بکات. هەر بۆ نموونە: کاتێک لە زمانی ئینگلیزیدا دەڵێن (It is raining cats and dogs) ئەوان مەبەستیان ئەوەیە بیڵێن (بارانێکی توند و بەخوڕ دەبارێت)، نەک (پشیلە و سەگ دەبارێت). سەرچاوەی مێژوویی و کولتووریی ئەو (ئیدیۆم)ە دەگەڕێتەوە بۆ (سەدەکانی ناوەڕاست)، کاتێک بارانی زۆر دەباری و لافاو هەڵدەستا و ڕێگاوبانەکان پڕئاو دەبوون، ئەمەیش وایدەکرد لاشەی تۆپیوی پشیلە و سەگەکان بە سەر ئاوی لافاوەکەوە بکەون. لە کوردیدا سێ (ئیدیۆم) بۆ ئەو جۆرە بارانانە بەکاردێت: (بارانی سەربەکڵاوە)، (شەستەباران)، (بارانی لوولەی مەسینە). هەروەها کاتێک لە زمانی ئینگلیزیدا دەڵێن (Let sleeping dogs lie) ئەوان مەبەستیان ئەوەیە بیڵێن (کێشە و سەرئێشە بۆ خۆت مەخوڵقێنە). بۆ ئەو (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیە، لە زمانی کوردی دەشتی هەولێردا (ئیدیۆم)ێکی پڕبەپێستی ئەوە هەیە، کەوا دەڵێت: (دار لە کونە زەنگەزۆرە وەرمەدە).

لە زمانی ئینگلیزیدا کاتێک دەڵێن (Make a mountain out of a molehill)، مەبەستیان ئەوە نییە بڵێن (لە قۆمەتە خۆڵی جورجێک چیایەک دروستدەکات)، چونکە ئەمە وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی بێواتایە. واتای ئەو (ئیدیۆم)ە پەیوەندیی بە سەدەی (١٦)هەمەوە هەیە، کاتێک ئەو قسەیان بۆ وەسف/پەسنکردنی جۆرە کەسانێک بەکاردەهێنا، کەوا فشەکەر و خۆهەڵکێش بوون. بە کوردیەکی پوخت و

پاراو واتاکەی دەبێتە (مێشێک دەکاتە گامێشێک). جا ئەگەر هەردوو (ئیدیۆم)ەکە لە ڕووی ژمارە و پێکهاتەی وشەییەوە لە پاڵ یەکتری دابنێین، ئەوا (ئاسمان و ڕێسمانیان بەینە)، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە ئەو (ئیدیۆم)ە کوردیە (مێشێک دەکاتە گامێشێک) نزیکەی لە سەدا هەشتاوپێنج هاوواتای (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیەکەیە.

**حەوتەم: (ونبوونی وردەکاری) (Loss of Nuance)**

لە کاتی وەرگێڕانی (ئیدیۆم) لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، زۆر لایەنی وردەکاری و جوانکاری لەدەستدەچن و ئاتاریان بە سەر پاتاریانەوە نامێنێت. هەر بۆ نموونە: کاتێک لە ئینگلیزیدا Give someone the cold shoulder یان Rain on someone's parade وەردەگێردرێن بۆ سەر زمانێکی دیکە، ئەو (ئیدیۆم)انە وەرگێڕی کەم_ئەزموون توشی سەرلێشێوان و پەشۆکان دەکەن. هۆکارەکەیشی ئەوەیە ئەو (ئیدیۆم)انە (سێبەری وشە)یان لەگەڵدایە و زەحمەتە وشە و (سێبەر)ەکانیان دەقاودەق بگوازرێنەوە بۆ زمانێکی دیکە. وەرگێڕی کەم_ئەزموون ڕەنگە ئەم (ئیدیۆم)ە (Give someone the cold shoulder)وشە بە وشە وا وەربگێڕێت (شانێکی ساردی پێدەدات). ئەمەیش هیچ واتایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام وەرگێڕی بەتوانا دەزانێت واتای (ئیدیۆم)ەکە ئەوەیە (ڕووی پێنادات).

هەمان کێشەیش لەگەڵ (Rain on someone's parade) دوبارەدەبێتەوە. ئەگەر ئەو (ئیدیۆم)ە وشە بە وشە وەربگێڕدرێت وایلێدێت: (باران دەبارێنێتەسەر کەژاوەی کەسێک). ئەمەیش هیچ واتایەکی نییە و هەموو وردەکارییەکانی لەدەستداوە، بەڵام وەرگێڕێکی خاوەن_ئەزموون دەتوانێت بەم جۆرە وەریبگێڕێت: (دۆ و دۆشاوی لێ تێکەڵدەکات). جا هەرچەندە وەرگێڕانە کوردییەکە سەداسەد بەرانبەر (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیەکە ناوەستێتەوە و هەموو وردەکارییەکان بەدەستەوەنادات، بەڵام ئەوەندەیش لێیەوە دوور نییە کەوا واتاکەی تێکبدات.

لە زمانی کوردیشدا هەمان کێشە هەیە. با بڕوانینە ئەو (ئیدیۆم)ە کورت و پڕواتا کوردییە: (نانمان بێخوێیە)، واتە (ئەوەندەی ئێمە لەگەڵ خەڵکی چاکەدەکەین، خەڵکی چاکەکانی ئێمەیان لەبەرچاو نییە و ڕەنگە خراپەیشمان لەگەڵدا بکەن). جا ئەگەر ئەو (ئیدیۆم)ە کوردیە وشە بە وشە بکەینە عەرەبی وایلێدێت: (خبزنا ما به ملح). ئەوەیش لە زمانی عەرەبیدا قسەیەکی بێسەروبەرە، چونکە ئەو (ئیدیۆم)ە کوردیە کورت و پوختە لەکاتی وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی هەموو وردەکاری و سێبەرەکانی خۆی لەدەستداوە.

**هەشتەم: (کێشەی لێکتنەگەیشتن لە لایەن کەسانی بێگانەوە) (Difficulty for Non-Native Speakers)**

لە سەرانسەری دنیادا میللەتانی خاوەن_زمانانی جیاواز کاتێک فێرە زمانێکی بیانی دەبن توشی کێشەی لێکترتێنەگەیشتن دەبن و زۆرینەی ئەو جارانەیش بە هۆی زۆری ئەو (ئیدیۆم)انەیە، کەوا زمانەکانی دنیا لە ناو کەلتوورە جیاوازەکانی خۆیان هەڵیانهێنجاون. جا ئەگەر ئەمە حاڵی قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان بێت، ئاخۆ دەبێت ڕەوشی وەرگێڕە کەم_ئەزموونەکان چۆن بێت؟ هەڵبەتە وەرگێڕی بەتوانا و خاوەن_ئەزموون زۆربەی جاران بۆ وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان وەرگێڕانی (ئیدیۆم)ێک بە هەفتە لە کارەکەی دوادەکەوێت و کون بە کون بە دوای (ئیدیۆم)ی بەرانبەردا دەگەڕێت.

> **”دەستنیشانکردن و لێکدانەوەی واتای (ئیدیۆم) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو کەلتوورەوە هەیە، کەوا لە ناویدا بەکاردێت “**

**نۆیەم: (کێشەی سروشتی بەگۆزەگۆزی ئیدیۆم) (Dynamic Nature)**

بە تێپەڕبوونی کات و گوێزرانەوەی (ئیدیۆم) لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، یان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، (ئیدیۆم) واتا و واتای بنچینەیی خۆی لەدەستدەدات و واتا و مانای تازە و نوێ وەردەگرێت.(Gutt, ١٩٩١) بۆ نموونە: لە سەردەمی (شێکسپیر)دا کاتێک دەیانگوت (He is a fisher)، هەرگیز ئەو واتایەی ڕۆژگاری ئەمڕۆی نەدەدا، چونکە کاتێک ئەو (ئیدیۆم) ە لە ناو شانۆنامەی (هاملێت) دا بەکارهاتووە بە واتای (گەواد) نەک (ماسیگر) هاتووە، کەچی بە تێپەڕبوونی کات و گوێزرانەوەی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەوە واتاکەی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەرداهات و بوو بە (ماسیگر).

**دەیەم: (سروشتی نافەرمیایەتی ئیدیۆم) (Informal Nature)**

لەبەرئەوەی (ئیدیۆم) زیاتر لە قسەکردن و گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکاردێت، بۆیە سروشتێکی نافەرمی هەیە و لەبواری فەرمی و نوسینکاریدا کەمتر بەکاردێت. هەڵبەتە قسەی ڕۆژانە قسەی خەڵکە ڕەشوڕووتە کەم_خوێندەوارەکەیە و ئەوان زۆربەی کات کەمتر پابەندی یاسا و ڕێسا زمانەوانییەکان دەبن، چونکە لە لای ئەوان بە زۆری

واتای پشت دەربڕینەکان لە یاسا و ڕێسای زمانەوانیی گرنگترە، هەر بۆیە تێگەیشتن لە هزر و بیرکردنەوە و قسە و گوتاری ئەو خەڵکە ڕەشوڕووتە کارێکی ئاسان و یەکسەری نییە، ئەمەیش وادەکات زۆرترین دەرکەوتنی (ئیدیۆم) لە ناو دەقە نائەدەبییەکاندا (جگە لە دەقی شانۆنامەکان)دا بێت و (ئیدیۆم) کەمتر خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە نوسینە نائەدەبییانەدا بگونجێنێت .(Hatim & Mason, ١٩٩٧)

### ٣. ڕێچکە و ستر اتیژیەتەکانی وەرگێڕانی (ئیدیۆم)

زۆربەی جاران، کاتێک وەرگێڕەکان ڕووبەڕووی (ئیدیۆم)ێک دەبنەوە، توشی سەرلێشێوان و پەرێشانییەکی لەڕادەبەدەر دەبن، بۆئەوەی بتوانن کارەکانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕاپەڕێنن، ئەوان ئەم ڕێگە جۆراوجۆرانەی خوارەوە دەگرنەبەر بۆ خۆدەربازکردن لە ئاڵۆزی و پڵۆزی (ئیدیۆم)ەکان.

### یەکەم: وەرگێڕانی (وشە بە وشە)

لەم جۆرە وەرگێڕانانەدا وەرگێڕی کەم_ئەزموون توشی پشێوسواری و سەرلێشێوان دەبێت، چونکە هەم ئەزموون و هەم گەنجینەی زمانەوانیی لاوازە و ناتوانێت (ئیدیۆم)ێکی پڕبەپێستی (ئیدیۆم)ە وەرگێڕدراوەکە لە زمانی بەرانبەردا بدۆزێتەوە، بۆیە پەنادەباتەبەر وەرگێڕانی (وشە بە وشە)، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و واتابزری و بێسەروبەریی دەقەکە یان بابەتە وەرگێڕدراوەکە. هەر بۆ نموونە: ئەگەر وەرگێڕێکی کەم_ئەزموون توشی ئەو (ئیدیۆم)ە ئینگلیزییە هات (Sitting on the Fence) پەنادەباتەبەر وەرگێڕانی (وشە بە وشە) و بەم جۆرە وەریدەگێڕێت: (لە سەر پەرژینەکە دادەنیشێت). ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە واتا ئینگلیزیەکەوە نییە و لە زمانی کوردیشدا هیچ واتایەک نابەخشێت، بەڵام ڕەنگە وەرگێڕێکی بەتوانا دوای گەڕانێکی ورد و درێژخایەن، لە ناو قسە و گوفتاری جوتیارانی دەشتی هەولێری دوێنێ و ئەمڕۆدا بگاتە ئەو (ئیدیۆم)ە کوردییە ڕەسەنەی، کەوا دەڵێت: (شاقاو و دووزەینە). هەڵبەتە ئەو (ئیدیۆم)ە کوردیە هەرگیز سەداسەدی وێنە و واتا ئینگلیزیەکە ناگەیەنێت، بەڵام ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێت دەتوانم بڵێم نزیکەی زیاتر لە سەدا نەوەدی واتا ئینگلیزیەکە دەگەیەنێت.

### دووەم: وەرگێڕانی هاوتایی یان هاوو اتایی(ئیدیۆم بە ئیدیۆم)

لەم جۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕی بەتوانا بە دوای (ئیدیۆم)ێکی هاوواتای (ئیدیۆم)ە وەرگێڕدراوەکەدا لە زمانی مەبەستدا دەگەڕێت و بەمەیش تا ڕادەیەکی باش لە واتا و بنواتا و سێبەر و وێنە و وردەکارییەکانی (ئیدیۆم)ە وەرگێڕدراوەکە نزیکدەبێتەوە .(Vinay & Darbelnet, ١٩٩٥) هەر بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر کەسێکی نەزان و کەم_ئەزموون بەخت و شانس یاوەری بێت بۆئەوەی لە کارەکانی سەرکەوتوو

بێت، ئەوان ئەو (ئیدیۆم)ە دەڵێن (To have luck on one's side) ئێمە لە زمانی کوردیدا (ئیدیۆم)ێکی زۆر جوانمان هەیە بەرانبەر ئەو (ئیدیۆم)ە ئینگلیزیە و دەڵێین (ئاشی نەزانی خودا دەیگێڕێت).

**سێیەم: وەرگێڕانی وەسفکاری یان شرۆڤەکاری (Descriptive or Explanatory)**

وەرگێڕی کەم_ئەزموون و نەشارەزا لەم جۆرە وەرگێڕانانەدا پەنادەباتەبەر شرۆڤەکردنی (ئیدیۆم)ەکە، چونکە ئەو لەتوانایدا نییە (ئیدیۆم)ێکی دەقاودەق یان نزیک لە (ئیدیۆم)ەکە لە زمانی بۆوەرگێڕدراودا بدۆزێتەوە. ئەمەیش وادەکات جوانی و پڕواتایی (ئیدیۆم)ە بنچینەییەکە بزربێت و وەرگێڕانەکەیش ببێتە شتێکی ئاسایی بێبایەخ و بێسەروبەر. نموونەی ئەو جۆرە وەرگێڕانە شرۆڤەکارییانە زۆرن و هەر وەرگێڕەی بە پێی زانین و ئەزموونی خۆی لێکدانەوە بۆ (ئیدیۆم)ەکان دەکات و (ئیدیۆم)ەکە بەکەیفی خۆی دادەڕێژێتەوە. جا ئەو جۆرە وەرگێڕانە زۆربەی جار سەرچیغ دەچن و واتای (ئیدیۆم)ەکە بەلاڕێدادەبەن.

**چوارەم: وەرگێڕانی ئازاد، یان بە دەستکارییەوە (Free translation)**

لەم جۆرە وەرگێڕانەدا، وەرگێڕ ئازادی بە خۆی دەدات و بە تێگەیشتن و سەلیقەی خۆی دەست بە وەرگێڕانی (ئیدیۆم)ەکان دەکات. زۆربەی کاتیش ئەگەر توشی (ئیدیۆم)ێکی قورس هات و واتاکەی نەزانی دەستکاری دەکات و (ئیدیۆم)ێک یان دەربڕینێکی دیکەی نابەجێی لە جێگەی دادەنێت. ئەم جۆرە نوسینانە نابنە وەرگێڕان، چونکە هەم ناپاکی لە دەقەکە و هەم لە نوسەری دەقەکە دەکات .(Baker, ١٩٩٢)

**پێنجەم: لابردن و سڕینەوەی (ئیدیۆم)**

زۆر وەرگێڕی وا هەن کاتێک دەسەڵاتیان بە سەر وەرگێڕانی (ئیدیۆم)ێکدا ناشکێت، یان لە واتاکەی تێناگەن، ئەوا یەکسەر خەتێکی ڕاست و چەپ بە سەر (ئیدیۆم)ەکەدا دەهێنن و (ئیدیۆم)ەکە لادەبەن و بەم جۆرە بەبێ ماندووبوون و سەرئێشە خۆیان لەو کێشەیە دەربازدەکەن، بەڵام ئەوان نازانن بەو کارەیان دەستپاکیی لە بواری وەرگێڕاندا لەدەستدەدەن و ناپاکی لە دەقە وەرگێڕدراوەکە و زمانی وەرگێڕانەکە دەکەن (Newmark, ١٩٨٨).

**٤. ئەنجام**

دوای گەڕان و توێژینەوەکاری لە بواری وەرگێڕانی (ئیدیۆم)دا بەو ئەنجامانەی خوارەوە دەگەین:

١. وەرگێڕانی (ئیدیۆم) ئەرکێکی ئاڵۆز و قورس و تاقەتپڕوکێنە و پێویستی بە هاوسەنگیی

لە نێوان وردەکاری زمانەوانی، هەستیاری کەلتووری و تێگەیشتنەوە هەیە.
٢. نەبوونی (ئیدیۆم)ی هاوواتا و پاراستنی تایبەمەندێتی کەلتووری و زمانی وێنەیی وادەکات وەرگێڕانی (ئیدیۆم) ببێتە کارێکی سەختی پڕ بەرەنگاری.
٣. پێویستە وەرگێڕەکان ستراتیژیەتێکی داهێنەرانە بخەنەکار لە کاتی وەرگێڕانی (ئیدیۆم)ەکاندا، بۆئەوەی (ئیدیۆم)ەکان واتا و سێبەری واتا و جوانکاری خۆیان لە لای خوێنەر، یان بیسەر لەدەستنەدەن.
٤. پێویستە وەرگێڕە بەتوانا و خاوەن_ئەزموونەکان بە دوای ڕێچکە و ڕێگەی نوێدا بگەڕێن بۆ وەرگێڕانی (ئیدیۆم)ەکان و کەلێنی نێوان کولتووره جیاوازەکانی ئەم سەرزەمینە لێکنزیك بکەنەوە.

---

## سەرچاوەکان


1.Baker, M. (1992); (2011); (2018). In Other Words: A Coursebook on Translation. Routledge

2.Cowie, A. P. (2001). Phraseology: Theory, Analysis, and Applications. Oxford University Press.

3.Fernández, E. S. (2019). “Idioms and Cultural Contexts in Translation”. Journal of Language and Linguistics, 15(2), 45-60.

4.Gutt, E. A. (1991). Translation and Relevance: Cognition and Context. John Benjamins.

5.Hatim, B., & Mason, I. (1997). The Translator as Communicator. Routledge.

6.Katan, D. (2004). Translating Cultures: An Introduction for Translators, Interpreters and Mediators. Routledge.

7.Lakoff, G., & Johnson, M. (1980). Metaphors We Live By. University of Chicago Press.

8.Larson, M. L., (1984) Meaning Based Translation: A Guide to Cross Language Equivalence. University Press of America.

9.Levinson, S. C. (1983). Pragmatics. Cambridge University Press.

10.Newmark, P. (1988). A Textbook of Translation. Prentice Hall.

11.Nida, E. A. (1964). Toward a Science of Translating. Brill.

12.Sperber, D., & Wilson, D. (1995). Relevance: Communication and Cognition. Blackwell.

13.Sullivan, K. (2004). Translation and Literary Studies: A Historical Perspective. Literary Translation Studies.

14.Vinay, J. P., & Darbelnet, J. (1995). Comparative Stylistics of French and English: A Methodology for Translation. John Benjamins.


---

<u>تێبینی:</u>

بە هۆی یەکلانەبوونەوەی (ڕێنوسی کوردی)یەوە، گۆڤاری زمانەوانی ڕێز لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت و بەشداریی ئەم مامۆستا بەڕێزە وەک خۆی و بەبێ هیچ دەستکارییەکی ڕێنوسیی بڵاودەکاتەوە، نوسەری بەڕێز، خۆی لە شێوازی ڕێنوسەکەی بەرپرسە.

**گۆڤاری زمانەوانی**



# ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد لە داڕشتنی ئایندەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا

وەفا ئیدریس عومەر

* بەکالۆریۆس لە زمانی ئینگلیزی- زانکۆی کۆیە
* خوێندکاری ماستەر- زمانەوانی کارەکیی، زانکۆی کۆیە
* مامۆستای پەیمانگەی تەکنیکی هەیبەت سوڵتان- کۆیە

## پێشەکی

لە ساڵانی دواییدا، زیرەکیی دەستکرد پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و کاریگەری لە سەر چەندین لایەنی ژیان هەبووە، بە تایبەتی کاریگەری لە سەر وەرگێڕانی ئامێریی دەقەکان هەبووە، بە شێوەیەک کە دەستتێوەردانی مرۆیی کەمکردووەتەوە یان نەهێشتووە. لەم ڕووەوە، نەرمەواڵەی وەرگێڕان کە لە سەر بنەمای زیرەکیی دەستکرد دامەزراون بە فراوانی بەردەستبوون، لەوانە گووگڵ ترانسلەیت، بینگ، مایکرۆسۆفت ترانسلەیتەر، دیپڵ، ڕیڤێرسۆ، سیستران ترانسلەیت و ئەمازۆن ترانسلەیت. هەروەها چەندین ئامرازی وەرگێڕانی یارمەتیدەری کۆمپیوتەری وەک میمۆکیو، ترادۆس، سمارتکات، لۆکاڵایز، سمارتلینگ، کراودین، تێکست یونایتد و مێمسۆرس بەردەستن. لە دواییدا، زیرەکیی دەستکرد لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی وەک چات جی پی تی، چاتسۆنیک، جی پی تی-٣ پلەیگراوند، چات جی پی تی-٤ و یوچات بەکارهاتووە، کە لاسایی وەڵامدانەوەی گفتوگۆیی بۆ پرسیارەکانی توێژەران دەکەنەوە و ڕاستەوخۆتر لاسایی کارلێکی مرۆیی دەکەنەوە [١].

لەگەڵ ئەوەی پرۆسەکردنی ژمێرەیی زمانی کوردی زیادبوونێکی ڕێژەیی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام وەرگێڕانی ئامێری ئەم زمانە وادەردەکەوێت کەموکوورِی زۆری لە کاری زانستیدا هەیە. ئەمەیش تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی سەرچاوەکان، کە بە تایبەتی بۆ ئەم ئەرکە ئامادەکراون [٢] .

## گرنگیی وەرگێڕان لە گەشەپێدانی کولتوور و زماندا

وەرگێڕان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە گەشەپێدانی کولتوور و زمانی هەر نەتەوەیەکدا دەگێڕێت. لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، زانیاری و بیرۆکە نوێیەکان دەگوازرێنەوە، زاراوە و دەستەواژەی نوێ دروستدەبن و ئاسۆی فیکری و مەعریفی فراواندەبێت. بۆ زمانی کوردی، وەرگێڕان دەروازەیەکی گرنگە بۆ پەیوەندی لەگەڵ کولتوورە جیهانییەکان و بەهێزکردنی تواناکانی زمانەکە. کاتێک دەقێک وەردەگێڕدرێت، تەنها وشەکان ناگوازرێنەوە، بەڵکو شێوازی بیرکردنەوە، هونەری دەربڕین و چەمکە نوێیەکانیش دەگوازرێنەوە. ئەمەیش یارمەتیی پێشخستنی زمانی کوردی دەدات لە ڕووی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، دروستکردنی زاراوەی نوێ و خۆگونجاندن لەگەڵ پێداویستییە هاوچەرخەکان. هەروەها وەرگێڕان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پاراستنی ناسنامەی کولتووری لە ڕێگەی ناساندنی کولتووری کوردی بە جیهان و هاوکات دەوڵەمەندکردنی بە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی کولتوورە جیهانییەکان.

## دۆخی ئێستای وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان

دیاردەی فرەجۆری و ناستانداردی لە زمانی کوردیدا کاریگەرییەکی لە سەر پەرەپێدانی مۆدێلەکانی زیرەکیی دەستکرد هەیە. لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی دواییدا بڕێکی زۆر داتای کوردی لە سەر ئینتەرنێت بەردەستە، بەڵام کێشەی سەرەکی لە کوالێتیی ئەم داتایانەدایە. نەبوونی زمانێکی ستاندارد و شێوازێکی یەکگرتووی نوسین وایکردووە هەر دەستگا و میدیایەک بە شێوازی جیاواز بنوسێت. بۆ نموونە: دەبینین ڕۆژنامەیەک بە شێوازێک، ماڵپەڕێک بە شێوازێکی تر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە چەندین شێوازی جیاواز دەنوسن. ئەم ناهاوسەنگییە لە نوسیندا کێشەی گەورە بۆ مۆدێلەکانی زیرەکیی دەستکرد دروستدەکات، چونکە ئەم مۆدێلانە پێویستیان بە داتای پاکژکراو و یەکدەست هەیە بۆئەوەی بتوانن بە دروستی فێربن و کاربکەن. لە ئەنجامدا، ئەم دۆخە وایکردووە داتای کوردی، سەرەڕای زۆری، نەتوانێت پێداویستییەکانی پەرەپێدانی زیرەکیی دەستکرد بە تەواوی دابینبکات.

کوردی تەنها نموونەیەک نییە لە زمانە کەم_سەرچاوەکان، کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکیدا. زۆر لە زمانە کەم_سەرچاوەکانی دنیا، سەرەڕای سنوورداربوونی داتا و سەرچاوەکانیان، توانیویانە سوود لە تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد وەربگرن بۆ پەرەپێدانی سیستەمی وەرگێڕانی کارا. توێژینەوەکان پیشانیانداوە، کە تەکنیکە نوێیەکانی وەک بەکارهێنانی وەرگێڕانی دواوە (back translation) و فێربوونی گواستنەوە (transfer learning) دەتوانن یارمەتیی زمانە کەم_سەرچاوەکان بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر لە وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکیدا . سیستەمەکانی وەرگێڕانی زیرەکیی دەستکرد تەنها ئامرازێکی تەکنیکی نین، بەڵکو هەڵگری بەها کولتووری و زمانەوانین[٤] .

**"وەرگێڕانی ئامێریی زمانی کوردی وادەردەکەوێت کەموکووڕیی زۆری لە کاری زانستییدا هەیە. ئەمەیش تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ کەمی سەرچاوەکان"**

لە ساڵانی دواییدا، کۆمەڵێک مۆدێلی زمانیی بەهێز پەرەیانسەندووە، کە توانای باشیان لە کارکردن لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە. کلاود (Claude) کە لە لایەن کۆمپانیای ئانترۆپیکەوە پەرەپێدراوە، توانایەکی بەرچاوی لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی دەقی کوردیدا هەیە. هەروەها (Deepseek) گووگڵ ستۆدیۆ ئەی ئای (Google Studio AI) یش کە چەندین کەرەستەی پێشکەوتووی زیرەکیی دەستکرد لەخۆدەگرێت، بە شێوەیەکی کارا لەگەڵ زمانی کوردیدا کاردەکات. کاتێک ئەم سیستەمانە دەقێک وەردەگێڕن، زۆر جار لە ژێر کاریگەریی ئەو کولتوورە زاڵانەدان، کە لە سەری ڕاهێنراون، لەبەرئەوە گرنگە کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی زمان و کولتووری تایبەتی خۆیەتی، بەشداری چالاک بێت لە پەرەپێدان و چاودێریکردنی ئەم سیستەمانەدا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە وەرگێڕانەکان تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی کوردی بە دروستی دەپارێزن. پێویستە کار لە سەر پاراستنی دەستەواژە و دەربڕینە کولتوورییەکان لە کاتی وەرگێڕاندا بکرێت و ڕێگری لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ بکرێت، کە زۆر جار ناتوانێت واتا کولتوورییەکان بە دروستی بگوازێتەوە. هەروەها پێویستە هەوڵبدرێت بۆ دروستکردنی فەرهەنگ

و داتاسێتی تایبەت بە وەرگێڕان کە تایبەتمەندییەکانی زمان و کولتووری کوردی لەبەرچاوبگرێت. ئەمە بە تایبەتی گرنگە، چونکە توێژینەوەکان پیشانیانداوە کە ئەم سیستەمانە زۆر جار لە ژێر کاریگەریی زمان و کولتووری ئینگلیزی و ئەوروپیدان، بۆیە پێویستە کورد ڕۆڵی چالاکی هەبێت لە پەرەپێدان و چاودێریکردنی پرۆسەی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکیدا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زمان و کولتووری کوردی بە شێوەیەکی دروست دەگوازرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی وەرگێڕانی زیرەکیی دەستکرد چەندین سوودی هەیە، بەڵام ناتوانێت بە تەواوی جێگەی وەرگێڕانی مرۆیی بگرێتەوە. وەرگێڕی مرۆیی چەندین توانای تایبەتی هەیە، کە هێشتا زیرەکیی دەستکرد نەیتوانیوە پێیبگات. یەکەم: مرۆڤ دەتوانێت لە کۆنتێکستی دەقەکە بە باشی تێبگات، کە ئەمە زۆر گرنگە بۆ وەرگێڕانی ورد. هەروەها مرۆڤ دەتوانێت دەربڕینە ئیدیۆماتیکییەکان و وردەکارییەکان بە باشی وەربگێڕێت، کە لە وەرگێڕانی ئامێریدا زۆر جار لەدەستدەچن. دووەم: تێگەیشتنی کولتووری لە لای مرۆڤ قووڵترە، کە ئەمەیش گرنگە بۆئەوەی وەرگێڕانەکە لەگەڵ ئامانجی دەقەکەدا بگونجێت. سێیەم: مرۆڤ باشتر دەتوانێت دەقە ئاڵۆزەکان، وەک دەقە یاسایی و پزیشکییەکان وەربگێڕێت، کە پێویستیان بە زانیاری و شارەزایی تایبەت هەیە.

> **”دیاردەی فرەجۆری و ناستانداردیی لە زمانی کوردییدا کاریگەرییەکی لەسەر پەرەپێدانی مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد هەیە“**

لە لایەکی ترەوە، وەرگێڕانی زیرەکیی دەستکرد لە ڕێگەی پارچەکردنی دەقەکان بۆ بەشی بچووکتر و جێبەجێکردنی ئەلگۆریتمە تایبەتەکان لە سەر هەر بەشێک کاردەکات. ئەم ئەلگۆریتمانە شیکاریی دەقەکە دەکەن و لە سەر بنەمای کۆمەڵێک یاسا و نەخش، وەرگێڕانەکە بەرهەمدەهێنن. هەروەها ئامرازەکانی وەرگێڕانی زیرەکیی دەستکرد دەتوانن لە وەرگێڕانە پێشووەکان فێرببن، کە ئەمەیش دەبێتە هۆی باشترکردنی وردی و یەکگرتوویی وەرگێڕانەکانی داهاتوو [٥] .

لە کۆتاییدا، ئایندەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە چەند ڕەهەندێکی گرنگەوە. پێویستە هەوڵەکان چڕبکرێنەوە لە سەر ستانداردکردنی زمانی کوردی و دروستکردنی داتاسێتی پاکژکراو بۆ ڕاهێنانی مۆدێلەکانی زیرەکیی دەستکرد. هەروەها گرنگە دامەزراوە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان بەشداریی چالاکیان هەبێت لە پەرەپێدان و چاودێریکردنی سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکیدا. لەگەڵ ئەوەیشدا، پێویستە جەخت لە سەر پاراستنی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی زمانی کوردی بکرێتەوە لە کاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی وەرگێڕاندا. بەم شێوەیە، دەتوانین تەکنەلۆژیای نوێ بۆ بەهێزکردنی زمان و ئاڵوگۆڕی کولتووری بەکاربهێنین، بەبێ ئەوەی ناسنامەی زمانەوانی و کولتووریمان لەدەستبدەین.

---

1- Moneus, A. M., & Sahari, Y. (2024). Artificial intelligence and human translation: A contrastive study based on legal texts. *Journal of Translation Studies*, 10(6), e28106.
2- Ahmadi, S., Hassani, H., & McCrae, J. P. (2024). Awta: A Large-Scale Parallel Corpus for English-Central Kurdish Machine Translation. Computational Linguistics, 15(3), 145-167.
3- Goyle, V., Krishnaswamy, P., Ravikumar, K. G., Chattopadhyay, U., & Goyle, K. (2023). Neural Machine Translation For Low Resource Languages. arXiv preprint arXiv:2304.08051.
4- Tao, Y., Viberg, O., Baker, R. S., & Kizilcec, R. F. (2024). Cultural Bias and Cultural Alignment of Large Language Models. arXiv preprint arXiv:2311
5- Tubadji, A., Huang, H., & Webber, D. J. (2021). Cultural proximity bias in AI-acceptability: The importance of being human. Technological Forecasting and Social Change, 173, 121100

# وەرگێڕان وەک دەستڕاگەیشتن بە واتا

## ڕامانێک لە تەنگژەی چەمکی وەرگێڕان لە گۆشەنیگای فەلسەفەی گادامێرەوە



هاوار نەسرەدین

* بەکالۆریۆس لە فەلسەفە، زانکۆی سەلاحەدین
* ماستەر لە فەلسەفەی مۆدێرن، زانکۆی شەهید بەهەشتی_ تاران
* کاندیدی دکتۆرا، فەلسەفەی نوێ، زانکۆی ڕاپەڕین
* ڕێکخەری کارگێڕی و پەیوەندییەکانی گۆڤاری زمانەوانی
* سەرپەرشتیاری خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان، زانکۆی جیهان-سلێمانی

**پێشەکی**

وەرگێڕان لە فەلسەفەی گادامێردا یەکێکە لە تەنگژەکان، چونکە پرۆسەی ڕاڤە و شرۆڤەی دەق ئاڵۆزدەکات، بۆیە لە فەلسەفەدا وەرگێڕان گواستنەوەی واتایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، نەک ئاڵوگۆڕی وشە و چەمک و دەستەواژەکان. بە واتایەکی تر وەرگێڕان بریتییە لە داهێنانی واتا لە ناو زمانێکی تر، کەواتە وەرگێڕان جێکردنەوەی واتای دەقێک نییە لە ناو زمانێکی نوێدا. واتایش لە ڕێی شرۆڤە و لێکدانەوەوە دەستەبەردەبێت و دواتر دەگوازرێتەوە. ئەمەیش بەو واتایەیە وەرگێڕ تەنیا پێویستی بە زانینی زمانێکی تر نییە، بەڵکو توانای ڕاڤەی دەق پاشان گواستنەوەکەی، پێشمەرجی هەموو دەقێکی وەرگێڕدراوە. هەروەها ئەو پەیوەندییەی لە نێوان خود و بابەتدا و لە شێوەی وتووێژ دێتەئاراوە، هیچ نییە جگە لەوەی خود دەستی بە واتا بگات. هەر لەو ڕوانگەیەوە، وتووێژی نێوان دوو زمانی بێگانە، کە پێیدەگوترێت پرۆسەی وەرگێڕان هەوڵێکە بۆئەوەی لە ناو زمانێکی تردا دەستمان بە واتا بگات. لێرەدا زمان وەک بونەوەرێکی زیندوو ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و ڕێگەنادات تەنیا ئامرازێک بێت بۆ گواستنەوەی واتا، بەڵکو خودی زمان بوارێکە واتای لە خۆیدا هەڵگرتووە.

## سەرەتا

وەرگێڕان گواستنەوەی واتایە لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی مەبەست. لە ڕێی وەرگێڕانەوە، پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان دوو زماندا دێتەگۆڕێ و ئامانج لێی بریتییە لە تێگەیشتن. یەکێک لەو فەیلەسوفە هەرە کاریگەرانەی وەرگێڕانی وەک پرسی فەلسەفە لێکدایەوە و بە هێرمینۆتیکەوە پەیوەستیکرد، هەروەها وەرچەرخانی گەورەی لە ڕەهەندە تیۆرییەکان لەمەڕ وەرگێڕان هێنایەئاراوە، هانس گیۆرگ گادامێرە (٢٠٠٢-١٩٠٠). گادامێر لە کتێبی (هەقیقەت و میتۆد) وەرگێڕانی بە شرۆڤە و ڕاڤەی دەقەوە گرێدا و جەختی لەوە دەکردەوە، وەرگێڕان هەوڵێکی فەلسەفییە بۆ گواستنەوەی واتای دەق. وەرگێڕانی دەقیش لەبەرئەوەی پرۆسەیەکی ڕاڤەییە، ڕێسا و میتۆدێکی تایبەت و دیاریکراو نییە بۆئەوەی بگیرێتەبەر. هەروەها زمان هەم بۆ خۆی و هەم لە کاتی وەرگێڕاندا، ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی واتا، بەڵکو خودی زمان بوارێکی واتاییە و ڕووبەرێکە واتای لە خۆیدا هەڵگرتووە (پالمر، ٢١٨).

لە فەلسەفەی گادامێردا پرۆسەی دەستڕاگەیشتن بە واتا، پرۆسەیەکی ڕاڤەییە. پرۆسەی ڕاڤە یان شرۆڤە یان لێکدانەوە (تفسیر) پەیوەستە بەو پەیوەندیی و وتووێژەی لە نێوان دەق و ڕاڤەگەردا دێتەئاراوە. بۆ تێگەیشتن لە دەق، هەم پاشخان و ڕوانینی ڕاڤەگەر گرنگە و هەم ئەو پاشخان و نەریتەی دەقەکەی لێوە هاتووەتەبەر. لێرەدا گادامێر چەمکی ئاوێزانبوونی ئاسۆکان دادەهێنێت. واتا پاشخان و ڕوانینی ڕاڤەگەر لەگەڵ پاشخان و ڕوانینی دەق، ئاوێزان و ئاوێتەدەبن. پاشخان وەک ئاگاییەکی ڕابردوو و ڕوانین وەک ئاگاییەکی ئێستایی و داهاتوو لێکدەدرێتەوە، بۆیە پێیدەگوترێت ئاسۆ. ئاوێزانبوونی ئاسۆکان کە لە پرۆسەی تێگەیشتندا دێتەئاراوە، دەستکەوتێکی زمانییە. نوسەر یان بەرهەمهێن لە ڕێی زمانەوە بۆچوون و ڕوانینەکانی خۆی دەخاتەڕوو، هەروەها ڕاڤەگەریش بە هۆی ئەو پاشخان و ڕوانینەی هەیەتی و خۆی لە زماندا دەردەخات، دەتوانێت پەیوەندیی بە دەقەوە بکات. کەواتە ئاوێزانبوونی ئاسۆکان لێکەوتەی وتووێژێکە لە نێوان ڕاڤەگەر و دەقدا دێتەئاراوە. لەو پەیوەندیی و وتووێژەدا، زمانێکی هاوبەش دادەهێنرێت (واعظی، ٢٦٥). بە جۆرێک ئاوێزانبوونی ئاسۆکان ئاوێزانبوونی زمانی ڕاڤەگەر و دەقە. هەروەها زمانی ڕاڤەگەر و زمانی دەق ئاوێزاندەبن و بەو جۆرە وەرگر لە بەرهەم تێدەگات. لەم ڕووەوە ئاوێزانبوونی ئاسۆکان و ئاوێزانبوونی زمان، بە واتای ئاوێزانبوونی دنیاکانیش دێت، چونکە زمان تۆماری دنیایە، واتە ئەوەی لە دنیادا هەیە و لە ڕێی ناونان و دەلالەتەوە لە ناو زماندا تۆمارکراوە، بۆیە زمان بەبێ دنیا نابێت و دنیایش تەنیا لە ڕێی زمانەوە دەردەبڕدرێت. دنیای مرۆڤ، پرسێکی تەواو هزرییە و لێکەوتەی چالاکییە هزرییەکانە هەروەها وێنای دنیای ڕاستەقینەیە.

بەم پێیە پەیوەندیی نێوان خود و بابەت یان سەبجێکت و ئۆبجێکت، چیتر پەیوەندییەکی کۆنباو نییە، بەڵکو ڕاڤەگەر پرسیار لە دەق دەکات و واتا و وەڵامەکانی دەق کتومت وەک خۆی وەرناگرێت، بەڵکو لێکیاندەداتەوە. لە هێرمینۆتیکی مۆدێرن یان هێرمینۆتیکی دیالێکتیکییدا، کە گادامێر شۆڕەسوارەکەیەتی، پەیوەندیی نێوان خود و بابەت، پەیوەندییەکی هاوتەریب و هاوسەنگە. چیتر دەق فەرمان بە وەرگر ناکات و ڕایەڵەکانی پرسیاری لێداناخات، بەڵکو خوێنەر یان ڕاڤەگەر، دەقەکە لێکدەداتەوە و پرسیار لە سەر هەندەک و هەمەکیی دەقەکە دروستدەکات (ژان گروندن، ٠٩١). واتە ڕاڤەگەر/ خود بەرانبەر بە دەق/ بابەت، پاسیڤ و ناکارا نییە، بەڵکو چالاکانە وردەکاریی و نهێنیی و هێمای دەقەکە لێکدەداتەوە.

> ” پرۆسەی پەیوەندی و وتووێژ لەنێوان دوو زمانی جیاوازدا، ناویلێنراوە (وەرگێڕان) “

**بە ناچاریی لە وتووێژەوە دەگلێین**

مرۆڤ بۆئەوەی واتای بابەتێک دەستەبەربکات، لەگەڵیدا دەکەوێتەوە پەیوەندییەوە. بەو پێیەی مرۆڤ بونەوەرێکە بە ئاسانیی بە لای پرس و بابەتەکاندا تێناپەڕێت، بەڵکو لێکیاندەداتەوە، پەیوەندیی لە نێوان خود و بابەت دەبێتە پرسێکی ناچاریی. هەر لەو چوارچێوەیەدا، مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی واتا، ناچارە لەگەڵ دەق و بابەتەکاندا بکەوێتە وتووێژەوە (دیالۆگ). لە ڕاستییدا نەک تەنیا خوێندنەوە، بەڵکو تێکڕای پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ شمەک و بابەتەکانی دەوروبەری جۆرێکە لە وتووێژ. بۆ تێگەیشتن لە ڕوداوەکانی جیهان و هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانە، مرۆڤ شەیدای لێکدانەوەی واتاکانە. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، شتەکانی دەوروبەر و ڕوداو و هەڵوێستەکان، لە جیهانی دەرەوەی خودن و مرۆڤ پێیان نامۆیە. بۆئەوەی بیانزانێت یان بیانناسێت هەوڵدەدات واتاکانیان لێکبداتەوە. هەر ئەوەیش وادەکات بۆ دەستڕاگەیشتن بە واتاکان، مرۆڤ خۆبەخۆ پرس و کێشەکان لێکبەداتەوە. کەواتە وتووێژ مرۆڤ پەلکێشی خۆی دەکات و ئێمە لە وتووێژەوە دەگلێین (گادامر، ٣٦١). هەروەها وتووێژ لەگەڵ دەق و ئەوانی تریشدا، لە مرۆڤ دەقەومێت و دەبێتە ڕوداو. هۆکاری ئەم قەومان و ڕوداوە، بۆ ئەو خواستەی خودی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە پرس و بابەتەکان لێکدەداتەوە. دەستەبەرکردنی واتا ڕوداوێکە لەپڕ دەقەومێت، بەڵام

ڕوداوێکی هەمیشەییە، چونکە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن، بەشێکی دانەبڕاون لە بوونی مرۆڤ، هەروەها بابەتەکانی دەوروبەری ئێمە لە کۆمەڵێک پرسی جیاوازەوە ئاڵاوە. بۆ نموونە لە کاتی خوێندنەوەی ئەنجامی پشکنین یان ڕەچەتەیەکی پزیشکییدا، مرۆڤ بەبێ خواستی خۆی دەکەوێتە لێکدانەوەی دەقەکە و هەوڵوەدای واتاکەی دەبێت تاکو لێیتێبگات.

لە وتووێژی ئاساییدا -ڕەنگە سەربەستانە دەقێک هەڵبژێرین و لەگەڵیدا بکەوینە وتووێژەوە-، ئێمە ڕەوتی وتووێژەکە ئاڕاستەناکەین، بەڵکو ئەوە وتووێژەکەیە بە ڕەوتی خۆیدا دەڕوات و ئێمە لەگەڵ خۆیدا دەبات (گادامر، ٣٦١). ئەمەیش وادەکات وشەکان یەک لە دوای یەک ڕیزبێن و واتای نوێ فڕێبدەن. ئێمەیش لێکدانەوەی نوێ بۆ وشە و ڕستەکان دەکەین. واتە ڕەوتی وتووێژەکان لەگەڵ دەق یان ئەوانی تر، لە خۆیدا واتای نهێنیی و نوێی هەڵگرتووە. کاتێک مرۆڤ ڕەچەتەیەکی تەندروستی بۆ بەکارهێنانی دەرمان دەخوێنێتەوە، لەگەڵیدا دەکەوێتە وتووێژەوە. لێرەدا ئەنجامی ڕەچەتەکە کتومت وەرناگرێت، بەڵکو پرسیاری لە بارەوە دروستدەکات. هەروەها لە وتووێژێکەوە دەگلێت و تێگەیشتن و لێکدانەوەی واتاکەی دەبێتە ڕەوشێکی ناچاریی بۆی.

لە دۆخێکی لەو چەشنەدا، زمان دەکەوێتە ڕەوشێکی تایبەتەوە. شتێک ئاشکرادەکات، کە بڕیارە لە داهاتوودا تێیبگەین و دەستەبەریبکەین، ئەویش خودی واتایە. هەروەها لە پرۆسەی تێگەیشتن لە دەق، پەی بەوە دەبرێت پرۆسەکە پرۆسەیەکی زمانییە، چونکە واتاکان خۆیان لە ناو زماندا هەڵگرتووە و ئاوێتەی یەکتر بوون. زمان ئەو ڕووبەر و ژینگەیە دەڕەخسێنێت بۆئەوەی دوو لایەن یان دوو کەس یان دەق و ڕاڤەگەر بگەنە خاڵی لێکتێگەیشتنی هاوسەنگ و لەو ڕێیەوە لەمەڕ شتێک ڕێکدەکەون (گادامر، ٥٦١).

### وتووێژ لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا

پرۆسەی پەیوەندیی و وتووێژ لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا، ناویلێنراوە (وەرگێڕان)، بەڵام وەرگێڕان لە خۆیدا، پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی واتا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. واتە لە زمانێکدا دەقێک بەرهەمهێنراوە و وەرگێڕ واتای ئەو دەقە دەگوازێتەوە بۆ زمانێکی تر. ئەگەر وەرگێڕان گواستنەوەی واتا نەبێت، گۆڕینی وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و دۆزینەوەی هاوواتای ئەو وشەیە لە ناو زمانێکی بیانییدا گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە گواستنەوەی واتا لەگەڵ خۆیدا ڕەوش دەهێنێتەئاراوە، بەڵام ئاڵوگۆڕی وشە لە نێوان دوو زماندا، ئەو ڕەوشە بزردەکات.

بۆ دەستڕاگەیشتن بە واتای ئەو دەق و ئاخاوتنانەی بە زمانێکی جیاواز نوسراون، دەقەکان وەردەگێڕدرێن بۆ ئەو زمانەی وا لێیتێدەگەین. کەواتە لە هەموو پرۆسەیەکی وەرگێڕاندا، وتووێژێک لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا سازدەدرێت بۆئەوەی واتا لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی مەبەست بگوازرێتەوە. هەروەها لەو جێگەیەی دەق یان ئاخاوتن واتا دەبەخشن، چیتر وەرناگێڕدرێن هەرچەندە بە زمانێکی بیانیی نوسرابێت، بەڵکو وەرگر یان خوێنەر، دەقەکە یان ئاخاوتنەکە لێکدەداتەوە و شرۆڤەیدەکات. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە زمان پێشمەرجی سەرەکیی و یەکەمی تێگەیشتنە لە دەق (گادامر، ٧٦١)، چونکە ئەگەر زمانەکە لەبار و ئامادەنەبێت، پرۆسەی لێکدانەوە دەستەبەرنابێت و لایەنەکانی وتووێژ دەستیان بە واتا ناگات. هەروەها زمان ئەو ڕووبەر و مەودایەیە وا واتای پرس و بابەتەکانی تێدا لێکدەدرێتەوە. هاوکات خودی زمان بابەتێکی هێرمینۆتیکییە و واتاکانی ڕاڤە و شرۆڤەدەکرێت.

> **" وەرگێڕان لە خۆیدا، پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی واتا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. واتە لە زمانێکدا دەقێک بەرهەمهێنراوە و وەرگێڕ واتای ئەو دەقە دەگوازێتەوە بۆ زمانێکی تر "**

لەبەرئەوەی وەرگێڕان دەتوانێت واتا لە زمانێکی بیانییەوە بگوازێتەوە بۆ ناو زمانێکی تر. لە ناو زمانی خانەخوێدا واتا دەبخشرێتە کۆمەڵێک وشە و چەمک و ڕستە، کە پێشتر خاوەنی ئەو واتایە نەبوون. لێرەدا وەرگێڕ دەق بە جۆرێک دەگوازێتەوە بۆ ناو زمانەکەی خۆی، کە ئاخێوەران بتوانن لە چوارچێوەی ژیان و ئەزموون و ئاستی هزریی خۆیاندا، لە واتاکەی تێبگەن و شرۆڤەیبکەن (گادامر، ٤٦١). بەو جۆرە وەرگێڕ لە چوارچێوەیەکی سنووردار‌دا و بۆ پاراستنی واتای دەق، هەوڵدەدات لە واتای دەقەکە لانەدات و تەنیا زمانی دەربڕینی دەقەکە بگۆڕێت نەک خودی واتای دەق. ئەوەیش پرۆسەیەکی ئاڵۆز و قورسە، چونکە وەرگێڕ دوو ئەرکی دەکەوێتەئەستۆ، جارێک دەقەکە شرۆڤە و ڕاڤەدەکات، جارێکیش هەوڵدەدات جێی دەقەکە لە ناو زمانێکی تردا بکاتەوە بە جۆرێک ببێتە خاوەنی هەمان واتا. لە ڕاستییدا ئەرکی وەرگێڕ هەمان ئەرکی ڕاڤەگەرە، نامۆیی و بێگانەیی زمانی دەقەکە، تەنیا لەمپەر و ئاڵۆزییەکی هێرمینۆتیکییە (گادامر، ٦٦١).

## داخۆ دەق بە ڕەهایی وەردەگێڕدرێت؟

هەمیشە لە نێوان دەقی ڕەسەن و دەقی وەرگێڕدراودا، درزێک هەیە. ئەو درزە لە نێوان واتای دەقێک بە دوو زمانی جیاواز دێتەئاراوە، پەیوەندیی بە نەریت و پاشخانی هزریی و زمانیی، زمانی یەکەمەوە هەیە. وەک چۆن زمان لە ڕێی ئەزموون و ژیان لە ناو نەریتێکی تایبەتدا فێردەبین و پەی بە وردەکاریی و پێکهاتەی زمانەکە دەبەین، بە هەمان شێوەیش پرۆسەی ڕاڤە و شرۆڤە پەیوەستە بە ژیان و ئەزموون لە ناو زمان و نەریتێکی دیاریکراو و تایبەتەوە. بەو پێیە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، داهێنانی واتای دەقێکە لە ناو نەریتێکەوە بۆ ناو نەریتێکی تر. بە ڕێژەیی نەبێت، هیچ کاتێک بە شێوەیەکی ڕەها، واتا لە ناو نەریت و زمانێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ ناو نەریت و زمانێکی تر. وەرگێڕ یان ڕاڤەگەر هەرچەندە بیەوێت لە ژیان و ئەزموون و هەستەکانی نوسەر تێبگات بۆئەوەی لەو ڕێیەوە لە دەقەکە بگات، ناکامدەبێت. هەوڵەکەیشی تەنیا وەک داهێنان یان دامەزراندنەوەی دەقێکی نوێیە و دەقە نوێیەکە لە ڕێی هزر و چەشەی وەرگێڕەکەوە ئاڕاستەدەکرێت (گادامر، ٧٦١). واتە دەقی وەرگێڕدراو، چیتر ئەو دەقە نییە کە پێشتر نووسەرەکەی ئاڕاستەی کردووە بەڵکو واتاکەی بەپێی مەبەست و خواست و تێگەیشتن و دنیابینی وەرگێڕەکە ئاڕاستەدەکرێت.

ئەوەمان بیرنەچێت، لە خوێندنەوەی هەموو دەقێکدا پاشان لە ڕاڤەکردن و وەرگێڕانیشدا، تەنیا کۆمەڵێک بیرۆکە تێدەگەین و لە هزر و بیرماندا خەتوخاڵ دەدات. هەروەتر تەنیا چەند بیرۆکەیەک زەقدەبنەوە و ئەوانی تر پشتگوێدەخرێن، هەر بۆیە پێویستە ڕاڤەگەر و وەرگێڕ، دان بەوەدا بنێن دەقە نوێیەکەیان بریتییە لە زەقکردنەوەی کۆمەڵێک ئایدیا و بیرۆکە، کە لە دەقێکی ترەوە وەریانگرتووە (گادامر، ٥٦١). ئەوەیش پێچەوانەی وەرگێڕانی ڕەها و تەواوە. بەو جۆرە هیچ جارێک دەقێک بە تەواوەتیی وەرناگێڕدرێت و ڕەوش و بەستێنی وەرگێڕانی دەقێک بە ڕەهایی دەستەبەرنابێت. لێرەوە دەروازەی پرسێکی تر ئاوەڵادەبێت. داخۆ وەرگێڕان جێکردنەوەی هەمان واتایە لە ناو زمانێکی تر یان داهێنانی واتای نوێیە؟

ئەگەر وەرگێڕان بریتیی بێت لە جێکردنەوەی هەمان واتا لە ناو زمانێکی نوێدا، ئەوا واتای ئەوەیە سوود لە هەمان کەرەستەی زمانی یەکەم وەردەگیرێت بۆ گەیاندنی واتایەکی تایبەت. کەرەستەکانیش بریتیین لە ڕێزمان و وشە و دەستەواژە. بەو جۆرە هەوڵدەدرێت ڕێسای تایبەت بۆ وەرگێڕانی ڕووکەشانە دابنرێت، کە لە ئاکامدا وەرگێڕان بریتیی دەبێت لە وەرگێڕانی وشە بە وشە، نەک وەرگێڕان و داهێنانی واتا. هەر بەو شێوەیەی ئێستا تەکنەلۆژیا و مەکینەی وەرگێڕان بەکاریدەهێنێت، بەڵام ئەگەر

وەرگێڕان بریتیی بێت لە گواستنەوەی واتا و کرۆکی واتا بۆ ناو زمانی مەبەست، ئەوا ڕێزمان و وشە و دەستەواژەکان بە پێی پێویستیی واتاکە دەگۆڕێن و وەرگێڕان دەبێتە پڕۆسەیەکی داهێنەرانە (گادامر، ٥٦١). هەروەها وەرگێڕ لە بریی ئەوەی ڕۆڵی ئامێرێکی دۆزینەوەی هاوواتا بگێڕێت دەبێتە شرۆڤەکار و ڕاڤەگەرێکی داهێنەر. لە ڕاستییدا داهێنانی واتا، مەرج و ڕێوشوێنی خۆی هەیە و بە پیشەی کەسانی شارەزا و لێوەشاوە دادەنرێت. هەروەها وەرگێڕ بە تەنیا پێویستی بە زانینی زمانێک نییە، بەڵکو پێویستە لە خودی بابەتەکە و بوارەکە قاڵبووبێتەوە و بزانێت چی وەردەگێڕێت. بوارەکانی وەک فەلسەفە و ئەدەب و زانستە مرۆییەکان، نەریت و پاشخان و ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە، چونکە واتای وشە و چەمکەکان، ئاڵۆز و ڕیشەدارن. هەروەها ڕەوش سیاق:txetnoc دەق بە پێی دۆخ و بواری هزری واتا دەداتە چەمک و وشەکان.

> **” ئەگەر وەرگێڕان گواستنەوەی واتا نەبێت، گۆڕینی وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و دۆزینەوەی هاوواتای ئەو وشەیە لە ناو زمانێکی بیانییدا گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت “**

لە داهێنانەوەی واتادا، دەق بە پێی ڕەچاوکردنی ڕەوش و بەستێنی زمانەکە وەردەگێڕدرێت. دوور نییە پەیوەندیی لە نێوان هەندەک و هەمەکیی دەقەکە و ڕیزبەندیی دەقەکە پێشوپاشبکەوێت. هەر لەو سۆنگەیەوە، ڕامان لە خودی وشەی (وەرگێڕان) لە ناو زمانی کوردییدا، سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت تاکو بیر لە وەرگێڕانی داهێنەرانە بکەینەوە، چونکە واتای ڕووکەشی وشەی "وەرگێڕان" لە زمانی کوردییدا وەک لە فەرهەنگەکانی خاڵ و هەنبانەبۆرینەدا هاتووە، ڕەهەندێکی جیاوازی هەیە. ئەویش بریتییە لە ئاوەژووکردنەوە و هەڵگێڕانەوەی شتەکان. بۆ نموونە هەڵگێڕانەوەی خاک بۆ بەپیتبوونی لە کشتوکاڵدا پێیدەگوترێت وەرگێڕانی خاک. هەندێک جاریش لە کاتی گێرە و کۆکردنەوەی دانەوێڵە یان کوتانی دانەوێڵە لە ئاشەکاندا، بۆ باش_بەڕێوەچوونی پڕۆسەکە، دانەوێڵەکەیان وەردەگێڕا. لە لایەکی ترەوە واتایەکی کرۆکی وشەی وەرگێڕان بریتییە لە گۆڕینی شتێک لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، یان لە دیوێکەوە بۆ دیوێکی تر. ئەم واتایە بۆ پڕۆسەی ( ترجمة ) کراوەتە بنچینە و وەرگیراوە. واتە بابەتێک دوو دیوی چوونیەکی هەیە و هەردوو دیوەکە، هەمان مەبەست و واتایان هەیە. دەقێک هەیە

لە دیوێکدا بە زمانێکە و لە دیوەکەی تریش بە زمانێکی تر، بۆئەوەی کەسانی تر لە واتای دەقەکە تێبگەن، وەرگێڕ دەقەکە لە دیوێکەوە دەگۆڕێت بۆ دیوێکی تر. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بۆ وشەی وەرگێڕان، تەریب و هاوسەنگ نییە لەگەڵ پڕۆسەی داهێنانەوەی مانا لەناو زمانێکی نوێدا، چونکە هیچ دەقێک نییە هاوکات بە دوو زمانی جیاواز نووسرابێت و وەرگێڕ، دەقە ئاوەژوو بکاتەوە.

هەروەها لەمەڕ پرسی وەرگێڕان بەشێوەیەکی ڕەها، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە سەدان وشە و چەمک لە ناو زمانی کوردییدا هەیە، ئەگەر وەرگێڕ ئاگاداری پاشخان و کرۆکی وشەکە نەبێت، دەکەوێتە هەڵەی زەق و کوشندەوە. هەر وەک ئەو هەڵە باوانەی ئێستا وەرگێڕەکەی گۆگڵ دەیکات. بۆ نموونە وشەی /لێبوونەوە/ جارێک واتای تەواوبوون و کۆتایی دێت، جارێکیش لێبوونەوە بە واتای پچڕان دێت. هەروەها ڕستەی <لە وەرگێڕانی گوڵەکان لێبوونەوە.> چەند واتایەک لەخۆدەگرێت. جارێک دەتوانێت واتای تەواوبوونی وەرگێڕانی دەقی گوڵەکان بدات و جارێک دەتوانێت باس لە پارچەی چەند ئامێرێک بکات، کە لە کاتی وەرگێڕانی خەرمانی گوڵەکاندا لێبوونەتەوە. وەرگێڕ یان ڕاڤەگەر ئەگەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە، لە چوارچێوەی ڕەوشی دەقەکە و نەریتی کوردییدا لێکنەداتەوە، لە هەڵەی زەقەوە دەگلێت.

**ئەنجام**

• دەق لێکەوتەی هزریی کەسەکانە و پاشخانی مێژوویی و ئەزموونیی کەسەکە لە لایەک و پاشخان و نەریتی زمانیی بوارەکە واتای پێدەدەن، بە هەمان شێوە وشە و چەمکەکان لێکەوتەی ڕەوشێکی تایبەتن. بۆئەوەی دەقێک وەربگێڕدرێت، پێویستە هاوکات واتاکەی دەستەبەربکرێت، چونکە وەرگێڕان تەنیا گواستەوەی واتایە بۆ ناو زمانێکی تر، نەک پڕۆسەیەکی وشەکاریی و ڕستەسازیی ئاسایی. هەروەها وەرگێڕان ڕەهەندێکی تری پڕۆسەی لێکدانەوە و ڕاڤەیە. وێڕای ڕاڤە، مرۆڤ دەستی بە واتای دەق ناگات و ناتوانرێت کۆد و هێما و ئاماژە تایبەتەکانی دەقێک لێکبدرێتەوە.

• وەرگێڕان ئەو پڕۆسەیەیە بە ئاڵوگۆڕی وشە بە وشە دەستەبەرنابێت، بەڵکو پێویستی بە گواستنەوەی واتا و ڕەهەند و ڕەوشی دەقەکە هەیە. ئەمەیش بە ئامێری وەرگێڕان نارەخسێت، چونکە ئامێری وەرگێڕ، جگە لەوەی بۆ گەنجینەی وشە تۆمارکراوەکانی خۆی و واتای ڕووکەشانەی وشە دەگەڕێتەوە، هاوکات توانای لێکدانەوە و ڕاڤەی نییە، هەروەتر نازانێت وشە و ڕستەکە لە چی ڕەوشێکدا دەربڕاون. هەروەها تەنیا ڕەهەندێک یان چەند ڕەهەندێکی سنووورداری وشە و زمان و دەق وەردەگێڕێت.

## سەرچاوەکان:

١. گادامر...، هرمنوتیک مدرن- ترجمه: بابک احمدی. مهران مهاجر و... چاپ سیزده‌هم، تهران، نشر مرکز، ٨٩٣١.
٢. احمد واعظی، درآمدی بر هرمنتویك- سازمان انتشارات، تهران، چاپ سوم، ٥٨٣١.
٣. ریچارد پالمر، علم هرمنوتیک- ترجمه‌ی محمدسعید حنایی کاشانی، تهران، هرمس، چاپ دهم، ٦٩٣١.
٤. ژان گرندون، درآمدی به علم هرمنتویک فلسفی- ترجمه‌ی محمدسعید حنایی کاشانی، تهران، هرمس، چاپ دوم، ٨٣٣١.

# گەوهەرەکانی زمانەوانی



# شاکر فەتاح

ئا. گۆڤاری زمانەوانی

یەکێک لە چرا درەوشاوەکانی نیشتمان، کە خزمەتێکی گەورەی بە دنیای زمان و ڕۆژنامەنوسیی کوردی کردووە، مامۆستا شاکر فەتاحە، کە هەتا کورد مابێت ناوی لە لاپەڕەکانی مێژوودا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە. مامۆستا ناوی تەواوی "شاکر فەتاح ئەحمەد"ە و ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. سەرەتای خوێندنی لە حوجرە بووە، دواتر چووەتە قوتابخانە و قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواوکردووە. شاکر فەتاح ساڵی ١٩٣٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی حقووقی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە، لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان و عێراق وەک بەڕێوەبەری شارەدێ و قائیمقام خزمەتیکردووە. ساڵی ١٩٣٣ کارگێڕی قوتابخانەی زانستی بووە لە سلێمانی. ساڵی ١٩٣٤ سکرتێر و جێگری سەرۆکی نوسینی گۆڤاری "دیاریی لاوان" بووە. ساڵی ١٩٧٠ بووە بە جێگری سەرۆکی یەکێتیی نوسەرانی کورد. ساڵی ١٩٧١ بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد. کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ بووە بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. لە ١٩٨٠/١١/١٥ خانەنشینبووە.

مامۆستا شاکر فەتاح سەرباری خزمەتە ئیدارییەکانی بەشێکی زۆری ژیانی بۆ خزمەتی ئەدەب و کولتوور تەرخانکرد و هەر لە سییەکانەوە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە. شاکر فەتاح یەکێکە لە نوسەرە ناسراو و ناودارەکانی گەلی کورد، بەردەوام قەڵەمەکەی بۆ مەبەستی وشیارکردنەوەی میللەتەی خستووەتەکار. یەکێکە لەو نوسەرانەی کە بە هۆی بەرهەمەکانیەوە وایکردووە بچێتە ڕیزی پێشەنگی ئەو نوسەرانەوە، کە بەرهەمیان زۆرە. محەمەد ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و حوسێن حوزنی موکریانی جێپەنجەیان لە سەر کەسێتیی شاکر فەتاح دیارە. هەروەها هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی زۆر کاریانتێکردووە. لە ڕۆژنامەکانی "بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال و بانگی هەق" کاری نوسەر بووە. لە لای پیرەمێرد فێری خوێندن و نوسینی کوردی بووە. وەکو قائیمقام لە شارۆچکەکانی کوردستان خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامە و شانۆگەری و کردنەوەی کتێبخانە بووە، کتێب نزیکترین هاوڕێی بووە.

**” شاکر فەتاح بە هەڵوێستێکی بوێرانە و بە گیان و خوێنی خۆی بەرگری لە گەلی کورد کرد و دژی جینۆسایدی کورد وەستایەوە “**

شاکر فەتاح لە گەلێک بواردا بەرهەمی ئەدەبی هەبووە، لەوانە:

هۆنراوە: زۆربەی هۆنراوەکانی مەبەست بووە لە کۆمەڵایەتی و وەسف/پەسن و نامەی شیعری و وەسفی سروشتی کوردستان و ژن بە شێوەیەکی دیار لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

وتار: وتارەکانی بە زۆری کۆمەڵایەتی بوون و گرنگی بە وتاری ئەدەبی داوە و هەندێک وتاری سیاسیشی نوسیوە.

چیرۆک: لە چیرۆکەکانیدا باسی کێشەی کۆمەڵایەتی و دواکەتنی کۆمەڵگەی کردووە.

چیرۆک بۆ منداڵان: لەم بوارەیشدا جێدەستی دیارە و چیرۆکی بۆ منداڵان نوسیوە.

گەشتنامە: گەلێک گەشتنامەی نوسیوە، وەک: "گەشتی پێنجوێن و گەشتی شارباژێر و گەشتی سرۆچک و گەشتی هەڵەبجە و هەورامان".

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی: لە بەرهەمی شاعیرانی کۆڵیوەتەوە.

وەرگێران: گەلێک کتێبی نوسەرە ناودارەکانی جیهانی وەرگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی.

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی:

•ئاوێنەی ژینم: سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، بەرگی یەکەم.
•سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، بەرگی دووەم.
•سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، بەرگی سێیەم.
•سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح، بەرگی چوارەم.
•سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح، بەرگی پێنجەم.
•سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح، بەرگی شەشەم.
•سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح، بەرگی حەوتەم.
•سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح، بەرگی هەشتەم.

شاکر فەتاح وەک نوسەر و ڕۆژنامەنوسێک لە ڕێی قەڵەمەکەیەوە خزمەتی زۆری کرد و خاوەنی سەدان وتارە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی. وەک نوسەرێکیش ٦٤ پەرتووک و نامیلکەی چاپکراویشی هەیە، کە نوسینی خۆیەتی یان وەریگێڕدراون. شاکر بە هەڵوێستێکی بوێرانە و بە گیان و خوێنی خۆی بەرگری لە گەلی کورد و جینۆسایدی کورد کرد، ئەویش بەوەی کە لە سەروبەندی ئەنفال و لە ١١-١٣ی ئازاری ١٩٨٨ ئەمیندارێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر چەند سیمنارێکی بە ناونیشانی "گەلی کورد لە ویژدانی سەرۆک سەدام حسێندا" ڕێکخستبوو. بەشدارانی ئەو سیمینارە بە شان و باڵای سەدام و دەستکەوتەکانی ڕژێمی بەعسدا بۆ کورد هەڵیاندابوو، بەڵام مامۆستا شاکر فەتاح بە پێچەوانەی ئەوانەوە قسەیکردبوو و بەرگری لە شۆڕش و گەل و نیشتمان و زمانەکەی کردبوو، وتبووی دەبێت حکومەتی عێراق گفتۆگۆ لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان بکات و گەمارۆی سەربازی لە سەر شار و گوندەکان لاببات و بەندەکانی بەیاننامەی ئازار جێبەجێبکات و زمانی کوردی بە پێی ئەو بەیاننامەیە کارابکات. ئەو هەڵوێستە نیشتمانییەی ئامادەبوانی سەرسام و نیگەرانکردبوو، هەر لە تۆڵەی ئەوەدا دەستگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس شەوی ١٨ لە سەر ١٩ی ئازاری ١٩٨٨ لە ماڵەکەی خۆی لە شاری سلێمانی دەستگیریدەکەن و دەیبەن بۆ ئەمنی هەولێر و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ١٩٨٨/٦/٢٧ شەهیدیدەکەن و بە نوسراوێک وەک تێکدەر پێناسەیدەکەن و داوای لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر دەکەن، کە بڕوانامەی وەفاتی بۆ دەربکەن، ئەمنی هەولێر تەرمەکەی ڕادەست بە کەسوکاری ناکەنەوە و تا ئێستا گۆڕونە.

# فەرهەنگی زمانەوانی



# مافی زمانیی
# Language Right

م.ی.عەزیز ڕەووف

زمان لایەنێکی بنچینەیی شوناس و پەیوەندیی مرۆڤە. زمان بە جۆرێک کاردەکات کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوە و هەست و میراتی کولتووریی خۆیان دەربڕن، بەڵام هەموو مرۆڤەکان ئەو ئیمتیازەیان نییە، کە زمانەکەیان بە ئازادی لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا بەکاربهێنن. مافی زمان زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە هەر تاکێک دەتوانێت بە زمانی دڵخوازی خۆی پەیوەندییەکی کاریگەرانە بکات بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی جیاکاری یان دوورخستنەوە ببێتەوە. ئەم مافانە تەنیا تاکەکەسی نین، بەڵکو دەستەجەمعین و بناغەی گشتگیریی کۆمەڵایەتی و دەرفەتی یەکسان و دادپەروەریی زمانی پێکدەهێنن.

یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکان سەبارەت بە مافی زمان ئەوەیە، کە ئایا منداڵان دەتوانن زمانەکەیان بۆ فێربوون بەکاربهێنن؟ پەروەردە ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕێت لە گەشەکردنی مەعریفی و کۆمەڵایەتیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرێک لە منداڵان لە دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایکی بێبەشدەبن. لە زۆرێک لە ناوچەکاندا پێویستە منداڵان بە زمانی دووەم یان سێیەم فێربن، ئەمەیش بەربەست لە بەردەم سەرکەوتنی خوێندنیان دروستدەکات. توانای بەکارهێنانی زمانی زگماکیی مرۆڤ لە قوتابخانە، پەیوەندیکردن لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکان و دەستڕاگەیشتن بە کەرەستەی پەروەردەیی بەو زمانە مافێکی بنەڕەتییە، کە پێویستە ڕێزیلێبگیرێت.

مافی زمان لە چاودێریی تەندروستیدا بە هەمان شێوە گرنگە. کاتێک تاکەکان نەخۆشن، پێویستە بتوانن بە زمانی خۆیان پەیوەندی لەگەڵ پزیشک و پەرستاران بکەن بۆ دڵنیابوون لە دەستنیشانکردن و چارەسەری ورد. توانای خوێندنەوەی ڕەچەتەی پزیشکی، تێگەیشتن لە ڕێنماییە تەندروستییەکان و دەستڕاگەیشتن بە چاودێریی فریاگوزاری بە زمانی مرۆڤ دەتوانێت پرسێکی ژیان و مردن بێت. ڕەتکردنەوەی ئەم مافە دەتوانێت ببێتە هۆی پەیوەندیی هەڵە و دەستنیشانکردنی هەڵە و چاودێریی پزیشکیی ناتەواو، لە کۆتاییدا ژیانی خەڵک دەخاتە مەترسییەوە.

جگە لەوەیش، مافی زمان لە بارودۆخە نائاساییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. لە کاتی کارەساتی سروشتی، وەک ئاگرکەوتنەوە و بوومەلەرزە و لافاودا، مرۆڤەکان پێویستیان بە دەستگەیشتنە بە زانیارییە ڕزگارکەرەکانی ژیان بە زمانێک کە لێیتێدەگەن. سەرەڕای ئەوەیش، توانای پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەفسەرانی پۆلیس، پارێزەران و دەسەڵاتدارانی دیکە بە زمانی مرۆڤ دڵنیاییدەدات لەوەی کە دادپەروەری بە شێوەیەکی دادپەروەرانە خزمەتدەکرێت. بەبێ دەستڕاگەیشتن بە زمانەوانی لەم بوارە چارەنوسسازانەدا، ڕەنگە مرۆڤەکان لە ساتەوەختە گرنگەکاندا بە لاوازی و بێئاگا بمێننەوە.

لایەنێکی دیکەی جەوهەریی مافی زمان، بەشداریی سیاسییە. هاوڵاتیان بە زمانی خۆیان دەستیان بە کەرەستەی دەنگدان و زانیاریی حیزبە سیاسییەکان و سیاسەتەکانی حکومەت بگات. کاتێک حکومەتە هەڵبژێردراوەکان تەنها بە زمانێکی باڵادەست پەیوەندیدەکەن، قسەکەرانی زمانە کەمینەکان لە بەشداریکردن لە گوتاری سیاسیدا بەدەردەکەن. ئەمەیش دەتوانێت ببێتە هۆی نەبوونی نوێنەرایەتی و بەشداریکردن، لە کۆتاییدا پرۆسەی دیموکراسی تێکدەدات. هەروەها مافی دامەزراندن و شوێنی کار لەگەڵ مافی زماندا یەکدەگرێتەوە. زۆرێک لە هەلی کار پێویستیان بە شارەزایی لە زمانێکی باڵادەستدا هەیە، ئەمەیش وایکردووە کە قسەکەرانی زمانە کەمینەکان زەحمەت بێت بۆ دەستەبەرکردنی دامەزراندن. سەرەڕای ئەوەیش، کرێکاران دەبێت مافی ئەوەیان هەبێت کە بە زمانی زگماکیی خۆیان لەگەڵ خاوەنکار و هاوکار و کڕیارەکانیان پەیوەندیبکەن بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی جیاکاری ببنەوە. ڕەتکردنەوەی ئەم مافە پێشکەوتنی پیشەیی و گشتگیریی ئابووری بۆ کەمینە زمانەوانییەکان سنووردار دەکات.

دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە ڕێگەی میدیاوە پێکهاتەیەکی گرنگی مافەکانی زمانە. بوونی زمانی جۆراوجۆر لە تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و ئینتەرنێتدا دڵنیاییدەدات لەوەی تاکەکان ئاگاداری ڕوداوەکانی ئێستا و سیاسەتە گشتییەکان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان بن. ڕۆژنامەنوسان و دەستگاکانی ڕاگەیاندن پێویستە هەمەجۆریی زمانەوانی لەباوەشبگرن بۆ پەرەپێدانی گشتگیری و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە نێوان هەموو کۆمەڵگە زمانەوانییەکان. هەروەها ڕێزگرتن لە مافی زمان بە واتای پاراستنی قسەکەران لە هەڵاواردن و پێشوەختەی زمانەوانی. بە داخەوە، زۆرێک لە قسەکەرانی زمانە کەمینەکان تەنها لەبەرئەوەی زمانەکەیان بە شانازی نازانرێت ڕووبەڕووی سووکایەتی و بێبەها و دوورخستنەوە دەبنەوە. هەرگیز نابێت زمان ببێتە بەربەست لە بەردەم مامەڵەی یەکسان و هەموو تاکەکان بتوانن بە سەلامەتی لە فەزای گشتیدا بە زمانی خۆیان قسەبکەن بەبێ ترس لە حوکمدان و جیاکاری.

> ” هەموو مرۆڤەکان ئەو ئیمتیازەیان نییە، کە زمانەکەیان بە ئازادی لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا بەکاربهێنن “

جگە لەوەیش، تاکەکان دەبێت ئازادییان هەبێت زمانەکەیان بگوازنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەبێ ئەوەی خەمی دەرفەتەکانی منداڵەکانیان بن. زۆرێک لە دایک و باوکان ترسیان لەوە هەیە کە فێرکردنی زمانی زگماکیی خۆیان منداڵەکانیان لە کۆمەڵگەی فراوانتردا زیانیانپێبگەیەنێت، بەڵام فرەچەشنیی زمانی سەرمایەیە و پێویستە منداڵان هانبدرێن، کە زمانە میراتییەکانی خۆیان لەباوەشبگرن و لە هەمان کاتدا زمانی دیکەیش بە پێی پێویست بەدەستبهێنن.

ئەگەر کەسێک وەڵامی "بەڵێ" بداتەوە بۆ کۆی پرسیارەکان لە مەڕ مافی زمان، ئەوا مافەکانی زمانەکەی دەپارێزرێت. بە داخەوە، ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا لەم مافانە بەهرەمەند نین. دادپەروەریی زمانی تەنیا کاتێک بەدیدێت، کە مافەکانی زمان لە ڕێگەی چوارچێوە یاساییەکانەوە بناسرێن و بپارێزرێن و جێبەجێبکرێن. تەنانەت لەو حاڵەتانەی کە مافەکانی زمان بە ئاشکرا لە یاسادا دانپێدانانیان پێنەدراوە، وەک بەشێکی چارەنوسساز لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەمێننەوە، تاکەکان بەهێزدەکەن بۆ داکۆکیکردن لە ئازادییە زمانییەکانیان.

زۆر جار دامەزراوەکان لە بەرزڕاگرتنی مافەکانی زماندا شکستدەهێنن، ئەمەیش پێویستی بە دەستتێوەردان هەیە. ڕێکخراوەکانی وەک دامەزراوەی دادپەروەریی زمان (LJF) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە داکۆکیکردن لە مافە زمانەوانییەکان، پشتیوانیکردن لە پەروەردەی فرەزمانی، ئەنجامدانی توێژینەوە و پێشکەشکردنی هاوکاریی پسپۆڕان. ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە یارمەتیدەرن بۆ چارەسەرکردنی پێشێلکارییەکان و پێشخستنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر، کە هەموو زمانەکان بەهایانپێبدرێت و پارێزراو بن.

> **” توانای بەکارهێنانی زمانی زگماکی مرۆڤ لە قوتابخانە، پەیوەندییکردن لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکان و دەستڕاگەیشتن بە کەرەستەی پەروەردەیی بەو زمانەوە مافێکی بنەڕەتییە، کە پێویستە ڕێزیلێبگیرێت “**

لە کۆتاییدا، مافی زمان بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کەرامەتی مرۆڤ زۆر پێویستە. چ لە بواری پەروەردە، چ لە بواری تەندروستی، چ لە خزمەتگوزارییە فریاگوزارییەکان، چ لە سیاسەت، چ لە شوێنی کار، یان لە میدیادا، دەبێت دەستڕاگەیشتن بە زمان بۆ هەموان گەرەنتیبکرێت. بەرزڕاگرتنی مافەکانی زمان پەرە بە گشتگیری و بەهێزکردن دەدات، کۆمەڵگەیەک دروستدەکات، کە تاکەکان بتوانن بە تەواوی بەشداری تێدا بکەن بەبێ ئەوەی زمان ببێتە بەربەست. حکومەتەکان، دامەزراوەکان و کۆمەڵگەکان دەبێت پێکەوە کاربکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مافەکانی زمان ڕێزیانلێدەگیرێت، فرەچەشنیی زمانی وەک پێکهاتەیەکی گرنگی مافەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەوپێشببەن.

---

**سەرچاوە:**

Hinton, L. (2023). Language Revitalization and Technology. Routledge.

# تەوەری ژمارەی داهاتوو

## تەوەری ژمارەی داهاتوو

### زمانی کوردی؛ وەک زمانی یاسادانان و دادوەری

گۆڤاری زمانەوانی لە ژمارەی داهاتوودا، تەوەرێکی گرنگ و پێویست دەکاتەوە، کە بریتییە لە «زمانی کوردی؛ وەک زمانی یاسادانان و دادوەری» لەم سۆنگەیەشەوە پێشوازی لە توێژینەوە و نوسینی پسپۆڕانی زمان و توێژەرانی یاسایی دەکات، ئێمە بە جەختکردنەوەمان لەسەر پابەندبوون بە بنەمای کاری ئەکادیمی، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە:

- بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە داڕشتنی یاسا و دادبینیی و بڕیارە دادوەرییەکاندا چەندە دەتوانێت گەیشتن بە دادپەروەری بۆ هاونیشتیمانییان ئاسان بکات و متمانەی کۆمەڵگە بە سیستەمی یاسایی زیاد بکات؟
- چۆن بتوانرێت زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی لەسەر ئاستی عێراقی فیدراڵی بکەینە زمانی یاسادانان و زمانی دادبینیی؟
- ئاڵنگارییە تەکنیکی و کلتوری و زمانەوانییەکان لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەڵگەنامە یاساییەکاندا چین، و چۆن دەتوانرێت چارەسەر بکرێن؟
- ئایا بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بڕیارە یاساییەکاندا دەتوانێت لە پاراستنی ناسنامەی کوردی و بەهێزهێشتنەوەی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی یارمەتیدەر بێت؟
- چۆن دەتوانرێت زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ نووسینەوەی یاساکان و بڕیارە دادوەرییەکان پەرەپێبدرێت، بەجۆرێك هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی تێیدا بەشداری پێبکرێت لە دۆزینەوەی چەمك و زاراوە یاساییەکاندا؟
- بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی یاسادانان و دادوەریی، پێداویستییە یاسایی و ئەکادیمییەکان کامانەن، و کاریگەری ئەم پرۆسەیە لەسەر پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە یاساییەکان و کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبێت؟

داواکارین لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بەڕێز کە توێژینەوە و نوسینەکانیان لەسەر ئەو تەوەرانەی ئاماژەیان پێکراوە تا ڕێکەوتی ١ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ بنێرن بۆ گۆڤاری زمانەوانی.

- **ژمارەی داهاتووی گۆڤاری زمانەوانی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی یاسای زانکۆی جیهان سلێمانی بڵاودەبێتەوە.**

# گۆڤاری زمانەوانی

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

گۆڤارێکی وەرزی، ئەکادیمی و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

**ڕێنمایی نووسین و وەرگێران**

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ

گۆڤاری زمانەوانی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

### ٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

### کتێب

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).
نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نموونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی

نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).

رۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks ", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە رێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی ئامادەکاری دیدار) لەگەڵ ئەو کەسەی دیدارەکەی لەگەڵ کراوە، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

## ٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

زانکۆی جیهان-سلێمانی
دەزگای زمانەوانیی کوردی

# وەرزنامەی
# زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان وەرزانە دەریدەکات.

ژمارە ( ٧ ) ساڵی دووەم، زستانی ٢٠٢٥